# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە

سالی دووەم، ژمارە ( 25 ) 1/4/2017 | بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێكدا دەرئەچێت


## بۆپێشەوە، بەوێنەی مینبەرێکی ڕاستگۆ و سازشهەڵنەگر لەپێناو دنیایەکی باشتردا پێی نایە ساڵی دووەمەوە... ل3

# ڕێکخراوبوون مەرجێکی سەرەکی، سەرکەوتنی بزوتنەوەی نارەزایەتی کرێکاریی و جەماوەری بێبەشی کوردستانە!

لە ٢٥ ئازارەوە، شەپۆلێکی تری نارەزایەتی کرێکاران و کارمەندانی تەندروستی، مامۆستایان و فەرمانبەرانی پەروەردە، کرێکاران و کارمەندانی کارەبا و زۆرێک لە توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگە، لەپێناو وەرگرتنی موچە لەکاتی خۆی و هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی پاشەکەوتی موچە دەستی پێکردەوە. نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی ئەمجارە بەشێوەی کۆبونەوە، خۆپیشاندان و مانگرتن و بایکۆت، چادر هەڵدان، بەڕیوەدەچێت و هاوکات بۆیەکەمین جارە خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکان تەواوی شارە سەرەکیەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک و شارو شارۆچکەکانی تری گرتۆتەوە...

ماوەی سێ ساڵە سیستەمی پاشەکەوتی موچە و نەدانی ئەو موچەیەش لەکاتی خۆیدا، دەستی ناوەتە بینەقاقای فەرمانبەران و مامۆستایان و کارمەندان. لەماوەی ئەو سێ ساڵەشدا، چەندین جار خۆپیشاندان و مانگرتن و بایکۆت و نارەزایەتی بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی پاشەکەوتی موچە و وەرگرتنی موچە لەکاتی خۆیدا، لە شارەکانی کوردستان بەتایبەتیش لە زۆنی سەوزدا وەرێخروە... بەڵام دەسەڵاتی سیاسی گوێی خۆی لە داخوازی رەوای خۆپیشاندەران خەواندووەو خۆپیشاندانەکانیش بە ئامانجی خۆیان نەگەیشتون.

درێژەکێشانی ئەو دۆخە نەخوازاوە لەگەڵ ئەوەدا، پاساوەکانی دواکەوتنی موچەو هێنانی سیستەمی پاشەکەوتی موچە، کۆتاییان پێ هاتووە کەچی دەسەڵات ئامادە نییە دەست لە بینەقاقای موچەخۆران و کرێکارن و بێ بەشانی کۆمەڵگە هەڵبگرێت... پاساوی داسەپاندنی سیستەمی پاشەوکەوتی وموچە و دواخستنی موچە ئەوە بوو، کە بەغدا پارە نانێرێت، جەنگی داعش هەیە، نرخی نەوت دابەزیوەوە، ژمارەیەکی زۆر ئاوارە روویان لە کوردستان کردووە، لە ئێستادا لە کاتێکدا بەغدا بەشێکی موچە دەنێرێت، نرخی نەوت دوو بەرابەر بووەو بەرزبۆتەوە، جەنگی داعش کۆتایی هاتووە، بەشێکی زۆری ئاوارەکانی دەرەوەی هەرێم گەراونەتەوە، هەرێم خۆی نەوت دەفرۆشێت، لەگەڵ داسەپاندنی جۆرەها باج و رسومات و داهاتی تری ناوخۆیی... کەچی ئەم دۆخە بەردەوامەو دەسەڵات دەست لە سیستەمی پاشەکەوتی موچە بەتەواوەتی هەڵناگرێت و موچە دوادەخات.. ئەوە لەکاتیکدایە بەهەموو پێوانەیەک پارەی بەغداو داهاتی فرۆشی نەوتی کوردستان و داهاتەکانی تر، بە زیادەوە بەشی موچەو خزمەتگوزارییەکان دەکات، کەچی دیسان ئامادەنین مل بدەن و سیستەمی پاشەکەوتی موچە بە تەواوەتی هەڵبوەشێنەوەو نانی دزراوی سەر سفرەی مامۆستایان و کارمەندان، بگێرنەوە. بۆیە جارێکی تر و بە گوڕو تەوژمێکی زیاترو بە شێوەی سەراسەری تر هاتونەتە مەیدان و سنورەکانی قەڵەمرەوی زونەکانیان هەڵوەشاندووە...

بەڵی فەرمانبەران لەزاخۆوە بۆ خانەقین داوای مافە رەوا و موچە زەوتکراوەکانیان دەکەن...

بێگومان هاتنە مەیدانی ئەمجارە، بە گوڕو تینێکی زیاتر و بە شێوەیەکی سەراسەری تر، ئاڵوگۆرێکی گرنگە کەبەسەر خۆپیشاندانەکاندا و نارەزایەتیەکاندا هاتووە، بەڵام هێشتا لاوازییەکی سەرەکی هەیە، کەوای کردووە، ئەم خۆپیشاندانە فراوان و جەماوەریی و رەوایە، نەبێتە گوشارێکی یەکلاکەرەوە بۆ سەرکەوتن و بەدیهینانی ئامانجەکانی... ئەویش نارێکخراوبوونە...

رێکخراو نەبوونی کرێکاران و کارمەندان، موچەخۆران و فەرمانبەران... لە بەشەکانی خۆیاندا، لاوازییەکە کە پێویستە بەزووی لەلایەن ڕابەران و بەڕێوەبەرانی خۆپیشاندان و مانگرتن و بایکۆت و کۆبونەوەکان، لە شوێنی کاریان و ناوەندەکانیاندا دەستی بۆ ببرێت... کرێکارانی کێڵگە نەوتییەکان، کارخانە و کارگەکان، و کارمەندانی تەندروستی، پەروەردە، کارەبا... تاد، پێویست بەوە دەکات دەست ببەن بۆ پیکهێنانی رێکخراوەی سەربەخۆی خۆیان، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش، بێ گویدانە ناسنامەی حزبی و بیروباوەر و ئینتیمانی جیاوازیان...

بۆرژوازی حزبەکانی لە هەموو بەشەکانی ناوکۆمەڵگەدا و رێکخراوەی خۆیان هەیە... یەکێتی و سەندیکای کرێکارانیان هەیە، رێکخراو و یەکێتی مامۆستایان و کارمەندان، ریکخراوەی ژنان و ئافرەتان و خانمان و لاوان و قوتابیان و خوێندکاران و هونەرمەندان و چی و چیان هەیە، کە ئامانجیان خزمەتکردنی بەرژەوەندی حزب و پاراستنی دەسەڵاتی حزبی و بۆ بەلارێدابردنی خواستی رەوای کرێکاران و کارمەندان و فەرمانبەران و توێژە بێبەشەکانە... لەبەرامبەردا کارگەو کارخانەکان، مامۆستایان، کرێکاران و کارمەندانی تەندروستی، فەرمانبەران، ناوەندی کارەبا، ژنان و لاوان، خوێندکاران... تاد، لە ڕیکخراوەی سەربەخۆی خۆیان بێبەشن تا بەرگری لە ماف و داخوازییەکانی خۆیان بکەن و بەشێوەی رێکخراو ئامانجدارانە رووبەرووی نەخشەو پلان و زیدەرۆیەکانی بۆرژوازی و حزبەکانی ببنەوە...

بۆیە پێویست و زۆر پێویستە هەرچی زووە، کرێکاران و کارمەندان، مامۆستایان و فەرمانبەران، خوێندکاران و لاوان و ژنان، هونەرمەندان و... لە شوێنی کارو ناوەندەکانی کارو پیشەکانیاندا، ریکخراوەی سەربەخۆ و سەراسەری و پیشەیی خۆیان دابمەزرێنن.. ئەوە کاری رابەران و هەڵسوراوانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و... رابەرانی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەرییە، کە

بۆ لاپەرە ٢



لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


*ئێوە چیتان کرد؟................................... ل3
*ڕێکخراوبوونمان زەمانەتی بەدەستهێنانی ...... ل4
*دیمانە سەبارەت بەرگری شوراکان و............ ل5
*بەشێک لە خوێنەران بۆ بۆپێشەوە دەدوێن ......ل8
*لەگۆشەیەکی ترەوە...................... ل9
*چەند سەرنجێکی کورت سەبارەت بە کتێبی
مەلەکردن پێچەوانەی شەپۆل....................... ل11
* ئیتر بەسە با ئەو سیستەمە چەوسێنەرە.........ل12
* هەواڵی نارەزایەتییە کرێکاریی و ..............ل13




## نەوال سەعداوی
## جەنگاوەرێک بۆ مرۆڤایەتی..ل5

## بارودۆخی نالەباری ژنان لە هەرێمی کوردستان... ل10

## بە هەرەشەو سەرکوت، بزووتنەوەی نارەزایەتی ڕەوای خەڵکی کوردستان کپ ناکرێت! ل2

## خێرو بێری فیدرالیزم لە پەیوەند بە ناردنی موچە لە بەغداوە...ل4

## کۆڕەو لە دیدگایەکی ترەوە...ل6

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە



# درێژەی... وتەی ژمارە

هەرچی زووە دەست بۆ دروستکردنی ڕێکخراوەکانیان ببەن و ئەو لاوازییە لە گەردنی خۆیان بکەنەوە. کۆبونەوە گشتییەکان، لەشوێنی کارو پیشەکانیان، باشترین سەکۆ و شوێنە، بۆئەوەی بە ئازادانەی نوینەرانی خۆیان هەڵبژێرن و هاوکات ڕێکخراوەی جەماوەری تایبەت بەخۆیان پێک بهێنن. ڕێکخراوێک کە ببێتە چوارچیوەی یەککگرتووبوون و ڕێکخراوبوون و ئاسۆدارکردنی تیکۆشان و خەبات و بزوتنەوە نارەزایەتیەکانیان و ڕێگەگرتن لەوەی کادرانی حزبی و دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی خۆیان، ڕێکخراوە بەناو جەماوەییەکانیان و لەراستیدا حزبیەکانیان، بۆ پاراستنی دەسەڵات و بەرژوەندی چینەدارکانیان، لەبەرامبەر بە ویست و بەژەوەندیەکانی چینی کرێکارو کارمەندان و موچەخۆران و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگەدا، بەکاربهێنن...

کرێکاران و کارمەندانی ڕێکخراو، توانایی و هێز و کاریگەری دەیان بەرابەری ناڕێکخراوبوونیان و پەرش و بڵاوبوونیانە...بوونی نەخشە و پلانی دارێژراوی ڕێکخراو، کاریگەری چەند بەرابەری پلان و نەخشەی ناڕێکخراوە... ڕۆڵی جوڵانەوە و خۆپیشاندان و مانگرتن و بایکۆتی ئامانجدار، کاریگەری چەندین بەرابەری جوڵانەوەی کاتی و خۆرسک و خود بەخودە... بوونی ڕیکخراوەی جەماوەریی و پیشەیی و هەمیشەیی و پایەدار لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندییە هاوبەش و خواست و داواو مافە هاوبەشەکان، زەمانەتی ئامادەیی هەمیشەییە بۆ وەڵامدانەوەی بە هێرشی بەردەوامی بۆرژوازی و خاوەن کارەکان و دەسەڵات، و ئامرازێکی کاریگەرەشە بۆ پوچەڵکردنەوەی پلان و نەخشە قازانج پەرست و بێ سنورەکانی دەسەڵات و خاوەنکارەکان...

حزبە بۆرژوازییەکان و دەسەڵاتی بۆرژوازی باش لە کاریگەری ڕێکخروابوونی کرێکاران و کارمەندان و فەرمانبەران و توێژە بێبەشەکان دەترسن، هەر بۆیە یەکێک لە چەکەکانی دەستیان، ریگرتن و وەستانەوەیە بەروی ڕێکخراوبوون و چاندنی تۆویی دوبەرەکییە. لەدڵی بزوتنەوە نارەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکان و لەناوجەرگەی هاتنەمەیدانی ئێستای کارمەندان و مامۆستایان و فەرمانبەران و بزوتنەوەی جەماوەریدا، دەستبردن بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوەکان زۆر ئاسانتر و لەبەردەستدا ترە... پێویستە کۆبونەوەکانی ناوەندەکانی کارو، ناوەندە خەدەمیەکان، کۆبونەوەی مامۆستایان و فەرمانبەران، کارمەندان... بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی پاشەکەوتی و تەواوەتی موچەو دانی موچەکان لە کاتی خۆیدا بێ ئەمماو ئەگەر... هاوکات دەبێ بکرێنە شوێنی بیرو ڕاگۆرینەو و چ کردن و چۆن هەنگاو نان بۆ دروستکردنی ڕیکخراوەی تایبەت بە خۆیان.

ئەوەی کەوا دەکات دەسەڵات و حزبە بۆرژوازیەکان و خاوەنکار و کۆمپانیاکان بەسەر ئیرادەی چینی کرێکار و کارمەندان و توێژە بێبەشەکاندا زاڵ بن و مافەکانیان پایماڵ بکەن... یان خۆیان بە بزوینەوەی نارەزایەتی و مانگرتن و خۆپیشاندانەکاندا هەڵبواسن و بەلارێدا بەن و لە ئامانجەکانی دوری بخەنەوە، ناڕێکخراو بوونە.

خۆهەڵواسینی ئۆپۆزیسیۆنی بودەڵەی بۆرژوازی کورد بە گۆران و ئیسلامیەکانەوە، لە نەوەی نوێی شاسوار عەبدولواحیدی سەرە دزو گەندەڵەوە، تا دەگات قەوارەی دادپەروەری و دیموکراسی بەرهەم ساڵح کە خۆی دوو دەورە سەرۆکی حکومەت و جێگری سکرتیری حزبی زۆنێکی کوردستان بووە و بەرپرسی ئەو دۆخەیە، تادەگات بەو ئەندام پەرلەمان و بەرپرسە تەسەلانەی موچەکانیان، و دنیای ژیانیان، تەواو جیایە لە دنیای کارمەندان و فەرمانبەران.. تا دەگاتە ریزی مەلا بەلاشخۆرەکان ئەو ئەندام پەرلەمان و بەرپرسە حزبی و حکومیانە، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پەرش و بڵاوی و بە ناڕێکخراوبوونەوە هەیە...

بۆرژوازی کورد و ئۆپۆزیسیۆنە بودەڵەکەی، مەلای بەلاشخۆری مێشک مۆمیاکراو و کۆنەپەرست، خێڵی گواستنەوەی نوێژی سیاسی ئیخوانی بۆ کوردستان، ئەندام پەرلەمانە خۆش بژیوە بێکارەکان، بەرپرسە حزبی و حکومییە ژیان فیرعەونییەکان، بەمەبەستی دیایکراو خۆیان خزاندۆتە ناو ریزی برسییەکان و بێبەشانەوە، لەلایەکەوە بۆ ئەوەی سواری شەپۆلی نارەزایەتیە جەماوەریەکان ببن و نەفرەت و تورەیی جەماوەری وەکو سەرمایەی سیاسی لەبەرامبەر دەسەڵاتدا بەدەستەوە بگرن و لەلایەکی تریشەوە وەکو کەمپەینێکی پێش وەختەی هەڵبژاردنەکان، بەکاری دەهێنن تا تورەیی و نارەزایەتی جەماوەری بکەنە پاشەکەوت بۆ دەنگ هێنانی داهاتوویان... ئەمەش پەیوەندی بە ناڕێکخراوبوونەوە هەیە... بۆیە بەسادەی دەتوانین بڵێین، تەنانەت ئەگەر لە ژێر گوشاری خۆپیشاندانە سەراسەریەکانی ئێستادا، دەسەڵات دەستکاری سیستەمی پاشەکەوتی موچەش بکات، دیسان پێداگری لەسەر ڕێکخراوبوون و یەکگرتووبوون، زامنی سەرکەوتنی هەموو بزوتنەوەیەکی نارەزایەتی کرێکاریی و جەماوەری و توێژە بێبەشەکانە... هێرشی بۆرژوازی بۆسەر چینی کرێکار و کارمەندان و توێژە بێبەشەکان، هێرشێکی ڕێکخراو و بەردەوامە لە پێناو قازانج و مژینی شیلەی بەرهەمهینەران وچەرخێنەری واقعی کۆمەڵگەیە... با ڕێکخراوبین و بارێکخراوبین و ڕێکخراوبین... هێزی چینی کرێکارو سەرکەوتنی هەر بزوتنەوەیەکی شۆرشگێرانەو جەماوەری یەکێک لە مەرجە سەرکیەکانی لە گرەوەی یەکگرتووبوون ڕێکخراوبووندایە... وە کاریگەرترین شوینێش کە مانگرتن و بایکۆت و خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانی تیادا ببرێتە پێش شوینی کار و کارگە و کارخانەو ناوەندەکانە... بۆرژوازی هێندەی لە مانگرتن و راگرتنی شادەمارەکانی بەرهەم هێنان دەترسێت لە شوێنی کاردا، هێندە لە کۆبونەوەو خۆپیشاندان و چادرهەڵدانی شوێنە گشتیەکان... ناترسێت. هەموو ئەمانە پێداویستی ڕێکخراوبوون، دەکەنە پێداویستیەکی سەرەکی، کە مەرجێکی سەرەکی سەرکەوتنی مانگرتن و بایکۆت و خۆپیشاندانەکان و نارەزایەتییە جەماوەرییەکانی کوردستانە.

# به هەرەشەو سەرکوت، بزووتنەوەی نارەزایەتی ڕەوای خەڵکی کوردستان کپ ناکرێت!

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا، خۆپیێشاندان و نارەزایەتی بەشێکی زۆر لە چین و توێژە بێبەشەکانی کوردستان، بە دژی سیستەمی پاشەکەوتی موچەو دانی موچەکان لە کاتی خۆیدا دەستی پێکرد... دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، لە جیاتی وەڵامدانەوە بەخواستی رەوا و سادەی خۆپیشاندەران،










هێزێکی زۆری لە شارەکان بە ئاشکراو بە نهێنی بڵاوپێکردووە، جاسوس و موچەخۆرەکانی ناردۆتە ناو خۆپیشاندەرانەوە، بەڵتەجیەکانی بەرداوەتە گیانی بەشداربووان و رابەران و هەڵسوراوانی خۆپیشاندانەکان و گیانی ڕۆژنامەنووس و ئازادیخوازان، بەتایبەتیش لە زۆنی زەرددا، لەو ماوەیەدا بە دەیان کەس دەستبەسەر و زیندانی کراون، بەدیان کەس ئازار دراون و راونراون، بە دەیان کەس ناچار بە خۆشاردنەوە کراون... لەو بارەیەوە سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکی لە ڕۆژنامەنووسان لە راگەیندراوێکدا، ئاماژە بە ٧٨ پێشێلکاری بەرامبەر بە ٤٨ ڕۆژنامەنووس دەکات... بەم جۆرەی خوارەوە:

دەستگیر کردن بەبێ بڕیاری دادوەر: 9
دەستگیر کردن بەبڕیاری دادوەر: 1
ڕێگری: 38
هێرش و لێدان: 10
زەوتکردنی کەلوپەلی ڕۆژنامەنووسی: 12
داخستنی کەناڵ: 1
سوکایەتی: 7



هاوکات ئەمنستی ئینتەرناسیۆنال، ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی (ئەمنستی ئینتەرناسیۆنال) ڕایگەیاندووە: کەهێزە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان ئازادیی ڕادەربڕین پێشێل دەکەن و توندوتیژی لە بەرانبەر خۆپیشاندەران بەکاردەهێنن و سوکایەتییان پێدەکەن.

لین مەعلووف، بەڕێوەبەری توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی ڕایگەیاند: لە چاوپێکەوتنی خۆپیشاندەران و ڕۆژنامەواناندا ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە کە هێزە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان، توندوتیژیی جەستەیی، تانە و تەشەر و جنێویان لە خۆپیشاندانەکاندا بەرانبەر خۆپیشاندەران و ڕۆژنامەوانان بەکارهێناوە.

لین ئاشکرای کرد، چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ژمارەیەک مامۆستا و ڕۆژنامەواندا کردووە و بۆیان دەرکەوتووە کە هێزە ئەمنییەکانی هەولێر و دهۆک بە جلی مەدەنییەوە، بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندانی ئاشتیانەی هاووڵاتیان، توندوتیژییان بەکارهێناوە. ناوبراو ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، سوکایەتی بەو مامۆستا و ڕۆژنامەوانانە کراوە، کە ویستوویانە بە مۆبایلەکانیان وێنەی پێشێلکارییەکان تۆمار بکەن.

دەسەڵاتی تاڵانچی و مافیایی موچە دزی بزوتنەوەی کوردایەتی، هێشتا نایەنەوێت لەوە تێبگەن کە بە سەرکوت و زیندانی کردن و ترساندن و ملیتاریزەکردنی شارەکان نەک ناتوانن تاسەر درێژە بە دەسەڵاتی رەشیان بدەن، بەڵکو بەو رەفتارە سەرکوتگەرانەیان خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان تورەتر و سورتر لەسەر مافەکانیان ومەرگی دەسەڵاتدارێتی خۆشیان نزیکتر دەکەنەوە...

# بۆپێشەوە، بەوێنەی مینبەرێکی ڕاستگۆ و سازشهەڵنەگر لەپێناو دنیایەکی باشتردا پێی نایە ساڵی دووەمەوە

ئەمرۆ ١ نیسان، بەرۆژی درۆ ناسراوە...بەلآم ئێمە راستگۆیانە دەڵێن ئەمرۆ ساڵێکی تەواو بەسەر دەرچوونی یەکەم ژمارەی بۆپێشەودا تێپەردەبێت. لەماوەی سالێ رابردودا وەکو بەڵێنمان دابوو بۆپێشەوە هەر ١٥ رۆژ جارێک لەکاتی خۆیدا بەشێوەی رێک و پێک دەرچووە، هەروەها جگە لەو ژمارە ئاساییانە، چەندین ژمارەی تایبەت و پاشکۆش بلآوکراوەتەوە کە تایبەت بووە بە روداو و بۆنەی تایبەتی، تا بۆپێشەوە لە ئەرکە راگەیەنراوەکانی خۆی دوانەکەوێت... هەروەها بۆپێشەوە بەتەواوەتی پەیرەوی لە مەوازینی راگەیەندراوی بلآوکراوەکە کردووە، دەرگاشی والآ بوو بۆ هەموو قەڵەمە چەپ و کۆمۆنیستەکان، بێ جیاوازی.

لەماوەی سالێ رابردوودا، وەکو بەڵێنمان دابوو، هەولمان داوە بۆپێشەوە، وەکو بلآوکراوەیەکی سیاسی سۆسیالیستی، لەراستای ئامادەکردنی چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێشدا بۆ شۆڕشی کۆمەلآیەتی و ئالوگۆرهێنان بەسەر ئەم دنیا سەروخوارەو بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و بەرابەر و تەسەلدا، رۆڵی خۆ بگێرێت...

لە سالێ رابردوودا بۆپێشەوە بە وێنەی مینبەری رابەرانی کرێکارانی سۆسیالیست، چەپ و کۆمۆنیستەکان، رابەرانی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری، ژنانی تورە لە ستەم و بێمافی و پیاوسالاری و هەڵسوراوانی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، و هەموو ئەو ئینسانانەی دڵیان، بۆ ئازادی و یەکسانی و دەسەلآتی پشتبەستوی جەماوەری لێدەدات... دەرگای ئاوەلآ بوو... وە دەتوانین بڵێن تاکە میدیا و بلآوکراوەی چەپ و کۆمۆنیستی کۆمەڵگەی کوردستان بوو کە وەکو سەکۆیەکی لێبراو سازشهەڵنەگر، لەدژی بیروباوەری زاڵی کۆمەڵگە بە تایبەتی ناسیۆنالیزم و ئیسلامی راوەستا، هاوکات هێندەی توانی چووە بەرامبەرکێی هەمەلایەنە لەگەڵ ئەفکار و سیاسەت و نەخشەی حزب و بزووتنەوە بۆرژوازیەکانی کوردستان و نووسەران و میدیای گوێ لەمستیان. وە هەوڵی بێدرێغی خستەگەر کە بیروباوەری زاڵ، کە بیروباوەری چینی دەسەلآتداری کوردستانە، بەر رەخنە بدات لە جێگایدا روانگەی ئینساندۆستی و ژیان دۆستی و نەخشە و رێگاو مەیدانەکانی تێکۆشان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی شایستەی ئینسانی، بخاتە روو.

بۆپێشەوە لەگەڵ ئەوەدا لە کەنار رابەرانی کرێکاری و سوسیالیستیدا، لە پێناو باشترکردنی هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی کریکاراندا راوەستا، هاوکاتیش لە راستای بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی خالێ لەستەم و چەوساندنەوە و هەلآوارن و بێمافییدا، پەیگیرانە تێکۆشا...

ئیستا دوای سالێک بەسەر تیپەربوونی یەکەمین ژمارەیدا، دوبارە بەلێن دەدەین، کە بۆپێشەوە بە گروتینێکی زیاترە بەردەوام بێت. هەموو هەولێ خۆمان دەخەینە گەر تا وەکو مینبەری چینی کرێکار و بەرەی یەکسانیخوازی و بەرابەریخوازی و ئینساندۆستی و ئازادیخوازی کوردستان،..بیکەینە سەکۆیەک بۆ بەرامبەرکێی هەمەلایەنەی فکری و سیاسی و کۆمەلآیەتی فەرهەنگی، بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی سیستیماتیک و هەمەلایەنەی بۆرژوازی و بزووتنەوە هەمەرەنگەکانی بۆ سەرچینی کرێکار و خەڵکی نەدار... بۆپیشەوە چ بە وێنەی بلآوکراوەیەکی کۆمۆنیستی بەمەبەسستی وەلآمدانەوە بەراگەیاندنی فریوکارانەو پیشەسازی فکر و چ بە مەبەستی ئاسۆدارکردنی خەبات و نارەزایەتی چینی کرێکار و بزوتنەوە کۆمەلآیەتییە پێشکەوتنخوازەکان، بە ئاسۆی رزگاری بەخشی کۆمۆنیستیەوە، بەردەوام دەبێت. بۆپێشەوە هەوڵدەدات لە هەمان کاتدا ئامرازێکی سازدەری چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش بێت، کۆمەک بکات بە پەرەپێدانی رەوتی رێکخراوبوونی جەماوەری ئەم چینە و بردنەسەری ئاستی تەحەزوبی کۆمۆنیستی کرێکاران و هەڵسوراوانی کۆمۆنیست...

ستاف و هاوکارەکانی بۆپێشەوە بەلێن دەدەن، کە بۆپێشەوە وەکو هەمیشە سەکۆیەکی راستگۆ و دەنگێکی بوێری بزوتنەوە کۆمەلآیەتیە رزگاری بەخش و ئینسانیەکان و سەکۆیەکی راستەقینەی بەیانی نارەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان، بەدژی دەسەلآتی تالآنچی و مافیایی بۆرژوازی کوردی و حزب و هێزو رەوتەکانیدا. بێت. دەنگێک دەبێت بۆ بەرگری لەخواست و مافەکانی سەرجەم بزوتنەوە کۆمەلآیەتیەکانی، وەک و کرێکاران و ژنان و لاوان و سەرجەم توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگەی کوردستان. وە بەوینەی دەنگێکی سازش هەڵنەگر، بەرامبەر بە کۆنەپەرستی ئیسلامی و کەلتوری کۆنەپەرستانەی پیاوسالاری و ناموس پەرستی... رادەوستێت..

بۆپێشەوە، پەرەدان بە بیروباوەری مارکسیستی و کۆمۆنیستی، وەکو رەخنەی لێبراو سازشهەلنەگر لە نیزامی سەرمایەداری و گشت و ستەم و نابەرابەریەکانی، بە ئەرکی سەرەکی خۆی دەزانێت... هەوڵ دەدات ئەم لایەنەی بەهێزتر بکات...

بێگومان بەردەوام بوونی بلآوکراوەی بۆپیشەوە، لە هەلومەرجی ئێستای کوردستاندا، لە کاتێکدا بۆرژوازی و حزب و هێزەکانی بە ناوی جیاجایی حزبی و ناحزبی، سەربەخۆ و سێبەر و ئەهلی، پاوانی سەرجەم میدیای نوسراو بینراو بیستراو، سەرجەم ناوەندەکان و کایەکانی میدیاییان بەهۆی سەرەوت و سامان و دەسەلآتەکەیانەوە، کردووە، تا ئیدەو بیروباوەری دواکەوتوانەو دژی ئینسانی بلآوبکەنەوە. تا سەرەوخواربوونی کۆمەڵگا، بشارنەوە. تا لەچوارچیوەی پاراستنی دەسەلآتی بۆرژوازی کوردا، بانگەشەی دەسەلآتی خەڵک و ئازادی و چاکسازی و دیموکراسی و وەهمی باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵک و دابینکردنی ئازادییە سیاسی و مافە فەردی و مەدەنییەکان و ئایندەی سیاسی کورستان لە ژێرِ سایەیاندا، بانگەواز بکەن، گرنگی چینایەتی لە رادەبەدەری هەیە.

لە چەند دێردا... بۆپیشەوە، بەوێنەی زمانی تیژ و پاراو و سازشهەڵنەگری کۆمۆنیستی، بە وێنەی سەکۆی نارەزایەتی سۆسیالیستی و پێشکەوتنخوازی، وەکو مینبەری رۆشنکەرەوەی رەوتی خەباتی رەوای چینی کرێکارو بزوتنەوە رادیکاڵ و ئینسانیەکان، رۆڵی خۆ دەگێریت.

بۆئەوەی بۆپێشەوە لە راستای جێبەجێکردنی ئەو ئەرک وپەیامە، گەورەو ئینسانیەدا، سەرکەوتوبێت... پێویستی بە هاوکاری بەردەوامی کۆمۆنیستەکان و تەواوی بەرەی چەپ و پێشکەوتنخوازو ئازادیخوازی کۆمەڵگە هەیە. چاوەروانی سەخاوەتمەندانە لە کۆمۆنیستەکان و رابەرانی کریکاریی و لە هەڵسوراوانی بزوتنەوە نارەزایەتیە کۆمەلآیەتیەکان، لە هەموو ئازادیخوازێکە لە بەسەرکەوتن گەیاندن و بەرەوپێشەوە بردنییدا، هاوکار و لەگەڵمان بن... بۆپێشەوە دەرگای بۆ هەموو قەڵەمێکی چەپ و کۆمۆنیست و ئازادیخواز ئاوەلآیە... هیواخوازین هەموو ئەو نووسەرو قەڵەم بەدەستە چەپ و کۆمۆنیستانەی بەهەر هۆیەکەوە تا ئیستا لەگەڵ بۆپێشەوە هاوکار نەبوون یان بەهەر هۆیەکەوە نەیانتوانییوە لەو ئەرکەدا کە بۆپێشەوە رایگەیاندووە لەگەڵمان بن، بێن و بۆپێشەوە بەهی خۆیان بزانن... بە نووسینی وتاری سیاسی و فکری و کۆمەلآیەتی، وەرگێرانی ئەدەبیاتی مارکسیستی، بەباس و نووسین و هۆنراوە و ئەدەب و هونەری کریکاریی، راپۆرت، ئاوڕدانەوە لە میژووی تیکۆشەرانی کۆمۆنیست و یاد و بۆنە کۆمۆنیستی و کرێکارییەکان، وە بە سەرنج و رەخنەو پیشنیار... تاد بۆپێشەوە بەدەستەوە بگرن و دەوڵەمەندی بکەن.

بۆپێشەوە مینبەرێکە بۆ هەموو ئەو دەنگە ناڕازی و رەخنەگرانەی کە هەموو شەقام و گەرەک و ناوەندی کار و خوێندن و زەمین و ئاسمانی کوردستانی داگرتووە، لە دژی دەسەلآتی ستەمکارانەی بنەماڵەکان و چاوچنۆکی سەرمایە و کۆنەپەرستی. بۆپێشەوە زمانحالێ حزب و رێکخراو و گروپێکی سیاسی نییە، زمانحالێ تورەیی و نەفرەتی زوربەی زۆری جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستانە. ئەمە کاراکتەری سەلماوی بۆپێشەوەیە لە سالێ رابردوودا... بۆپیشەوە جگە لە مەوازینێکی رۆشن، هیچ مەرج و پیش مەرج و چوارچیوەیەکی لە قالبدراوی نییە... و دەرگای بە رووی هەموو قەڵەمێکی چەپ و کۆمۆنیست و ئازادیخوازدا بێ گویدانە ناسنامەی، حزبی و ناحزبی و رێکخراوەیی، کراوەیە...

**بۆپێشەوە بەدەستەوە بگرن...**

**بۆپێشەوە/ یەکی ئەپریلی ٢٠١٨**

# ئێوە چیتان کرد؟

## ئارام حمه سعید



لەوەتەی ئێوە هەن شەڕی ناوخۆ و یەکتر کوژیش هەیە، کوردکوژی هەیە، نۆکەرایەتی و خۆشخزمەتی هەیە، چ لە شاخ بووبن یان لە شار تەنها سەرچاوەی شەر و ماڵوێرانی بوون..

ئێوە فەرهەنگی خوێنڕشتن و پاکسازی یەکتر و هەتککردنی یەکتر و سەربڕینی دیلی یەکتر و دزین و تالآن کردنی ماڵی ئەندامانی یەکتر و کرێگرتەییتان بۆ ئەم ولآت و ئەو ولآت داهێنا..

ئێوە بوون سەرانی حیزبەکانی کوردایەتی و ئیسلامی زیاتر لە ٤٠٠٠ هەزار ژنی ئەم مەملەکەتەتان شەلآڵی خوێن کرد..

ئێوە بوون زیاتر لە ٣٠٠٠ هەزار کەستان بە کوشتدا لە شەڕەکانتاندا بۆ پاوانخوازی و گرتنی گردۆڵکە و تەپۆلکە و بیرە نەوتی زیاتر..

لەوەتەی هەن ئێوە سامانی کوردستان تالآن ئەکەن، دزی ئەکەن، گەندەڵی ئەکەن، هەرچی دەرامەت و نەوتی ئەم مەملەکەتە هەیە ئێوە ٢٧ ساڵە هەڕاجی ئەکەن..

لە سایەی ئێوەدا خانەوادەی ئەنفال و شەهیدەکان پارەی کرێ خانوو و دەرمان و خەستەخانە و تەنانەت ژەمە خۆراکیشیان نییە..

لە سایەی دەسەلآتی نەگریسی ئێوەدا، رێناس و حمەی حەلاق و شاپور و قابیل و سۆرانی مامە حەمە و وداد و سەردەشت عوسمان و کاوە گەرمیانی و فەرهاد فەرەج و سەدان و سەدان کەس لەم سەرزەمینەدا تیرۆر کران...

ئێوەی چەتە و مافیا جگە لە فەلاقەکردنی هاولآتیان و زیندانیکردن و فڕاندن و هەڕەشەکردن و هێنانی میتی تورکی و ئیتلاعاتی ئێرانی، چی ترتان کرد..

ئێوەبوون پێش سوپای پاسدارانی ئێران کەوتن و کارەساتی هەڵەبجەتان خولقاند،
ئێوە بوون چاوساغی ئێران بۆ سەرکوتی حیزبەکانی ڕۆژهەلآت، ئێوە رێخۆشکەریتان کرد سوپای تورکیای فاشیست هێرش بکاتە سەر قەندیل و گەریلا..
ئێوە پێش دەبابەکانی سەدام کەوتن لە ٣١ ی ئابدا، ئێوە بوون خیانەتتان لە شەنگال کرد و رادەستی داعشی ئیسلامیتان کرد..

ئێوە بوون هەرچی قەیرانە توشی ئەم هەرێمەتان کرد، لە سایەی ئێوەدا نیوەی خاکی کوردستان رادەستی حەشدی شەعبی شیعەکان و عەبادی کرا..

لە سایەی ئێوەدا نیوە مووچە و روبعە موچە و بێ موچەیی و نابڕان و برسیکردن و کۆچی بە کۆمەڵی خەڵک بۆ هەندەران و خنکانی کۆچبەران لە دەریا و زەریا بێ ئامانەکاندا رویاندا..

ئێوە بوون مامۆستاتان بەرشەقدا، لە ژنانی خۆپیشاندەرتان دا و هەرەشەتان لێکردن لوتیان ببڕن، ئێوەن هەرەشە لە جەماوەر ئەکەن کە بە چەقۆ و دەمانچە رووبەروویان ببنەوە!! کەواتە ئێوە چیتان کرد ؟!

# خێرو بێری فیدرالیزم لە پەیوەند بە ناردنی موچە لە بەغداوە

کاتێک کە حزبەکان و پەرلەمانی بزووتنەوەی کوردایەتی بڕیاریان لەسەر ئەوەدا کە بە ناوی خەڵکی کوردستانەوە خواستی فیدرالیزم ستایش بکەن و وەکو دەسکەوتێکی گەورە و مایەی خۆشبەختی بۆ خەڵک وێنای بکەن و خەڵکی بۆ بهێننە هەڵەکە سەما، هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە کۆمۆنیزمی کرێکاری تاقە هێز و لایەنێک بوو کە ئەم بەدیلەی وەکو بەدیلێکی کۆنەپەرستانە بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و داهات لەسەر بناغەی قەومی لەنێوان بۆرژوازی کورد و عەرەب مەحکوم کرد و بانگەوازی خەڵکی کوردستانی کرد کە فریوی ئەم بەدیلە کۆنەپەرستانەیە نەخۆن. ڕوونی کردەوە کە فیدرالیزم هاوکات بەدیلێکە بۆ ئەبەدیدان بە شەڕ و کێشمەکێشی کۆنەپەرستانەی قەومی، بەدیلێکە کە لەسەر بناغەی دانی مۆری قەومی لە نێوچەوانی هاوڵاتیان و لەهەر بستە خاک و تەپلۆکەیەک، لە هەموو هێزهاوسەنگیەکی تازەدا، بۆرژوازی کورد و عەرەب سەر لەنوێ دابەشکردنەوە و کەم و زۆرکردنی بەشەکانیان لە داهات و دەسەڵات و قەڵەمڕەوی فیدرالیزم، بەرامبەر یەک بگرنەوە و جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بکەنەوە بە قوربانی و خۆراکی کێشەی کۆنەپەرستانەیان.

لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە فیدرالیزم کەوتە باری عەمەلیەوە، لەو ڕۆژەوە خەڵکی کوردستان شایەتی ئەو شەڕ و کێشە نەبراوەیەن کە کۆمۆنیزمی کرێکاری پێشبینی کردبوو. ڕۆژێک لەسەر بەندی ١٤٠ی دەستور و ڕۆژێکی تر لەسەر بەشی مافیاکانی هەرێم لە بودجە. ڕۆژێک لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات لە ناوچە جێناکۆکەکان و ڕۆژێکی تر لەسەر داهات و فرۆشتنی نەوت و گاز. ڕۆژێک لەسەر پێگەی بورژوا ناسیۆنالیستی کورد لە دەسەڵات و پۆستەکانی بەغدا و ڕۆژێکی تر لەسەر بەفەرمی پەسەند نەکردنی پێشمەرگە لە هێزی بەرگری عێراق...و....سەرئەنجام فیدرالیزم بوو بە گاڵتەجاڕ و دەیانجار سەرانی ناسیۆنالیستی کورد دانیان بەوەدا نا کە فیدرالیزمەکەیان شکستی خواردوە.

ئێستا ئیتر باسی ئەم بابەتە دەربارەی فیدرالیزم بە گشتی نییە، چونکە ئەو ئەزمونە ریسواو شکستخواردوە چیتر پێویستی بەوە نییە بە گشتی قسەی لەسەر بکرێت. لەم بابەتەدا تەنها دەمانەوێ لە پەیوەند بە مەسەلەیەکی گەرمی ڕۆژەوە کە مەسەلەی موچە و کرێی کرێکاران و فەرمانبەرانە باسی نمونەیەکی دیاریکراو لە خێروبەرەکەتی فیدرالیزم بکەین، کە چۆن جگە لە ئەڵگۆیەک بۆ دەستەبەرکردنی بەشی بورژوازی کورد لە داهات و دەسەڵاتی عێراق، هیچی فڕێکی بەسەر ماف و بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانەوە نییە. با وەکو نمونەیەکی زۆر ڕوون و ڕاشکا و سەرنج بخەینە سەر ئەم نمونەیە و ڕاستی مانای فیدرالیزمی پێ لەقاوبدەین.

دوای چەند ساڵ لە بڕین و بە تاڵان بردنی قوتی خەڵک و موچە و کرێی کرێکاران و فەرمانبەرانی کوردستان لە نێوان دوو دەسەڵاتی مافیای بەغدا و هەرێمدا، جەنابی عەبادی ملیدا بەوەی کە قەیدوبەندەکانی خۆیەوە ئەو موچە و کرێیانە بنێرێ بۆ کوردستان. لە پێشدا گومان لەوە نییە کە دەستبردنی دەسەڵاتی بەغدا بۆ بڕینی قوتی خەڵکی کوردستان، پاساوەکانی هەرچی بێت، هەنگاوێکی تا سەرمۆخ ملهوڕانە و ستەمکارانە و دڕندانەیە. بەڵگەیەکە کە شۆڤێنیزمی بورژوازی عەرەب بەرامبەر خەڵکی کوردستان بەرجەستە دەکات کە چۆن لە کێشمەکێشی خۆی لەگەڵ بورژوازی کورد، بە برسیکردن سزای خەڵکی کوردستان دەدات. بەڵام بە هەر هۆیەک و لە ژێر هەر گوشارێکدا یان بۆ هەر مەرامێک بێت، کاتێک حکومەتەکەی عەبادی هاتەپای ملدان بە دەستهەڵگرتن لەبڕینی قوتی خەڵکی کوردستان و لە هەنگاوی یەکەمدا تەلمیحی ئەوەیدا کە بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی بارزانی و تاڵەبانی ڕاستەوخۆ موچەکان بدرێن بە خەڵک، هەردوو بنەماڵەی حوکمڕان و دەوروبەرەکانیان هات و هاواریان لێ بەرزبووەوە کە ئەمە پیلانێکی ترسناکە بۆ بازدان بەسەر حوکمەتی هەرێم و پایماڵکردنی فیدرالیزمە وەکو دەسکەوتێکی گەورەی خەڵکی کوردستان. سەرئەنجام لە بەندوبەستێکی ژێربەژێردا، بەبێ ئەوەی بۆ خەڵکی کوردستان ڕوون بێتەوە، هەردوو دەسەڵاتی تاڵانچی لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە ئەو برە پارەیە لە ڕێگای حکومەتە شکسخواردوەکەی نەوەکانی بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانیەوە بۆ خەڵکی کوردستان ڕەوانە بکرێت. بەڵام چی ڕوویدا؟!!!.......

حکومەتە چەتەکەی هەردوو بنەماڵە پارەکەیان لە عەبادی وەرگرت، بەڵام دیسانەوە هەمان چارەکە موچەیان بەسەر خەڵکدا دابەشکرد کە چەند ساڵە بە ناوی پاشەکەوتی زۆرەملێی موچەوە دەمی خەڵکی کوردستانی پێ تەڕدەکەن!! واتە ڕۆڵی فیدرالیزم و حکومەتی هەرێم لەم نێوەدا تەنها ئەوەبوو ئەو پارەیەش کە لە بەغداوە هاتبوو لوشدرا و چوو بۆلای ئەو ترلیۆن دۆلارانەی لە ٢٧ ساڵی ڕابردودا لەلایەن هەردوو بنەماڵە و دەست وپێوەندەکانیانەوە بەتاڵان براوە. ئەمە لە هەموو کاتێک ئاشکراتر ڕونی کردەوە کە فیدرالیزم و حکومەتی هەرێم هیچ نییە جگە لە تەرتیباتێک بۆ ئەوەی بەشی خەڵکی کوردستان بەوان بسپێردرێت و ئەوانیش دوای تاڵان و بڕۆی بێسنوور، ئەوەی لەبەردەستیان دەمێنێتەوە بیساون بەدەم خەڵکی کوردستاندا. لە بەرامبەریشدا سەرۆکی ئەم حکومەتە بنەماڵەییە ڕایگەیاند؛ ئەوانەی بەرامبەر ئەم تاڵان بڕۆ و ستەمکاریە دەست بۆ ناڕەزایەتی و خەبات دەبەن، جەنابیان بەڵتەجیەکانیان بەرەڵای گیانی خەڵکی ناڕازی دەکەن تا بە چەقۆ و دەمانچە سەرکوت و دەمکوتیان بکەن.

لەم هاوکێشە سادەیەدا ئەو ڕاستیە ڕوون بوەوە کە ئەگەر فیدرالیزمی قەومی کۆنەپەرستانە و حکومەتی هەرێم نەبوایە، دەستێکی تاڵانگەر لەسەر خەڵکی کوردستان کەم دەبووەوە و هەر بەو ئەندازەیەش موچەیەکی زیاتر و ژیانێکی باشتریان بۆ فەراهەم دەبوو. بۆیە ئەگەر تەنها لەم گۆشە نیگایەشەوە بڕوانین دەگەینەوە بەوڕاستیەی کە فیدرالیزمی قەومی دەبێتەوە بە کۆتێکی کۆیلایەتی لە دەست و پێی خەڵکی کوردستان. بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و عێراقیش لەوەدایە کە یان دور لە فیدرالیزم و دەستەبەندیکردنی هاوڵاتیان لەسەر بناغەی قەومی و دینی و تائیفی هەموو دانیشتوان وەکو هاوڵاتی مافی یەکسانیان هەبێت و هەموو کۆمەڵگە بە یەک دەستوری پێشکەوتوانە و یەکسانیخوازانە بەڕێوەببرێت، یان ئەگەر بە هەر هۆیەکەوە ئەمە مەیسەر نابێت، خەڵکی کوردستان ڕێگای جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بە سەرەئەنجام بگەیەنن.

**بۆپێشەوە**

# ڕێکخراوبوونمان زەمانەتی بەدەستهێنانی ماف و خواستەکانمانە

ئێمە، ئەمڕۆ کۆبوینەتەوە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی دژی دواکەوتنی موچەکانمان، دژی سیاسەتی بەزۆر داسەپێنراوی "پاشەکەوتی موچە" و بڕینی بەشێکی لێی و پێدانی نیوە موچە و ڕوبعە موچە، ئەویش هەر بەچەند مانگ جارێک.

داسەپاندنی ئەم ژیانە کولەمەرگیە نەک هەر بەسەر کارمەندان و کرێکارانی کەرتی کارەبادا، بەڵکو بەسەر موچەخۆرانی کەرتەکانی پەروەردە و تەندروستی و ئاو و هەموو یەکە بەڕێوەبەرایەتیەکانی دەوڵەتیدا، بەشێکە لە سیاسەتی شکاندنەوەی قەیرانی ئابوری لەسەری خەڵکی کوردستاندا، لەلایەن دەسەڵاتێکەوە کە لەژێر سایەیدا و لە دەوروبەری خۆیدا لە ماوەیەکی کەمدا سەدان ملیۆنێر و ملیاردێری هێناوەتە ئاراوە و لە ڕێگەی گروپی کۆمپانیاکانیانەوە کەوتوونەتە بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی سەرزەوی و ژێرزەوی ئەم وڵاتە. لە کاتێکدا ئەم دەسەڵاتە خۆی بەرپرسی ئەم قەیرانەیە و خەڵکی لە برسیەتی وهەژاریدا ڕاگرتووە، بنەماڵە و کۆمپانیاکانیان سەرمایەیەکی ئەستوریان کۆکردۆتەوە لە بانقەکانی جیهاندا.

ئەم دەسەڵاتە پاش شکستی ئابڕوچوانەی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ و چۆکدادانی بێشەرمانەی لەبەرامبەر دەسەڵاتی ناوەندیدا، وە بەپێی سات و سەودایەک کە چەند مانگێکە لە ئارادایە لە نێوان هەردولای دەسەڵاتی هەرێم و دەسەڵاتی ناوەند، موچەی تەواوی موچەخۆرانی کوردستانیان کردۆتە بارمەتە بۆ داسەپاندنی مەرجەکانیان بەسەریەکتریدا، ئەمڕۆ بژێوی ژیانی ئێمە و خانەوادە و منالەکانمان بۆتە بەشێک لە سات و سەودا و مامەڵەی نێوان ئەو دوو دەسەڵاتەی کە خەڵکی کوردستان و عێراقیان خستۆتە ناو هەلومەرجێکی تراژیدیاییەوە.

نە دەسەڵاتی هەرێم و نەدەسەڵاتی ناوەندی جێی هیچ جۆرە چاوەڕوانیەک و خۆشباوەڕی نین، وە بە درێژایی فەرمانڕەوایی هەردوو ئەم دەسەڵاتە، خەڵکی عێراق و کوردستان ملیان نەداوە و نەچونەتە ژێرباری قبوڵکردنی سیاسەتەکانیان و هەمیشە لە دەربڕینی ناڕەزایەتیدا بوون بە خۆپێشاندان و مانگرتن، بەڵام خاڵی لاوازی ئەم ناڕەزایەتی و هاتنەمەیدانە، ڕێکخراونەبوونی خۆمان و ڕێگری ئەو دوو دەسەڵاتەش بووە لە ئێمە بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوەی سەربەخۆ بۆ بەرگری لە خواستەکانی خۆمان.

ئێمە لە کاتێکدا هاتووینەتە مەیدانی ناڕەزایەتی دەربڕین لەپێناو هێنانەدی خواستە ڕەواکانی خۆمان لە دابینکردنی موچەکان بە ڕێکوپێکی و بە تەواوی و بەبێ داشکاندنی بەشێک لێی بەناوی پاشەکەوتی موچەوە، وە لە کاتێکدا هاتووینەتە مەیدان بەدژی ئەوەی کە ژیان و بژێوی خانەوادە و منالەکانمان نەکرێتە بارمتەی کێشمەکێشی نێوان دوو دەسەڵاتی دژە خەڵکی، لە هەمانکاتیشدا پێدادەگرینەوە لەسەر مافی ڕەوای خۆمان بۆ هێنانەدی ڕێکخراوێکی سەربەخۆ لە کەرتی کارەبا، دوور لە دەستێوەردانی دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنی، هەروەک لە ئێستادا لە سەندیکا و ڕێکخراوەکانی سەر بە دەسەڵات و حزبەکانیانیادا دەیبینین. ئەو سەندیکا و ڕێکخراوانە نەک هەر نوێنەری خواست و بەرژەوەندیەکانی کارمەندان و کرێکاران نین، بەڵکو ئامڕازی بێدەنگ کردن و خامۆشکردنی ناڕەزایتیەکان و جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی دەسەڵات و حزبەکانیانن بەدژی خواست و بەرژەوەندیەکانمان.

ئێمە هەر لێرەدا ڕای دەگەیێنین، بۆ بەرگری لە ماف و خواستەکانمان دەستبەجێ دەستبەکار دەبین بۆ هێنانەدی ڕێکخراوێکی سەربەخۆی کارمەندان و کرێکارانی کەرتی کارەبا و دەسەڵاتیش ئاگادار دەکەینەوە ئەگەر وەڵام بە خواستە ڕەواکانمان لە دابینکردنی موچەکان بەبێ پاشەکەوت نەداتەوە، ئەوا هەنگاوی تر دەگرینەبەر بۆ بەردەوامیدان بە ناڕەزایەتییەکانمان و ناچارکردنی بە پێدانی موچەکان.

نا بۆ دواخستنی موچەکان

نا بۆ سیاسەتی پاشەکەوتی موچە

نا بۆ ڕاگرتنی موچەکان وەک بارمتە، لە کێشمەکێشی نێوان دەسەڵاتی ناوەند و هەرێم

بژی ئازادی ڕێکخراو بوون

دەستەی سەرپەرشتیاری

ڕێکخراوی کارمەندان و کرێکارانی کارەبا

**کۆتایی ئازاری ٢٠١٨**

# نەوال سەعداوی جەنگاوەرێک بۆ مرۆڤایەتی

ئامادەکردنی: ژیمان عەبدالرحمان

ئەو لە مەیدانی جەنگدا نییە، بەڵام جەنگاوەرێکی ڕاستەقینەیە لە مەیدانی ئازادی و مافی مرۆڤ و ژندا، ئەو ژنێکە جیاوازە و لەهیچ ژنێکی دیکە ناچێت لەگەل قەڵەمەکەیدا شۆڕشی دژی پیاوانی کۆمەڵگەی عەرەبی بەرپا کرد، زیندان، دەرکردن لە نیشتیمان و سانسۆرکردنی نوسینەکانی چۆکی پێدانەدا، لە کۆی بەرهەمەکانیدا داوای ئازادی (مرۆڤ، ژن و نیشتیمان) دەکات، وەک دەڵێت" ئازادی ژن و ئازادی نیشتیمان لەیەک جیاناکرێتەوە"، ئەو لە زۆرێک لە وڵاتانی دنیا خەڵات دەکرێت، بەڵام لە نیشتیمانەکەی خۆیدا ئاوارەو قەدەغە کراوە بەهۆی باوەڕ و نوسینەکانیەوە یەکێکە لەو ژنانەی لە لیستی تیرۆریستاندا لە ڕیزبەندی یەکەمدایە بۆ کوشتن، بەڵام لە مردن و نەخۆشی و زیندان و کوشتن ناترسێت ئەو ژنەی لەگەڵ کاغەزێکی سپیدا لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتیەکاندا شۆڕشی بەرپا کرد "نەوال السعداو"یە.

نەوال، کە بەواتەی بەخشین دێت هەموو ژیانی بۆ ئازادی ژنان بەخشیووە هیچ کاتێک نایەوێت بە ناوی سەعداوی باوکی بانگ بکرێت بەڵکو دەیەوێت پێی بوترێت (نەوال زەینەب)، ئەمەش وەک ڕێزێک بۆ قوربانی و ماندوبونەکانی دایک کە لە جیهاندا ژنان بەش خوراوترین بوونەوەرن بەتایبەت دایکان، نەوال لە کتیبی ( قضايا المرأة المصرية) دەڵێت "کاتێک فێری نووسینی ناوی خۆم بووم بەدوای ناوەکەمدا ناوی دایکم دەنووسی، بەڵام ڕۆژێک باوکم هاتوو ناوەکەی دایکمی سڕیەوە ناوی سعداوی خستە پاڵ ناوەکەم لەو ڕۆژەوە ڕقم لە ناوی سعداویە چونکە بووە هۆی سڕینەی ناوی دایکم."

نەوال بەهۆی بیرو باوەڕەکانیەوە لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا بە ژنێکی بێباوەڕ(کافر) پێناسە دەکرێت نووسین و بابەتەکانی لە بەشێک لە ڕاگەیاندنەکانی جیهانی عەرەبی و کۆمەڵگەی میسرِیدا قەدەغە کراوە کە دوایینیان (کچێکی بێ باوەڕ)ە لە ساڵی ٢٠١٦ دا بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەکانی میسرِدا ڕاگیرا، لەگەڵ ئەوەی نەوال هەرگیز خۆی وەک ژنێکی بێباوەڕ نەناساندووە، بەڵام هەمیشە دژی بازرگانیکردن بە ئاین و ئەو کۆت و بەندانەیە کە پیاوانی ئاینی سەپاندویانەو مرۆڤ بە گشتی و ژنان بەتایبەتی بونەتە قوربانی دەستی ئەو کۆت و بەندانە، نەوال دژی باڵاپۆشی و بە سیمبول کردنی ژنان وەک شەرەف دەوەستێتەوە لەبارەی شەرەفەوە دەڵێت " ئەگەر بونی چەند ئەندامێکی جەستەی ژن بەتایبەتی بوونی پەردە لە کچاندا هێمای شەرەف بێت ئەی پیاوان بە بی پەردە لە دایک دەبن کەواتە بە بێ شەرەفی لە دایک دەبن "ئەمە یەکێکە لەو خاڵانەی کە نەوال زۆترین شۆری لەبارەیەوە بەرپا کردووە ئەم خالە بۆتە هۆی قوربانی هەزاران ژنی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتیەکان، لە کتێبی (مرآە و الجنس) باس لەو بارە بایلۆژیانەی جەستەی کچان دەکات تا پیاوان هۆشیار بن و ژنان نەکەن قوربانی ، یەکێکی دیکە لەو باسەنەی نەوال دژی دەوەستێتەوە باڵاپۆشی ژنانە ٢ لەو بارەیەوە دەڵێت "من دژی حیجابم لەبەرئەوەی دژی ئەخلاقم، نابێت ژنان خۆیان داپۆشن، بەڵکو دەبێت پیاوان چاویان داپۆشن ناکرێت، پیاوان لە جێگای فەرمی و سەر شەقامەکاندا بە چاوی حەزەوە سەیری ژنان بکەن، بەڵکو دەبێت چاوی ئەو پیاوانە دابخرێت، ژنانیش وەک پیاوان ئارەزویان هەیە کەواتە دەبیت پیاوانیش جەستەیان داپۆشن تا ژنان سەیریان نەکەن."

یەکێکی دیکە لەو خاڵانەی نەوال کاری لەسەر کردووەو لە دژی وەستاوەتەوە خەتەنە کردنی کچان بووە، بەهۆی دواکەوتوی خێزانەکەیەوە نەوال لە تەمەنی ٦ ساڵیدا خەتەنە دەکرێت ئەمەش وا دەکات کە دژی ئەو کارە بوەستێتەوە نەوال لەبارەی خەتەنەکردنیەوە لە کتیبی (قضايا مرآە المصريە) دەڵێت " باوکم پێی دەوتم خودا دروستکارێکی کامڵ و تەواوە سەرجەم کارەکانی تەواو و کامڵە لەش و لاری ئێمەی بە جوانترین شێوە



دروست کردووە، بەڵام لە شەوێکی تاریکدا ژنێک بە گوێزانەوە هات بۆ خەتەنە کردنم، ئەوکاتە تەمەنم شەش ساڵ بوو پارچەیەکەی لە ئەندامیکی لەشم بڕی و وتی ئەوە فەرمانی خودایە، نەم دەتوانی بپرسم چۆن خودا فەرمان بە بڕینی پارچەیەکی جەستە دەکات کەخۆی دروستی کردووە.".!

لە کتێبی (المرآە و الجنس) بە تەواوی دژی خەتەنەکردنی کچان دەوەستێتەوەو باس لە کاریگەریەکانی ئەو کارە نامرۆڤانەیە دەکات کە بەرامبەر کچان ئەنجام دەدرێت.

**ژیانی نووسەر:**

نەوال سعداوی، ژنە نووسەر وداکۆکیکاری بواری مافەکانی ژنان و پزیشکی نەخۆشیە دەرونیەکان لە ٢٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣١ دا لە گوندی کەفەر تحلە، سەر بە پارێزگای القليوبية، لە دایک بووە دووەم منداڵی خێزانەکەی بووە، نەوال لە خێزانێکی پارێزگار بە داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکانەوە لە دایکبووە لەلایەن خێزانەکەیەوە لە تەمەنی ٦ ساڵی خەتەنە کراوە.

لە ساڵی ١٩٥٥ بڕوانامەی بەکالوریوسی لە پزیشکیدا بەدەستهێناوە دواتر بۆتە پزیشکی نەخۆشییە دەرونییەکان، هەر لەهەمان ساڵدا لەگەڵ یەکێک لە هاوپیشەکانی بەناوی ئەحمەد حلمی، هاوسەرگیری ئەنجام دەدات، بەڵام ماوەی هاوسەرگیریەکەی زۆر ناخایەنێت و دوای دوو ساڵ لە هاوسەرەکەی جیا دەبێتەوە.

لەماوەی کارکردنیدا وەک پزیشک هەستی بە کێشە جەستەی و دەرونییەکانی ژنان کردووە کە بونەتە هۆی کپکردنیان لە کۆمەڵگەدا بەتایبەت ئەو نەخۆشیانەی ڕووبەڕوی ژنانی لادێ نشین دەبنەوە.

دوای کۆتایهاتنی هاوسەرگیری دووەمی لە ساڵی ١٩٦٤ دا لەگەڵ پزیشک و ڕۆمانوس شەریف حتاتە، ژیانی هاوسەری پێکهێناوە لەو هاوسەرگیریەدا بۆتە خاوەنی کچ و کوڕێک دوای ٤٣ پێکەوە بوون کۆتایی بە هاوسەرگیری سێیەمی دەهێنێت.

لە ساڵی ١٩٧٣ بۆ ساڵی ١٩٧٦ نەوال گرنگی بە ڕوانگەی مافەکانی ژنان داوە لەگەڵ نەخۆشیە دەماریەکان لە کۆلێژی پزیشکی لە زانکۆی (عين الشمس)، لە ساڵی ١٩٧٩ بۆ ساڵی ١٩٨٠ بۆتە ڕاوێژکاری نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ کاروباری ژنان لە ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

**زیندانیکردن:**

نەوال سەعداوی یەکێکە لەو کەسایەتیانەی کە لەلایەن حکومەتی میسرِەوە دوچاری زیندانیکردن و دەربەدەر کردن بۆتەوە لە ساڵی ١٩٨١ دا بەشدار دەبێت لە دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی تایبەت بە ژنان بە ناوی (ڕوبەڕوبونەوە) ئەمەش دەبێتە هۆی دەستگیرکردنی لەلایەن حکومەتی ئەو کاتەی میسرِ بە سەرۆکایەتی ئەنوەر سادات، و ماوەیەک ژیان لە زینداندا بەسەر دەبات نەوال ڕۆژەکانی زیندان بە جوانترین ڕۆژەکانی ژیانی ناودەبات لەبارەی زیندانی کردنیەوە دەڵێت "ترس بەشێک بوو لە ژیانم کاتێک قەڵەم و نووسینم بەرز کردەوە، بەڵام ئێستا هیچ شتێک لە وتنی ڕاستی ترسناکتر نییە لە جیهانی درۆیا."

نەوال کاتێک لە زینداندا دەبێت دەست بە نوسینی کتێبێکی بەناوبانگی دەکات بەناوی (بیرەوەریەکانی زیندانی ژنان) لەساڵی ١٩٨٣ دا.

لە ١٢ی مارسی ٢٠٠٨ دا دادگای میسرِ ڕەتی کردەوە ڕەگەزنامەی میسرِی لەنەوال سعداوی بسەنێتەوە کە لەلایەن پارێزەرێکی میسرِیەوە بەهۆی بیروباوەڕەکانیەوە داوای لە دژ بەرزکرابۆوە تا ڕەگەزنامەی میسرِی لێبسەندرێتەوە.

**کارەکانی نووسەر:**

نەوال خاوەنی دەیان کتێب و نوسینە کە وەرگێراونەتە سەر ٢٢ زمانی جیاواز خوێنەریان لەسەرتاسەری جیهاندا هەیە.

سەرەتای نووسینی نەوال دەگەڕێتەوە بۆ چیرۆکێکی کورت بە ناونیشانی (فێری خۆشەویستی بووم) لێرەوە سەرەتای درەوشانەوەی خامەی نەوال دەستی پێکرد، دواتر لە ساڵی ١٩٥٨ دا یەکەمین ڕۆمانی بەناوی (بیرەوەریەکانی دکتۆرەیەک) بڵاوکردەوە کە ئەم ڕۆمانە زادەی ئەزمونی کاری نەوال بووە لەماوەی پیادەکردنی پیشەی پزیشکیدا.

یەکێکی دیکە لە ڕۆمانە ناوازەو بەناوبانگەکانی نووسەر بریتیە لە (ئافرەتێک لە خاڵی سفردا) ئەم ڕۆمانە لە نێوان ساڵانی ١٩٧٧ تا ٢٠١٥ بە شەش زمانی جیاواز ٩٩ جار چاپکراوەتە لەسەرانسەری جیهاندا خوێنەری هەبووە، ڕۆمانەکە باس لە کچێک دەکات کە لەلایەن خێزانەکەیەوە پەراوێز دەخرێت ودواتر لە تەمەنێکی منداڵیدا هاوسەرگیری پێشوەختی پێئەنجام دەدرێت، ئەم کارە دەبێتە هۆی ڕاکردنی لە خێزان و هاوسەری تا تێکەڵ بوون لەگەڵ گروپێکی لەشفرۆشیدا لەوێوە پاڵەوانی ڕۆمانەکە بەهۆی دروست بوونی گرێی دەرونی بەرامبەر ئەو پیاوانەی ئازارای جەستەی و ڕۆحیان داوە دەبێتە کچێکی بکوژ و لە زینداندا چاوەڕێی مەرگ دەکات)، ئەم ڕۆمانە کاردانەوەیەکی گەورەی لە کۆمەڵگای عەرەبی و میسرِیدا دروست کرد بەوهۆیەوە لەلایەن حکومەتی میسرِەوە سزای زیندانیکردن بۆ نەوال دەردەکرێت.

تەواوی کتێب وڕۆمان و نووسینەکانی نەوال کاریگەری گەورەیان لەسەر هزری خوێنەر دروست کردوە شۆڕشێکی فکریان لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا دروست کردووە بەرهەمەکانی نووسەر بریتین لە (بیرەوەریەکانی پزیشکێک، لاپەڕەکانی ژیانم، بیرەوەریەکانی زیندانی ژنان، شانۆنامەی شین، کێشەی ژنانی میسرِ لە سیاسەت و سێکسدا، شۆڕشێکی نوێ لە دۆسیەی ژندا، ڕۆمانی مردنی دواین پیاو لەسەر زەوی، کورتە چیرۆکی فێری خۆشەویستی بووم، دوانەی دەسەڵات و سێکس، گەشتەکانم بە جیهاندا، کورتە چیرۆکی ساتی ڕاستگۆی، ڕۆمانی بەهەشت و شەیتان، ڕۆمانی وێنە دڕاوەکە، ڕۆمانی ئافرەتێک لە خاڵی سفردا، ڕۆمانی کەسێکی نادیار، ژن و دین و ئەخلاق، توێژینەوە دەربارەی ژن و پیاو، شکاندنی سنورەکان، شانۆنامەی فەرمانڕەوایەتی بە فەرمانی خودا، ڕۆمانی شکستی ئیمام، ڕۆمانی دوو ژن لە ژنێکدا، داو و چاوی ژیان، ژن و سێکس، ژن و ململانێی دەرونی، ڕۆمانی خۆشەویستی لە سەردەمی نەوت، ڕۆمانی زینە،...هتد).

**خەڵاتەکانی:**

نەوال سەعداوی بەهۆی بەپێزی و کاریگەری نووسین و کارەکانیەوە لە چەند وڵاتێکی جیهان خەڵات کراوە لەوانە:

خەڵاتی باکور و باشور لە ئەنجومەنی ئەوروپا ساڵی ٢٠٠٤.

وەرگرتنی خەڵاتی من لە کوێم لە وڵاتی بەلجیکا ساڵی ٢٠٠٥.

وەرگرتنی خەڵاتی ستیغ داغیرمان، لە سوید ساڵی ٢٠١١.

وەرگرتنی خەڵاتی ماکبراید بۆ ئاشتی لە سویسرا ساڵی ٢٠١٢.

بۆپێشەوە
FORWARD بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# کۆڕەو لە دیدگایەکی ترەوە

**نووسینی: عەلی مەولود**



ئەگەرچی ئاوارەبوون لە مێژووی ١٠٠رابردووی خەڵکی کوردستانی عێراقدا زۆرجار روویداوەو داخی ناوە بەدڵی خەڵکەوە، بەڵام رەوی بە کۆمەڵی کۆتایی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٩١، بەراستی ئازارێکی پڕسوێ بوو لە دڵی پڕ لە ئومێدی خەڵکی کوردستانی باشوور (عێراق) داو ئەو ئازارە بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە.
سوێی ئەو ئازارە هەر لەوەدا نەبوو کە خەڵک زێدو ماڵ و حاڵی خۆیان بۆ بەر رەحمەتی تالانی و بەرەو چارەنووسێکی نادیار جێهێشت و زیاتر لە دوو ملیۆن مرۆڤ بە گەورەو منداڵ و پیرو لاوەوە بەبەر سەرماو باران و بە سکی برسی و بێ نان و خۆراک، وەک نیشانەی نەویستنی رژێمی بەعس و لەترسی ئەوەی کۆمەڵکوژیەکانی هەڵەبجەو ئەنفالەکان دووبارە نەبێتەوە، بە رێگایەکی دووری پڕ لە هەورازو نشێودا ئاوارەی هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیا بوون، بەڵکو ئازاری گەورەی ئەو کۆڕەوە لەوەدا بوو کە ناسیونالیزمی کورد کە خەڵک پشتیان پێبەستبوو، بەشێک بوو لەم تراژیدیایە، بەر لەم ئاوارە بوونە ئەوان دەستیانکردبوو بە وتووێژو دانوستان لەگەڵ رژێم و بەپێی رێککەوتنێک کە ئەمریکا ئەندازیاری بوو خۆیان و هێزەکانیان بەرەو سنوورەکان پاشەکشەیان کردو خەڵکیان کردە گۆشتی بەردەم تۆپەکانی دوژمن. تاڵەبانی لە دووەم رۆژی ئاوارەبوونەکەدا لە پێنجوێن بە ئاشکرا نیشانیدا بەزوویی بەپێی رێککەوتنێک دەگەڕێنەوە، واتە ئەوان لەگەڵ رژێمێک کە خەڵک بڕیاری ڕوخاندنی بۆ دەرکردبوو رێککەوتنیان کردو راپەڕینێک کە خەڵک ئومێدی رزگاری لەسەر هەڵچنی بوو گەیاندیان بە ئاوارەیی، ئەوان روویان کردە رژێم کە لەسەرەمەرگدا بوو، پشتیان کردە راپەڕین کە لەسەرهەڵداندابوو.
دیوێکی تری ئەو ئازارە ئەوەبوو کە ماوەی ئەو شۆڕش و راپەڕینەی کردمان زۆر کەمی خایاند و هێشتا تامی ئازادی بە تەواوی بە گەروماندا نەچووبووە خوارەوە، هێشتا نەپەرژابووینە سەر ئەوەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دوای دەسەڵاتی بەعس بەجۆرێکی تر رێکبخەینەوە کە لەگەڵ ئومێدی ئازادیخوازی و سەربەخۆخوازی ئەو خەڵکەدا بێتەوە، هێشتا تەپوتۆزی راپەڕینمان لە خۆمان نەتەکاندبوو، ئاوارەبوون هەموو حەزوخۆزگەکانی لە گەروماندا تاساند و ئەو رژێمەی بەدەوری مەرگیدا شایی لۆغانمان بوو مەرگی هەتاهەتاییمان بە ئاوات دەخواست، جارێکی تر لە گۆڕستانەوە بەهاوکاری ئەمریکاو حیزبە ناسیونالیستەکانی کوردستان گەڕایەوە مەیدانی کوشتوبڕ.

ئەم کۆڕەوە لە هەموو لایەکەوە تابلۆیەکی تراژیدی بوو، هێرشی سەرماو باران لە هێرشی رژێمی بەعس کەمتر نەبوو، وەک بڵێی ئاسمانیش لەگەڵ دووژمنانی ئەم خەڵکە هاودەست بوو، ئەوەی هێزەکانی بەعس نەیانتوانی بیکەن سەرماو باران و رەهێڵە کردیان، حیزبەکانی کوردایەتیش هیچ بەرپرسیارییەکیان لەبەرامبەر ژیان و گوزەران و چارەنووسی ئەم خەڵکە لەئەستۆ نەگرت و خەڵکیان بۆ بەردەم کارەسات و رووداوە جەنگی و سروشتیەکان جێهێشت، بەوهۆیەشەوە خەڵک بەدەردێک چوو کە لەمێژووی گەلانی ناوچەکەدا بێ وێنەو بێ پێشینە بوو.
کۆڕەو بە ماوەیەکی کەم دوای راپەڕینەکانی خەڵکی کوردستان هاتە ئاراوە کە لە ٥ی ئازار لە رانیەوە دەستی پێکردو لە ٢١ی ئازار لە کەرکوک کۆتاییهات و کوردستانی باشوور لە ماوەی دوو هەفتەدا لە هێزو دەسەڵاتی بەعس پاککرایەوەو دەسەڵات کەوتە دەستی خەڵک، بەڵام ئەو دۆخە تەنها تاکو ٣١ی ئازاری خایاند (واتە کەمتر لە مانگێک)، خەڵک فریای هیچ نەکەوت بەدرێژایی ئەو ماوەیە خەڵکی کوردستان شار بەشار لەجەنگدا بوون لەگەڵ هێزەکانی رژێمی عێراق، ئەوە شادی هێن و ئومێدبەخش بوو کە لەهیچکام لە شارو شارۆچکەکان هێزەکانی بەعس خۆیان لەبەردەم پەلاماری خەڵکدا نەدەگرت، هەم ئەوان ماندووی شەڕە یەک لەدوای یەکەکانی رژێم بوون و هەم خەڵک تینووی ئازادی و کۆتاییهاتنی رۆژە تاریکەکان بوو.
دوو دیاردە لەم راپەڕینەی خەڵکی کوردستاندا بە روونی دەبینران ئەوانیش بریتی بوون لەوەی:

یەکەم هێزێکی نوێ هاتبووە ئاراوە کە نەدەگەڕایەوە سەر ناسیونالیزمی کوردو سەر بە بزووتنەوەی کوردایەتی نەبوو، ئەویش بزووتنەوەی شورایی و رەوتی سۆشیالیستی و کۆمۆنیستی بوو کە ئەم دوانە ئاوێزانی یەکتر بوون و ببوونە بەروپشتی یەک، کۆمۆنیستەکان هەم لە راپەڕینەکانداو هەم لە رێکخستنی شووراکانی خەڵک لە ناوەندە کرێکاریەکان و لە گەڕەکەکان رۆڵی بەرچاویان هەبوو، بەجۆرێک کە بزووتنەوەی شورایی و رەوتی کۆمۆنیستی وەک هێزی رکابەرو جێگرەوەی بزووتنەوەی کوردایەتی دەردەکەوت و بەو هۆیەشەوە بۆ هێزەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی دوای گەڕانەوەیان ئاسان نەبوو لە بۆشایی دەسەڵاتی بەعسدا بە ئاسانی بنیشنەوە.

دووەم بزووتنەوەی کوردایەتی (بەهەموو حیزبەکانیەوە) بە تایبەتی لەدوای پرۆسەی تاوانەکانی ئەنفال و وێرانکردنی دێهاتەکان، بە زۆری چەک دوورخرابوونەوە بۆ ئەودیو سنوورەکان و بەوهۆیەوە دابڕابوون لە کوردستان، بەپێچەوانەی ئەو هەموو بانگەشەو ئیدیعایەی بۆ رزگارکردنی خەڵکی کوردستان دەیانکرد و تەنانەت بەپێچەوانەی ئەو مێژووەی لەسەر راپەڕین بۆخۆیان نوسیوەتەوە، رۆڵێکی ئەوتۆیان لە راپەڕیندا نەبوو، کە ئەوە پێگەی ئەوانی لەو راپەڕینەدا لاواز کردبوو، تا ساڵانێکی زۆریش هەمیشە ئەوە بەرووویاندا دەدرایەوە کە ئەوان هاتوونەتە سەر حازری، یەکێتی نیشتمانی کە لەچاو حیزبەکانی تر زۆرترین بەشداری هەبوو، گەورەترین شانازی و دیارترین دۆکۆمێنتی ئەوە بوو کە لە ئێستگەکەیەوە وتوویەتی ٧ی مانگ زەماوەند بکەن، کە خۆیان فریای زەماوەندەکەی ٥ی مانگ و ٧ی مانگ و چەند رۆژی دوای ئەوەش نەکەوتن.
ئەو دوو دیاردەیە بزووتنەوەی کوردایەتی هەراسان کردبوو، بۆیە بەبەردەوامی بەشوێن بیانوودا دەگەڕا بۆ گێچەڵکردن بە شوراکان و رێکخراو و گرووپ و هەڵسوڕاوە کۆمۆنیستی و کرێکارییەکان، داوای داخستنی بنکەکان و راگرتنی کارەکانیان دەکردو هەمیشە هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکیان دەکرد لەبەرامبەریدا، ئەوان بزووتنەوەی کرێکاری و سۆسیالیستیی و شوراکانیان بە دووژمنی خۆیان دەزانی و بەردەوام لە کەمیندا بوون بۆی، من بیرمە جلال تاڵەبانی لە یەکێک لە وتارەکانیدا وتی: ئەوانە جۆگەڵەی بەهارین لەکۆتاییدا تەنها جۆگە ئەصڵیەکان دەمێننەوە، ئەوان بڕیاریان دابوو، تەسمیمیان گرتبوو کە کرێکاران و کۆمۆنیستەکان و شوراکانیان بەهەر نرخێک بێت لە مەیدانی سیاسی وەدەرنێن و تا ئەو شوێنەی بۆیان دەکرێت بواری کارو چالاکییان پێ نەدەن، هەم خۆیان بە سەختی دوژمن و نەیاری ئەم بزووتنەوەیەو ئامانج و خواستەکانی بوون و هەم لە ترسی ئەمریکاش لەگەڵی توند بوون نەکا ریسەکەیان لە ئەڵقە لە گوێی بۆ ئەمریکا لێ بکاتەوە بەخوری.
بیرمە لە یەکێک لە چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنیەکانی نەوشیروان مستەفا لە سەرەتای نەوەدەکان بەروونی هۆکاری کۆڕەوی گێڕایەوە بۆ: یەکەم هەڵکردنی ئاڵا سوورەکان لەکوردستان (لەسەر بنکەکانی شوراکان و بنکەکانی رەوتی کۆمۆنیست)، لە کاتێکدا رۆژاوا جیهانی سەرمایەداری لەو سەردەمەدا زۆرترین بانگەشەو راگەیاندنیان لەسەر کۆتایی هاتنی سۆسیالیزم و مەرگی مارکسیزم بوو، دووەم دەرکەوتنی رەوتێکی جوداخواز کە باسی سەربەخۆیی کوردستانی گەورەی دەکرد (مەبەست پەکەکە بوو)، کە ئەو دوو هۆکارە لە پاڵ ئەوەی لەسەر ئاستی عێراقیش نیگەرانی بەدەسەڵات گەیشتنی رەوتە شیعەکان بوو، ئەمریکای گەیاندە ئەو بڕوایەی کە پێویستە رژێمی بەعس نەروخێت و لەبەرامبەر راپەڕینەکانی خەڵکدا پارێزگاری لێ بکەن.
ئەو ترس و نیگەرانیەی ئەمریکا لەگەڵ دوو مەسەلەی تردا یەکانگیر بوون و یەکیانگرتەوە، ئەوانیش یەکێتی و حیزبەکانی تری کوردایەتی بەتایبەت لە دوای کۆبوونەوە جەماوەرییە فراوانەکەی شوراکانی سلێمانی لە ١٦/٣ لە یادی کۆمەڵکوژیەکەی هەڵەبجە کە لەبەر دەرکی سەرا بەڕێوەچوو (کە لەوکاتەوە بەردەرکی سەرا ناونرا " مەیدانی ئازادی" ) ترسی گەورەیان لێ نیشت، وە ئازادکردنی کەرکوک رژێمی بەعسی ترساندو بەکردەوە هەڕەشە لەسەرمانەوەی دروست بوو.

ئەم ٣ ترسە، واتە ترس و نیگەرانیەکانی ئەمریکا لە ئاڵاسوورەکان و سەربەخۆخوازەکانی کوردستانی گەورەو ترسی بزووتنەوەی کوردایەتی لەو هێزە نوێیەی لەرێگەی شورا جەماوەری و کرێکاریەکانەوە هاتبووە مەیدان و چەکدار بوو هەم بەچەک و چۆڵ و هەم بە باوەڕێکی نوێ، وە ترسی بەعس لە پەڕینەوەی راپەڕینی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە رێگەی کەرکوکەوە بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق، بوونە خاڵی هاوبەشی نێوان ئەمریکاو بەعس و ناسیونالیزمی کورد، بۆ گۆڕینی ئەو دۆخەو بەدیهێنانی دۆخێکی نوێ، کەوایە ئاوارەبوونی بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستان شکستی راپەڕین و هێز پەیداکردنەوەی رژێمی بەعس نەبوو بەڵکو بەرئەنجامی رێککەوتنی نێوان ئەمریکاو دەسەڵاتی ئەوکاتی بەغداو ناسیونالیزمی کورد بوو، رژێمی بەعس لە چوارچێوەی ئەم پیلانەدا هێزی پەیداکردەوە.
واتە ئامانجی ئەو ٣ هێزە یەکیانگرتەوە بە دژی راپەڕینی خەڵکی کوردستان بەمەبەستی گۆڕینی هاوکێشەکان، کۆتاییهێنان بە راپەڕینی خەڵکی کوردستان ئامانجی هاوبەشی هەرسێ لایەن بوو بەڵام هەریەکە بە ئەجیندای خۆی و لە روانگەی بەرژەوەندی خۆیەوە. ئەو ئامانجەشیان سەری گرت و هەنگاوە شۆڕشگێڕیەکانی راپەڕینیان راگرت، سیناریۆکانی وتووێژی نێوان حیزبە کوردیەکان و بەغداو بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ دانانی ناوچەی ئارام بۆ هەرێمی کوردستان تا هێڵی ٣٦ و دواتر بڕیاری ٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و نەوت بەرامبەر بەخۆراک و شەڕی ناوخۆو دوو میرنشینی و ... تاد، جێگایان گرتەوە، بەوانەش هەم رژێمی بەعس فرسەتی دەستکەوت بۆ سەرکوتی راپەڕینی ناوچەکانی تری عێراق و هەم ناسیونالیزمی کوردیش بواری ئەوەی پەیداکرد لە ژێر چاودێری ئەمەریکادا دەسەڵاتی خۆی لە کوردستان جێ بخات و هەنگاو بەهەنگاو دەسکەوتەکانی راپەڕین لەخەڵکی کوردستان بسەنێتەوە.
بەوپێیە ئاوارە بوون سەرەتای نسکۆی خەڵک و دەسپێکی سەرکەوتن و دەسکەوتەکانی بۆرژوا ناسیونالیستی کورد بوو لە کوردستانی عێراق، ناسیونالیزمی کورد ئەوەندەی لە رووداني ئاوارەبووندا رۆڵی هەبوو ئەوەندە لە راپەڕیندا رۆڵی نەبوو، راپەڕین ئەوان بەسەریدا کەوتن بەبێ نەخشەیەکی پێشینە، بەڵام ئاوارەبوون بەپێی نەخشەیەک و رێککەوتنێک روویدا کە ئەوان لایەنێک بوون تیایدا. بۆیە ئەوەندەی شانازی بە ئاوارەبوونەوە دەکەن ئەوەندە بە راپەڕینەوە نایکەن، پێیدەڵێن " کۆڕەوە مەزنەکە" کە لەراستیدا تراژیدیایەتی مەزن بوو، هەم بەمانا سیاسیەکەی تێکشکاندنی ئەکت و ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان بوو هەم لە رووی ئینسانیشەوە مەرگەساتی زۆری بەشوێن خۆیدا هێنا.
ئاوارەبوون: پارتی و یەکێتی و بەرەی کوردستانی وەک دەسەڵات جێگیر کردو خەڵکی لەدەسەڵات دوورخستەوە. لە درێژەی ئەو پرۆسەیەدا دوو جیهانی جیاوازو دژبەیەک شکڵی گرتووە، جیهانی سەرمایەداران و کۆمپانیاو دەسەڵاتداران و جیهانی بەشەکانی تری خەڵک، کە جیهانی یەکەم هەموو داهات و سامان و دەسەڵاتەکانی کۆمەڵگەی بۆخۆی قۆرخ کردووەو ستەم و چەوساندنەوە بەرانبەر جیهانی دووەم ئەنجام دەدات، بۆ دەرباز بوون لەم جیهانە جیاوازەش دەبێت بگەڕێینەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم، واتە بۆ شۆڕش و راپەڕین. ئەوە ئەو ئەرکەیە کە کۆمەڵگای کوردستان دەبێت خۆی بۆ سازو ئامادە بکات.

# مزەفەر عەبدوڵا: ئێمە بە بڕیارێکی بێ نەخشە بۆ داڕێژراو بەرگریمان کرد بەرامبەر بەگەڕانەوەی بەعس بۆ کوردستان، بەڵام بەرەی کوردستانی بەبڕیارێکی نەخشەدارەوە ترسنۆکانە رایان کرد...

## دیمانە سەبارەت بە یادی بیست و حەوتەمین ساڵەی ئاوارەیی و بەرگری شوراکان، لەدژی گەڕانەوەی بەعس...

**بە مەبەستی تیشک خستنە سەر بەرگری هەڵسوراوانی بزوتنەوەی شورایی و کۆمۆنیستەکان لە بەرامبەر گەڕانەوەی هێزەکانی ڕژێمی بەعسدا، بۆپیشەوە بە پێویستی زانی ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ مزەفەر عەبدوڵا سازبدات وەکو یەکێک لە بەشداربووانی بزوتنەوەی بەرگری خەڵکی کوردستاندا...**

بۆپێشەوە: لەدڵی ئاوارەیی خەڵکی کوردستاندا ئێوە هێندەی لە تواناتاندا بوو بەرگریتان کرد، چۆن بوو بڕیاری بەرگریتان داو، دەکرێت باسی چۆنیەتی ئەو بەرگریەمان بۆ بکەن لە چ قۆڵێکەوە بوو،و هەروەها چەند کەسێک گیانیان بەختکرد بەخت کرد دەکرێت کەمێک بە ووردی باسی ئەو ڕوداوانە بکەیت بۆمان؟

موزەفەر عەبدوڵا: سوپاستان دەکەم کە ئەمساڵیش دەرفەتێکتان ڕەخساند تا لەڕێگای بڵاوکراوەی بۆپێشەوەوە بتوانین تیشکی زیاتر بخەینە سەر هەندێک لایەنی تری ئەو ڕوداوانە تا زیاتر ببێتە مێژوویەکی نوسراو و بەسود هەم بۆ ئەزمون وەرگرتنی زیاتری خۆمان و هەم بۆ نەوەکانی داهاتوش. بەتایبەتی ئەم ساڵیش خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان لە دژی دەسەڵاتی دزو گەندەڵی قەومی و عەشیرەتی و میلیشایی کوردستان کە ٢٧ ساڵ لەمەوبەر دەسەڵاتی خۆیان سەپاند، دەستیان داوەتە نارەزایەتی گشتی. دیارە ئێمە ئەو ڕۆژگارانە تا ڕادەیەکی باش پێشبینی ئەو دەسەڵاتەمان دەکرد کە چەندە ناکۆکی و دژی ماف و ئازادییەکانی جەماوەرە.

بەهەرحاڵ سەبارەت بە وەڵامی کورتی بڕگەکانی پرسیارەکەتان ئەوەیە کە بڕیاری بەرگری ئێمە لە ڕابەرایەتی شوراکاندا بەرامبەر هێرشی سوپای بەعس بە ڕاستی بڕیارێکی مەدروس و بە نەخشەو پلانداڕێژراوی زۆر سیاسی و ورد نەبوو. ڕەنگە بۆ بەرەی حزبەکانی کوردایەتی کە رایان کرد بڕیارێکی مەدروس و بە نەخشە بو بێت، بەڵام بۆ ئێمە تەنها لە ڕوانگەی هەستکردن بە بەرپرسیاریتیکردن بەرامبەر ژیانی هاووڵاتیان و ڕێگا نەدان بە گەرانەوەی ڕژێمی سەرکوتگەری بەعس بوو.کاتێک لە شەوی ٣٠ لەسەر ٣١ مارس بڕیارماندا درکی ئەوەمان بە ڕۆشنی نەبوو کە سەرانی بەرە زوتر خۆیان بۆ ڕاکردن ئامادەکردوە هەر لە کەرکوک و ناوچەکانی ترەوە بەشێکیان تا سەرسنور هەڵاتوون.

هەڵبەت ئەوەش بڵێم کە زۆرێک لە هێزی پیشمەرگەی بەرەو جەماوەرێکی زۆر خۆبەخۆ بەرگریان دەکرد چ لە کەرکوک و چ لە هەولێریش. وە لەم بەرگرییەش خەڵکێکی زۆر گیان بەخشی. پێنج هاورێی ئێمەش لە بزوتنەوەی شورایی لە ڕێزی ئەو دەیان و سەدان گیان بەختکردووە بوون. هاورێیان ڕاستگۆ یەحیا، کاکە سور، ڕەشاد، فەرهادو ڕزگار کە هەرسێکیان برا بوون ئەو هاوڕێیانە بوون کە لە بەرگری گیانیان بەخشی لە پێناوی ئازادی و یەکسانی و سۆسیالیزم. ئەو شوێنەی کە دوای بەرگری لەبەرامبەر سەربازانی بەعس گیانیان بەختکرد لە گەرەکی عەینکاوە بوو. پاش ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر ئابلۆقە درابوون و بەهۆی توپبارانەوە گیانیان لەدەستدا .ئەمەش بەپێی گێرانەوەی ئەوانە بینەری ئەو ڕوداوانە بوونە.

بڕیاری ئێمە وەک وتم لە دوای ئەوەهات کاتێک ئێوارەی ٣٠ مانگ چەند کەسێک لە هەڵسوراوانی شوراکانی کەرکوک و چەند کەسی تر هاتن وتیان کەرکوک تەواو گیراوەتەوەو خەڵک هەمووی ئاوارە بوونەو شەریش گەیشتوتە دەوری هەولێر. هەروەها شەویش لەناو گەڕەکەکانی هەولێر تەقە دەبیسرا. دەیان وت کەسانی سەر بە ڕژێمن بۆ ترساندنی خەڵکی شار وا دەکەن تا شار چۆڵ بکەن. ئیتر ئێمەش ئەو شەوە تا سبەی لە لەگەڵ پاسەوان و هێزی چەکداری شوراکان لە بنکەی سەرەکی لە تەنیشت پاریزگا ماینەوە، بەڵام ئیتر بەیانی سەعات نزیک ٧ بڕیارماندا وەفدێک بنێرین بۆ لای بەرە. ئەو ئەندامانەی ئەو وەفدە بریتی بوون لە علی ئیسماعیل، کە سکرتیری شورا بوو، هەروەها محەد ئەحمەد و من بوین .بە داخەوە هاورێ محمد لە ڕوداوی ٣١ ئابی ٩٦ لە هەولێر لە لایەن بەعسەوە دەسگیر کراو پاش چەند ساڵێک بێ سەرو شوێنی تا ساڵی ٢٠٠٣ دوای ڕوخانی بەعس دەرکەوت کە لە ئەبو غریب لە سێدارە دراوە. ئەو هەتا بڵێی هاورێ و دۆستیکی دڵسۆزی من و زۆر کەسی تر بوو کە یادی هەمێشە زیندوە لامان. جا کە چوین چاومان بە کۆسرەت ڕەسوڵ و سەرباز ناوێک کەوت کە فەرماندەی سەربازی بەرە بوو .ئەو کەسەس لە شەری ناوخۆیی پارتی ویەکێتی کوژرا. کاتێک کەوتینە گفتوگۆ لەبارەی دانانی نەخشەیەک بۆ بەرگری ئەوان وتیان ئێمە لە قۆڵی قوشتەپەوە بەرگری دەکەین و هەندێک هێزیشمان لای مەخمورەوەیە. باشتر وایە ئێوەش لەو قۆڵەوە کە هێزی ئەوان کەمە بەرگری بکەین. ئێمەش کە گەڕاینەوە بۆ بنکەو لەگەڵ هاورێیانی تر نزیک سەعاتێک کەوتینە گفتوگۆ و بریارماندا بەرگری بکەین. کات گەییشتبووە سەعات نۆو هەر لەوێ بەرپرسی کاروباری چەکداری شوراکان کە هاورێ وەستا جەلال بوو بە کۆمەڵێک چەکدارەوە بەرەو ئەو قۆڵە بەرێکەوت. هاوری وەستا جەلال تا ڕادەیەک ئەزمون و شارەزایی لە شەرو مەسەلەی چەکداری هەبوو، بەهۆی ئەوەی چەند ساڵێک پێشمەرگەی کۆمەڵەو حزبی کۆمۆنسیت بوو،بەڵام هەر لە کوران و ئەو گەڕەکانە توشی شەڕ بوو لەگەڵ سەربازانی ڕژێم. ئیتر ئەو هاوڕێیانە لەوێوە بۆیان دەرکەوتبو کە ناردنی ئێمە بۆ ئەو قۆڵە تەنها پلانێک بووە بۆ بە کوشت دانمان لە لایەن سەرانی بەرەوە. دیارە جگە لەشەر لەگەڵ سەربازەکان هاوکات لە ئاسمانیشەوە بۆردومانی بەردەوام هەبوو. ئیتر ناچار بوون پاشەکشە بکەن و زۆربەیان لەیەکتر دابڕێن هەتا ئێوارە. ئەو پێنج هاوڕێیەشمان هەر لەگەڵ ئەوان دابڕابوون و پاشان لە گەڕەکی عەینکاوە گیانیان بەختکرد.

ئیتر بۆ ئێوارەکەی دوای شەڕ زۆربەمان کەوتینە گەڕەکی شۆڕش کە ئەو کات تەقریبەن دوا گەڕەکی شار بوو بەلای مەسیفەوە. پاشان کە تاریکی داهات سەڕەرای تەقەو بۆردومانی زۆر بۆ ئەو گەڕەکانە، بەڵام هەر چۆنێک بوو دەربازبوین و بەرەو گوندێک چوین. لەوێشەوە هەر بەشەو تا بەرەبەیانی گەیشتینە نزیک بن شاخەکانی مەسیف سەلاحەدین. پاشان دوای ماندو بوون و برسێتی و تینوێتییەکی زۆر دەمەو نیوەرۆ گەییشتینە مەسیف و لەویش کۆمەڵێک هاورێی ترمان بینیوە. ئیتر لەویوە ڕۆژ دوای ڕۆژ کەوتینە کۆکردنەوەی زۆربەی هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی شورایی لە شارەکانی تریش و دانانی نەخشەو پلان بۆ کاروچالاکی داهاتو هەتا کۆتایی ئاوارەیی وگەرانەوەی زۆربەی خەڵک بۆ شارەکان بە تایبەتی دوای راگەیاندنی گفتوگۆی نێوان رژێم و بەرەی کوردایەتی.

ئەوەش بڵێم کە لەو بەرگریەدا هاورێیانی ڕێکخراوی رەوتی کۆمۆنیستیش کە هەندێکیان لێ بریندار بوو لە سلیمانی و هەولێر وەک عەبدوڵا سولەیمان "مەشخەڵ" و ئامانج و ...هتد بۆ بەرگری مابونەوە، بەڵام کەمتر ئاگاداری یەکتر بووین.

بەم شێوەیە ئەمەش بوو بە ڕوداوو تاقیکردنەوەیەکی تر بۆ شکستەکانی سەرانی حزبەکانی کوردایەتی کە نەک هەر بە فەرمی بەرگریان نەکرد، بەڵکو بە ئاشکرا ڕایان دەکرد.

یەک نمونەی تر باس بکەم، هەڵبەت من بەهۆی برینەکەمەوە نەمتوانی وەک هاوری یانی تر هەر زوو بچمە بەرەی پێشەوەی شەڕەکە، بەڵام لەبەردەم پارێزگا سەیتەرەیەکمان دانا لەگەڵ چەند هاوریتر. هێزێکی چەکداری بەرە کە بە ماشێنێکی زۆرەوە دەیان ویست بەرەو دەرەوەی شار برۆن. هەر لەوێ ڕێگامان لێگرتن و وتمان مادام ڕادەکەن دەبێت چەکەکانتان بدەن بە ئێمە تا بەرگری پێ بکەین. زۆربەیان ناچار بوون هەر لەشەرما چەکەکانیان دانێن. ڕەنگە لەوکاتە بیست چەکی جۆراوجۆرمان کۆ کردبێتەوە. ئێمەش دەماندا بەو هاوڕییانەی خۆمان کە بێ چەک بوون و دەمانەوە بۆ بەرگری. ڕاستییەکەی من و چەند هاورێیەک نزیک ئێوارەکەی لە گەڕەکی دواجن لە ڕاکردنی نێوان کۆڵانەکان نەمانزانی چۆن ڕزگارمان بوو لەبەر دەسرێژی کۆپتەرو سەرباز. ئێستا کە ئاورێک لەو ڕۆژگارە سەختانە دەدەینەوە بیر دەکەینەوە کە چەند گیانی مرۆڤ لەو شوێن و ساتانە هەرزان و بێ نرخە بۆ ئەم ڕژێمە هارو درەندە قەومییە فاشیانە کە بۆ مانەوەی دەسەڵاتی خۆیان ئامادەن زۆرینەی خەڵکی وڵاتێک کوشت و بڕ بکەن.لە کۆتایی ئەم پرسیارەتان پێویستە ئاماژە بەوەش بدەم کە ئێمە ئەگەر هێرش و گیرانەوەی هەولێریش نەبوایە لەلایەن ڕژێمەوە ئەوە هەر ڕووبەڕوی شەڕێک دەبوینەوە لەگەڵ بەرەی کوردایەتی. چونکە بەردەوام لە کێشەو ململانێدا بووین بەهۆی جیاوازی بەرژەوەندی چینایەتیمان لەهەموو ڕویەکەوە. ڕاستییەکەی دوو ڕۆژ پێش هێرشی ڕژێم بەرە دوو کەسی خۆیان کە دەمناسین ناردب و بۆ بنکەی شوراکان و پێیان وتین بەرە لە کۆبونەوەی خۆیدا بڕیاری داوە بەزۆر هەموو بنکەکانتان پێ دابخات چونکە ئێوە بوونەتە گرفتێکی گەورە لەهەمو ڕویەکەوە بۆ بەرەی کوردستانی.

هەڵبەت ئەو کەسانە کە دەمناسین بە وتەی خۆیان لە ڕوانگەی دڵسۆزییانەوە هاتن ئەو بڕیارەی بەرەیان بە ئێمە وت. جا ئیتر چەند ڕاستیان دەوت ئەوە شتێکی ترە، بەڵام هەر ئەوەی قسەیەکی وایان وت بۆخۆی ناوەرۆکی پەیام و سیاسەتی سەرکوتگەرانەی بەرەی کوردایەتی بوو بۆ ئەم بزوتنەوە نوییە. ئێمە بەو کەسانەمان وت بە سەرانی بەرە بڵێن ئەوان کاتێک دەتوانن بێن بنکە بە ئێمە دابخەن کە بەسەر لاشەی مردوماندا برۆن. ئێمە ئەو ڕاستی یەشمان دەزانی کە بەرە هەر کات دەرفەتی بوو و بۆی موناسب بوو هێرش دەکاتە سەرمان. چونکە ئیتر بە ئاشکرا لەناو کۆمەڵگە لەهەموو ڕویەکەوە دیار بوو کە دوو بەرەی جیاوازی چەپ و ڕاست، دژ بە یەک هەن. ئەمە ئیتر سەرەتای ئەو مێژوە بوو لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە کە جوڵانەوەی ناسیونالیزمی کوردو حزبەکانی هەرگیز وا چاوەڕییان نەدەکرد لەدەرەوەی ڕیزی چینایەتی بۆرژوازی ئەوان بێتە جولانەوەیەکی تر بێتە گۆڕەپانی سیاسی و دژایەتییان بکات.

بۆپێشەوە: دوای بیست و حەوت ساڵ تێپەڕ بوون بەسەر بەرگری شوراکان بە دژی گەڕانەوەی سوپای بەعسدا دەتانەوێت بڵێن چی...؟

موزەفەر عەبدوڵا: دوای تێپەڕبونی بیست و حەوت ساڵ لەم ڕوداوانە ئیتر ڕژێم و دەسەڵاتی قەومی فاشی سەرکوتگەری بەعس نەماوەو هەلومەرجەکە لەزۆر لایەنەوە گۆڕاوە. بەڵام لە جێگای ئەو دەسەڵاتێکی تری قەومی و خێڵەکی و میلیشایی هەیە. ئەگەر چی ئەم دەسەڵاتە بە بەهانەی حوکمی خۆیی و بە ڕواڵەت پشتبەست و بە هەڵبژاردن و پەرلەمان هەیە، بەڵام لە زۆربەی لایەنەوە هەمان دەسەڵاتی بەعسەو بە هێزی چەک خۆیان سەپاندوە بەسەر خەڵکدا.

لەم بیست و حەو ساڵە، بە تایبەتی لە ساڵەکانی نیوەی نەوەتەوە، هەمیشە نارەزایەتی خەڵکی ستەمدیدە قوڵپی داوە لە دژیان، بەڵام بە داخەوە تا ئێستا ئەم نارەزایەتییانە هەر چەند فراوانیش بووبێت، وەک ئەوەی ئەم ڕۆژانە لەسەراسەری کوردستان ڕودەدات، بەهۆی ناڕێکخراوی و نا یەکگرتویی و بێ ئاسۆ و ئامانج و بەدیلی ڕۆشنی چینایەتییەوە نەیتوانیوە ئەم دەسەڵاتە ڕامالێت.

بۆیە تاکە ڕێگا بۆ ڕامالینی ئەم دەسەڵاتە، بەلەبەرچاوگرتنی دۆخە سیاسی یە گشتی یە ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانییەکە، دەسبردنە بۆ پێکهێنانی شوراکان لە شوێنی کارو ژیانی خەڵک خۆی. پێویستە جەماوەری کرێکاران، مامۆستایان، کارمەندان، دەسفرۆشان و خوێنکاران، بە تایبەتی زانکۆ و پەیمانگاکان، تەنانەت بەشێکی هێزی چەکداری ئەم دەسەڵاتە کە پیشمەرگەن، دەتوانن خۆیان لە شوراکاندا ڕێکبخەن. کۆبونەوەی گشتی ساز بدەین و نوێنەرانی خۆیان بە پێی ڕێژەی بەشداربووان هەڵبژێرن تا لەڕێگای ئەم نوێنەرانەوە دەسەڵاتی خۆیان دامەزرینن هاوشانی دەسەڵاتی بەرەی سەرمایەدارانی کوردایەتی. پەیام و بانگەوازی من وەک زۆر هەڵسوراوی تری شوراکانی ساڵی ١٩٩١ ئەوەیە کە جەماوەر لە پێشیانەوە هەڵسوراوانی چەپ و کۆمۆنسیت پێویستە، شورای گەڕک و کارگەو شوێنەکانی تر پێکبینن، چونکە تاکە ڕێگاو ئامراز بۆ بەهێزبوون ڕێکخراوبوونە. وە بە ڕێکخراو بوون هەموو داواکاری و خواست و ئامانجەکان بەدی دێن .

# له یەکەمین ساڵیادی بڵاوکراوەی (بۆ پێشەوە)دا، بەشێک لە خوێنەرانی بۆمان دەدوێن

**یەکی نیسانی ٢٠١٨ ساڵێک بەسەر دەرچوونی بڵاوکراوەی(بۆپێشەوە) دا تێپەردەبێت... بەبۆنەیەوە پێمان خۆشە بۆچوونی ئێوە لەسەر ساڵی ڕابردووی بڵاوکراوەکە بزانین؟ ئێوە دەتوانن بەوپەڕی ئازادییەوە بۆچوونی خۆتان لەسەر ساڵی ڕابردووی بۆپێشەوە دەرببڕن، هەر ڕەخنە، سەرنج، تێبینی، پێشنیارێک کە هەتانە، بیخەنە ڕوو .**



عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ): سەرەتا پێویستە لەو دۆخە سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە بنوارین کە بڵاوکراوەی ئەلەکترۆنی (بۆ پێشەوە) تیایدا چاوی هەڵهێنا، چونکە لێرەوە ئێمە بایەخی بڵاوکراوەکە باشتر و ڕوونتر دەبینین. بڵاوکراوەی (بۆ پێشەوە) لەناو دۆخێکی ناجێگیری قەیراناوی سیاسیی و ئابووری و تاریک بە هێرش و پەلاماری ئیسلامی سیاسیی لەسەر تەواوی گۆشە و کەنارەکانی ژیان کەوتە کار. لەلایەکی تریشەوە ماوەیەکی زۆر بوو، بڵاوکراوە و ڕۆژنامە و گۆڤارە ڕادیکاڵ و کۆمۆنیستەکان لە مەیداندا نەمابوون. بینینی ئەم بۆشاییە و هەوڵدان بۆ پڕکردنەوەی، جێگای ستایشە. چونکە بوونی بڵاوکراوەیەکی کۆمۆنیستی لەو تاریکستانەی کۆمەڵگە مایەی دڵخۆشییە. بەلای منەوە گرنگ نییە چ لایەن و حیزبێک لە پشت ئەو پڕۆژەیەوەیە و گرنگ نییە کێ سەرنووسەر و ستافی بڵاوکراوەکەیە. ئەوەی گرنگە چۆن وەک مۆمێک، نەخێر وەکو چرایەک لەو تاریکستانە دادەگیرسێ. چۆن بەگژ نادادپەریدا دەچێتەوە. چۆن دێر بە دێری نووسینەکانی دەبنە مایەی وزە و تینی خەباتکارانە بۆ کرێکاران. چۆن پەنجە دەخاتە سەر دەردەکان و مەرهەمەکان دەستنیشان دەکات. بڵاوکراوەی (بۆ پێشەوە) بە بۆچوونی من هەوڵیداوە دەنگی جیا و ڕەنگی جیا لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە، هەوڵی داوە هەر تەنها کادرە حیزبییەکان قسەی تیا نەکەن، ئەمەش بۆ خۆی خاڵێکی پۆزەتیڤی ترە. لەلایەکی ترەوە بەردەوام لە کاتی خۆیدا بڵاو دەکرێتەوە. ئەم ئیلتزامە بە کات وای کردووە سەرنجی گەلێ نووسەری بەلای جیدییەتی ستافی بڵاوکراوەکە ڕابکێشێ. ئەمە جگە لەوەی کە لە بۆنە و یادە سیاسیی و چینایەتییەکاندا ئامادەیی هەبووە. لە یادی شووراکان، هەشتی مارس، یەکی ئایار و لا کردنەوە لە هاوڕێیانی گیان بەختکردووان و تەنانەت هەوڵی داوە لا لە ئەدەبی چینایەتیش بکاتەوە. هەموو ئەمانە دەتوانن کرێدتی بڵاوکراوەکە بەرنە سەر. بەڵام نابێت ئەوەشمان بیر بچێت کە بڵاوکراوەکە (ئەلەکترۆنییە) و زۆر بە دەگمەن دەگاتە کرێکاران، گەرچی زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگە مۆبایلیان هەیە و زۆربەشیان دەستیان بە هێڵی ئەنتەرنێت ڕا دەگات، بەڵام هێشتا بڵاوکراوەی ئەلەکترۆنی نەیتوانیوە جێگای کاغەز بگرێتەوە. من ئەمە بەخاڵی نێگەتیڤ نازانم بەڵام بە ڕێگرییەکی دەبینم لەبەردەم چوونە سەری سەلیقەی خوێندنەوەی بڵاوکراوەکە. ئەمە ئەگەر وەک هۆکارێکی هونەریی تان تەکنیکیی تەماشا بکەین، ئەوا خاڵێکی تر ئەوەیە کە بڵاوکراوەکە نەیتوانیوە قسەی دڵی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش بکات. هەروەها وەک خوێنەرێکی بڵاوکراوەی(بۆ پێشەوە) پێشنیار دەکەم کە :

یەکەم: ئاوڕ لە مێژووی خەباتی چینی کرێکاران بداتەوە (چ لەسەر ئاستی عێراق یان جیهان) و باسی دەرس و تەجرەبەکانیان بکات.

دوو: زۆر خۆی بە کێشە سیاسییەکانی ڕۆژانەوە سەرقاڵ نەکات. لە بری ئەوە هەوڵ بدات مافە سەرەتاییەکانی کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان بڵاو بکاتەوە.

سێ: مەسەلەی تیئۆری مارکسیزم تەرخانکردنی گۆشەیەک سەبارەت بە تیئۆری مارکسیزم بە گرنگ دەزانم.

چوار: بایەخدان بە مەسەلە قانوونییەکانی کرێکاران وەک قانوونی کاری کرێکاریی.

بەو ئومێدەی بڵاوکراوەی (بۆ پێشەوە) بتوانی ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات و خوێنەرانی خۆی وا لێبکات قەزاوەت لەسەر ستایشکردنی بکەن.

## بۆچوونتان چیە لەسەر بۆپێشەوە؟

**ئازاد عەلی**:لە کاتێکدا سەرمایەداری سەرجەم کەناڵەکانی میدیا و ڕاگەیاندنەکانی کۆنترۆڵ کردووە، و بەکاری ئەهێنێ بۆ چەواشەکردن و بە لاڕێدابردنی کۆمەڵگەی بەشەریەت؛ بوونی هەر دەنگێکی ناڕازی و هەر هەوڵ و هەنگاوێک، بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو تەوژم و سیاسەتەی سەرمایەداری و پیشاندانی ڕووی ڕاستی کێشەکان و ماهیەتی دەسەڵاتی جینایەتکاری سەرمایەداری. جێگای شانازی و دەستخۆشی و سەپۆرتکردنە. پێموایە بۆپێشەوە بەشێکە لەو دەنگە، کە بەڕوونی ئەو هەقیقەتە ڕائەگەیەنێ کە تاکە ڕێگای ڕزگاری بەشەرییەت هەر سۆسیالیزمە.

هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ **بۆپێشەوە** دەخوازم پیرۆزبایی بەسەرچوونی یەکەم ساڵی **بۆپێشەوەتان** لێدەکەم.



ئازاد علی/ کەنەدا

مستەفا باهیر: سەرەتا پیرۆز بای لەخۆم و تەواوی هاوڕێیان و خەمخۆرانی بزوتنەوەیی کرێکاری دەکەم بەم بۆنایەوە. من پێم وایە هاوڕێیانی کۆمۆنیست و ئازادی خوازان و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی کرێکاری.دەمێکە بێبەشن لە مینبەرێکی لەم چەشنە..پێم وایە بۆپێشەوە توانیویتی ئەو منبەرەبێت کە دەمێکە بزوتنەوەکە لێی بێبەشە .بۆ پێشەوە دەورو نەخشی بەرچاوی هەیە لە ناو کۆمەڵگای کوردوستانا بەتایبەتی لە ناو هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی کرێکاریدا. هیوادرم بەردەوام بێت.

کەریم کەریم: بڵاوکراوەی ( بۆپێشەوە ) سەدا و بڵنگۆی دەنگی ئازادیخوازان و شۆڕشگێران و چینی کرێکاران و زەحمەتکێشان و تەواوی چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگای مرۆڤایەتی یە. بڵاوکراوەی ( بۆپێشەوە ) لەدوای ڕاپەرینی خەڵکی کوردستان لەبەهاری ساڵی ١٩٩١ دا سەرکوت کرا و داخرا بەدوای هێرش و پەڵامارەکانی دەسەڵاتی ناسیونالیستی میلیشیایی و ڕەگەزپەرستی مەزهەبی چونکە تاکە بڵاوکراوەی سیاسی بوو لەگۆڕەپانی کوردستاندا بەمەبەستی گەیاندنی دەنگی ڕاستی و هەواڵ و ڕووداوەکان بەشێوەیەکی زۆر زیندوو و داهێنەرانە کە لەلایەن خەڵکەوە پێشوازییەکی زۆر گەرم و گوڕی لێدەکرا. بەڵام خۆشبەختانە بڵاوکراوەی ( بۆپێشەوە ) لەسەر دەستی هاوڕێیان و ڕابەران و هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی کرێکاری و سۆسیالیستی جارێکی تر سەری دەرهێنا و بەناحەزان و





سەرکوتگەرەکانی وت تا چینی کرێکار و هەژار و کاسبکاران تەواجودیان هەبێت ئەوا ئێمەش بەوپەڕی ئازایەتی و بوێرییەوە تەواجودمان هەیە بۆ گۆڕینی سیستمەمی زاڵمانەی سەرمایەداری بەسیستەمێکی عەداڵەتخواز و ئازادیخواز و بەدیهێنانی دونیایەکی باشتر بۆ سەرجەم مرۆڤ و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. با خوێنەری بەردەوامی بڵاوکراوەی ( بۆپێشەوە ) بین بۆ ناسین و گەیشتن بەڕاستی هەواڵ و ڕوودا و بابەتە سیاسی یە هەنووکەییەکانی تری ئەم بڵاوکراوەیە ئازیز و خۆشەویستە!...

**کرێکاران، زەحمەتکێشان،لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!**
**بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ روبەروبونەوەی فکر و راگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەووو رەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...بڵندگۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری راستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێک کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەک وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەک و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژوورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی...**
**بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و رێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سیبەریان، دەیانەوێ بەلاڕی، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو راستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە رێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تاڵانی دەسەلات و کۆمپانیاکانیان، هەوڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی رۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنیەکان... بە ئێمە بگەیەنن... بۆپێشەوە، دەنگی سازشهەڵنەگرو سەکۆی راستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە.. bopeshawa@gmail.com / ماڵپەری بۆپێشەوە /**

## دواکات بۆ ناردنی بابەتەکانتان بۆ ژمارەی داهاتووی بۆپێشەوە 12-4-2018

بۆپێشەوە FORWARD

# لە گۆشەیەکی ترەوە

**پرس و ڕای هەفتانە، گۆشەیەکی هەفتانەیە کە هاوڕێ مزەفەر عەبدوڵا دەینووسێت، بۆپێشەوە هەر دوو هەفتە جارێک، باسێک یان چەند باسێکی بڵاودەکاتەوە... لەم گۆشەیەدا: کێ دەتوانێ شکست بە سیاسەتی شەڕخوازانەی ئەردۆغان بێنێت؟ ...دەخوێنینەوە**

بەهۆی بەرگری قارەمانانەی خەڵکەوە دوای دوو مانگ لە شەڕو هێرشی ئاسمانی و زەمینی و بەکارهێنانی جۆرەها چەکی کوشندەو ئابڵوقەی ئابوری هەمەلایەنەو کوشتن و برینداربوون و پەککەوتن و ئاوارەبوونی سەدان هەزار کەس ئینجا سوپای داگیرکەری دەوڵەتی فاشی تورکیا توانی شاری عەفرین داگیر بکات .

دوای داگیرکرنی شارەکەش هێزی سەربازی تورکیاو هاوکارە داعشەکانی کەوتنە ئازارو ئەشکەنجەدان و دەسگیرکردنی ئەو خەڵکەی کە نەیانتوانی بوو بڕۆن. ئەمە جگە لەوەی نەک ئازاری خەڵکیان دەدا بەڵکو ئازارو ئەشکەنجەی گیانلەبەرەکانیشیان دەدا لە پاڵ دزی و ڕاوروت و چەتەگەرییەکی کەم نموونە لە مێژودا.

هەڵوێستی ریسوایی و ریاکارانەش، هاوکاتی ئەم کارەساتانە، بێ دەنگە لێکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهان و دوڵەتەکان بوون لەسەرو هەموویانەوە ئەمریکاو ئەوروپا کە خۆیان بە هاوپەیمانی خەڵکی ئەو ناوچانەو یەپەگە دادەنا.

تەنانەت سەرکردەکان و ڕاگەیاندنەکانی یەپەگەش کە ڕۆڵی ڕابەریان هەبوو لەم جەنگی بەرگرییە کەچی چاویان هەر لە هاوکاری و پشتیوانی تەواوی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بوون بۆ شکست پێهێنانی ئۆردوگان و پێیان وابوو شەری عەفرینیش هەر شەری کوبانییە. وە بە جۆرێکیش ڕای گشتیشیان توشی خۆش خەیاڵی کردبوو.

بەڵام ئەوەی ڕوویدا نەک هەر هاوکاری و پشتگیری ئەو دەوڵەتانە بە گەورەو بچوکیانەوە نەبوون، بەڵکو بەم بێدەنگییەیان لە ئاستی میدیاکانیان و ڕای سیاسی و فەرمیان بە جۆرێک لە جۆرەکان پشتیوانی ئۆردوگان و سیاسەتە شەڕخوازییەکانی بوون.

ئێستاش کە ئۆردوگان و هاوبەرژوەندەکانی وەک ڕوسیاو ڕژێمی ئیسلامی و ڕژیمی ئەسەدیش کە هاوکاری ئەم شەڕو هێرش و داگیرکارییە بوون، ئەوەش بەپێی ڕێکەوتنێک کە لە نیوەی مانگی جەنیوەری لە سوتشی مۆریان کردبوو، بە نیازە نەخشەو پلان و گۆڕەپانی شەڕەکەی فراوانتر بکاتەوە. وە بە پێی لیدوانەکانیان هەوڵ دەدەن بە داگیرکردنی چەند شارو ناوچەی تری سوریا کە لەبەردەست هێزەکانی یەپەگەدان هەتا دەگاتە زۆر ناوچەو شاری تری کوردستانی عێراقیش لەوانە شەنگال و ئەو ناوچانەی کە ژێر دەستی هێزی چەکداری پەکەکەدان تا دەگاتە قەندیل.

دوای هەموو ئەم ڕووداوانە، پرسیار ئەوەیە، ئاخۆ کێ دەتوانێت شکست بە سیاسەتی شەڕخوازنەی ئۆردوگانی فاشی بێنێت؟

بەشێک لە سەرکردەکانی یەپەگەو، بە تایبەت ڕۆشنبیرو نوسەرو لایەنگرنیان لە دەرەوە، وا پروپاگەندەیان دەکردو دەکەن، کە تەنها ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی کە دۆستی کوردن، دەتوانن شکست بەم سیاسەتی شەڕخوازانەیەی ئۆردوگان بێنن، ئێمەش وا پێویستە دەکات لە گۆشەنیگای خۆمانەوە بە تیشک خستنە سەر دووخاڵ وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، تا بزانین ئاخۆ کێ دەتوانێت شکست بەم سیاسەتی شەڕخوازییەی ئۆردوگان بێنێت ...؟! بەڵام بەر لە ڕوونکردنەوەی ئەو خاڵانە وا پێویستە دەکات یەک ڕاستی ڕەهاو ڕاشکاو بڵێین بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەو ڕاوبۆچوون و هەڵوێستەی کە پێی وایە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی دۆستی کوردن و دەیانەوێت و دەتوانن شکست بە سیاسەتی شەڕخوازانەی ئۆردوگان بێنن لە دژی خەڵکی کوردستان، ئەو ڕاستییەش ئەوەیە کە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بە درێژایی مێژووی سەد ساڵی ڕابردو و تا ئێستا نەک هەر دۆست و پشتیوانی خەڵکی کوردستان و کێشەو مافەکانی نەبوون، بەڵکو زۆربەی کات هاوپەیمانی ڕژێمە فاشییەکانی ئەو وڵاتانەش بوونە، خۆ ئەگەر دۆست و پشتیوانی حزبە قەومییە عەشیرەتییە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمی کوردستان بوونە ئەوەش لە ڕوانگەی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی خۆیانەوەو پاشکۆبوونی تەواوی بی قەیدی و شەرتی ئەم حزبانەوە بووە بۆیان.

دەیان جار ئەمە مێژوو سەلماندویتی هەر لەم نیو سەدەیەدا کە ئازاری ١٩٧٥و ئاشبەتاڵی جوڵانەوە چەکداری یەکەی بارزانی باوک بوو تا ئێستا کە داگیرکردنی عەفرینە.

ئەمریکا بە ئاشکرا دەڵێت، کوردەکان چونکە شەڕکەری باشن تا ئەو جێگایەی لە بەرژوەندی ئەمریکا بن ئەوە هاوکاریان دەکەن لەوە زیاتر هاوکاری ناکەن. ئەمە هەموو پشتیوانی ئەمریکایە بۆ کوردەکان بە وتەی خۆیان جا ئاو بێنن و دەستتان بشۆن.

ئێستا با وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، کە کێ دەتوانێت شکست بە سیاسەتی شەڕخوازانە بێنێت؟ ڕاستی سەلماو ئەوەیە، کە ئەوە بەرەی چەپ و سۆسیالیستی و کۆمۆنستی و کرێکارییە لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەی تورکیا دەتوانێت هەم پشتیوانی مافەکانی خەڵکی کوردستان بێت تا ڕادەی جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ و هەم دەتوانێت ببێتە مایەی شکست بۆ سیاسەتەکانی ئەردوغان .

جا با زیاتر ئەم خاڵانە ڕوونکەینەوە.

ڕابەران و کەسایەتی و ڕەوت و حزبەکانی ناو ئەم بەرە کۆمەڵایەتی و سیاسی یە لەسەراسەری وڵاتانی جیهان نەک هەر بۆ پشتیوانی لە خەڵکی ئەو ناوچانەو ئیدارەیەکان و یاسا و بڕیارەکانیان و لە دژی هێرشی داعش و هاوکارەکانیان، بە تایبەتی ئۆردوگان و دەسەڵاتەکەی، ڕژانە شەقامەوە، بەڵکو بەناردنی کۆمەکی هەمەلایەنەی مادی و مەعنەوی، تەنانەت بەپەیوەست بوونی سەدان کەس لە وڵاتانی جیاجیا، بە تایبەتی لە ناو ڕیزەکانی حزبە چەپ وکۆمۆنیستەکانی تورکیا، نیشانیاندا کە ئەوانن پشتیوان و هاوکاری خەڵکی کوردستان و کێشە ڕەواکەی .

هەر کەسێک یەک جار بەشداری ئەو نارەزایەتییانەی کردبێت لەهەر وڵات و شارێک کە بۆ خەڵکی کوبانی و عەفرین کراوە، بۆی دەرکەوێت ئەوە هێزە چەپ و کۆمۆنیست و کرێکارییەکانە بە کردەوە پشتیوان و هاوکاری خەڵکی کوردستانن نەک دەوڵەت و ڕژێمە سەرمایەداری و حزبە بورژوازییەکانیان.

بێگومان ئەمانە هەمووی هەنگاوی گەورەو باشن بۆ پشتیوانی خەڵکی کوردستان و دژی سیاسەتی شەڕخوازانەی ئۆردوگان. وە دەکرێت ئەم نارەزایەتییانە لە دژی ئۆردوگان تا ڕادەی داخستنی سەفارەتەکانی و دامەزراوەکانی سەر بە دەوڵەتی تورکیا بچێتە سەرو ببێتە فشاری گەورە بۆ سەریان لە دەرەوەی تورکیا، بەڵام ئەمانە بە تەنها نابنە هۆکارێکی گەورەو ڕاستەوخۆ بۆ شکست پێهێنانی سیاسەتی شەڕخوازانەی ئۆردوگان نەخێر هەرگیز. ئەمانە دەکرێت فاکتەری فشارو ڕیسواگەری سیاسەتی شەڕخوازانە بن. وە کارو هەڵوێستێکی باشە، بەڵام لەم نیوەدا ڕۆڵی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ هاتنە مەیدانی جەماوەری ئازادیخوازی ملیۆنی تورکیا خۆی.



ئەگەر ئەم جەماوەرە ڕاستەوخۆ لە دژی دەسەڵاتی ملهوڕو سیاسەتی شەڕخوازانەی ئۆردوگان و حزب و دەسەڵاتەکەی بێتە مەیدان، هەروەک لە خۆپیشاندانی دە ملیونی شاری ئەستەمبول ٣ ساڵ لەمەوبەر بینیمان ئەوە نە هەر شکست بە سیاسەتی شەڕخوازانە دێنن، بەڵکو پاشەکشەی گەورەی پێ دەکەن لە زۆر بوارەوە.

ئەوەی بۆ ئەو جەماورە تا ئێستا بەوێنەی جوڵانەوەیەکی گەورەو فراوان، نەیتوانییوە دەستی ئەردۆغان و ڕژێمەکەی ببەستێت، پەیرەوکردنی سیاستی شەڕخوازی ئەردۆغان و ڕژێمەکەی و زاڵکردنی فەزای شەڕو سەرکوتکردنی هەر دەنگ و نارەزایەتییەکی جەماوەرییە.

تورکیا لەهەمو ڕوویەکەوە لەسەر قەیرانێکی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازی و، تەنانەت کەلتوری ،گەورەو پڕ ئاڵۆگۆڕی بۆ دواوە گەرانەوە ڕاوەستاوە. بەرێخستنی ئەم شەڕانە بۆ ڕێگا گرتنە لەسەر ئەو فشارە گەورەیەی وەک هەڵم کە لە ژێرەوە دێت تا ئەو سەرقاپی مەنجەڵەکە فڕێ بدات.

هەر کەسێک لەم دە پانزە ساڵەی دەسەڵاتی ئۆردوگان و حزبەکەی بۆی ڕوون دەبێتەوە کە ئەم سیاسەتی شەڕخوازیەو پەلهاویشتنی بۆ ناوچەی نفوز لە دەرەوەی قەڵەمڕەوی ناوخۆیی هەمووی بۆ خاوکردنەوەی بارە نالەبارە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتییە ناوخوییەکەیەتی.

دەسەڵاتێک ڕێژەی بێکاری نزیک بوبێتەوە بە لەسەدا بیست و هیچ بیمەیەکی کۆمەڵایەتییش نەبێت، هەروەها ڕێژەی هەژاری زۆر لەسەرەوە بێت ئاخۆ وەزعی لەبارە..؟ یاخود نزیک بە یەک ملیون کەس لە گەورە ئەفسەرو سیاسەتمەدارو ڕۆژنامەنووس و نووسەرو هونەرمەندو..هتد لە زینداندا بێت و ئەشکەنجە بدرێن ئەوە ئەو

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە



# بارودۆخی نالەباری ژنان لە هەرێمی کوردستان

نووسینی: هەتاو عەبدوڵاهی

بارودۆخی ژنان لە ماوەیەی چەند دەیەی ڕابردوو لە زۆربەی وڵاتانی جیهان پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە، لە حاڵێکدا هەڵاواردنی ڕەگەزی هێشتاکە لە زۆربەی وڵاتان بوونی هەیە. بارودۆخی ژنان بە تایبەتی لە وڵاتانی سەرمایەداری کە ئەبزاری پیاوەزنی و ئایین بە کار دێنێ بۆ چەوساندنەوەی تاکەکان زۆر نالەبارترە. لەو بابەتەدا هەوڵ دەدەین بپرژێینە سەر بارودۆخی نالەباری ژنان لە هەرێمی کوردستان و هەڵاواردنی ڕەگەزی و ئەو نابەرابەریە کە لەو ناوچەدا بە سەر ڕەگەزی ژنان سەپێنراوە. لە کوردستان ئاماری جۆراوجۆر و زۆر جار ناراست لە پەیوەندی لەگەڵ توند وتیژی بە دژی ژنان بوونی هەیە، ئەم پارادۆکسە تەنیا ناگەرێتەوە بۆ داتاکانی ڕێکخراوە ناحکومی و خۆبەڕێوەبەرەکان، بەڵکو پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ئاماری دوور لە ڕاستی نیهادە دەوڵەتی و بەرپرسانی ئەو بەشانە هەیە. لە پەیوەندی لەگەل بێ مافی و توندوتیژی بە دژی ژنان، ناوەندەکانی ئاسایش ئاماری تایبەت بە خۆیان هەیە کە ئەویش دەگەرێتەوە بۆ شکایەتی خودی ئەو ژنانەی کە ڕاستەوخۆ هانا بۆ ئاسایش دێنن وزۆر جاریش ئاسایش مەجبورە و ناچارە هێندێک ئامار بداتە دەرەوە، چونکە توندوتیژیەکە ئەوەندە زۆر بووە بۆتە هۆکاری سڕینەوەی جەستەی ژنان و گیانیان لە دەست داوە. بە داخەوە هەر ئەو ئامارانەش بە هۆی بەرتیل دەشاردرێنەوە و بە خۆکوژی لە قەڵەم دەدرێن. لە ماوەی مانگەکانی ڕابردوو بە دەیان ژن لەلایەن کەس و کاریانەوە کوژراون و نیزیک بە دە نمونە خوکوژی ژنان لە ڕێگایە ئاگرەوە بوونی بووە بە دەیان نمونە توندوتیژی جنسی و بە هەزار نمونە سکاڵای یاسایی لەلایەن خودی ژنانەوە لە بواری توندوتیژی خێزانی بوونی بووە، هەڵبەت ئەوانە ئامار گەلێکن کە لەلایەن ئاسایشی گەندەڵ و سیستمی دژە ژنی هەرێمەوە بڵاوکراوەتەوە، چونکە ئامارەکان زۆر لەوە زیاترن و بە داخەوە پەردەپۆش دەکرێن. دیاردەی توندوتیژی و بێمافی ژنان لە هەرێمی کوردستان جێگای نیگەرانی و تێڕامانە. بە سەرنج دان بە سیستمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە سیستمێکی عەشرەیی و نادیموکراتییە و پیاوەزنی و ئایین ڕۆڵی نەرێنی لەو پەیوەندیە دا دەگێڕێ، هەروەها بارودۆخی پیاوەزنی و سونەتی دواکەوتووی هەرێم کە خۆی خزاندۆتە ناو ژیانی بنەماڵەکانەوە و بە ئامانجەوە ساڵهایە لەلایەن هەر ئەو سیستمەوە پەیڕەو دەکرێ و هەروەها نەبوونی وشیاری ژنانی چینی کرێکار و چەوساوە لەسەر توندوتیژی و مافەکانیان و زۆر جار قبوڵکردنی توندوتیژی لەلایەن خودی ژنانەوە، هەروەها خۆلادان لە گێرانەوەی توندوتیژی جەستەیی و کوشتن و بڕینی ژنان بە هۆکاری بە قسەی کەسانی دواکەوتوو و پیاوەزن لە قەتڵی ناموسی و زۆر جاریش تەنانەت شاردنەوەی تەرمی قوربانیان لە لایەن بنەماڵەکانەوە دەتوانێ دەرخەریی بارودۆخی نالەبار و بێمافی ژنان لە هەرێمی کوردستان بێ. نیهادە ناحکومی و سەربەخۆکان بە پێچەوانەی هەموو ستانداردە نێونەتەوەییەکان لە سیستم و حکومەتی هەرێم موچە وەردەگرن. ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە لە کۆی ئەو ڕێکخراوە ناحکومیەکانیەی کە ناویان واژۆ کراوە و زیاتر لە سەد نیهاد لە خۆ دەگرێ، هیچکامیان بە مانای واقعی خۆی بە بەرپرسیارێتیەوە ڕێکخراوی خەڵکی نین و لە ڕاستای سیستمی گەندەڵی حاکمەوە هەنگاو دەنێن و تەنیا ڕێکخراوەی ڕواڵەتین. زۆربەی ژنانێک کە بە هۆی نەبوونی ئەمنیەتی گیانی دوای بێ هیوا بوون لە دەستگای گەندەڵی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بۆ پاراستنی گیانیان پەنا دەبەنە بەر ئەو ڕێکخراوانە، لە کۆتاییدا بە هاوئاهەنگی و نابەرپرسانە ڕادەستی بنەماڵەکان دەکرێنەوە و بە داخەوە گیانیان لە دەست دەدەن و بە دەیان و سەدان نمونەی بەو جۆرە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بینراوە. بارودۆخی ژنان لە هەرێمی کوردستان لەناو بێ دادگاکانی ئەو وڵاتە تا ڕادەیەک نالەبارە کە بەشێکی محامیەکانیش دۆسیەی توندوتیژی بە دژی ژنان قبوڵ ناکەن، ڕوانگەی دادوەرەکان بە نیسبەت دۆسیەی توندوتیژی بەدژی ژنان بە هەموو جۆرەکانیانیەوە زۆر نابەرپرسانە و دژە مرۆڤانەیە. زۆر جار لە زۆربەی سکالاکان دەبینرێ ژنان بە هەرەشە ناچار دەکرێن سکاڵاکەیان وەرگرنەوە و بگەڕێنەوە ناو ئەو ماڵەی کە بۆتە نیهادی توندوتیژی بە دژیان. لە ڕاستیدا سیستمی هەرێمی کوردستان کە سیستمێکی عەشیرەیی و تا سەر ئێسقان دژ بە مافی ژنانە هەوڵی داوە بە دامەزراندنی ئەو نیهادانە و یەکیەتیەکانی ژنان کە هەموویان مۆرەی دەسەڵاتن پەردە بە سەر بارودۆخی ژنان لە هەرێم دا بکێشێ و لە باتی کەمکردنەوە و بنبڕکردنی توندوتیژی بە دژی ژنان لە ڕێگای ڕاگەیاندن و هەموو ئەمرازاکانەوە هەوڵ بۆ پەرەسەندی توندوتیژی بە دژی ئەو ڕەگەزەی کۆمەڵگە دەدات، چونکە نانی لێ دەخوات. دیاری هەرێمی کوردستان بۆ ژنان لە ماوەی ئەو چەند ساڵ حاکمیەتە گەندەڵەی بێمافی، توندوتیژی، یاسای دژە مرۆڤ، کوشتن و بڕین و دەیان خەساری کۆمەڵایەتی وەکو لەش فرۆشی بووە بە داخەوە بارودۆخەکە ڕۆژ بە ڕۆژ خەریکە نالەبارتر دەبێ. حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵهایە هەوڵ بۆ پەرەسەندی توندوتیژی و پەسندکردنی یاسای دژە مرۆڤانە بە دژی ژنان دەدات، ڕێکخراوەکانی ژنان تەنیا کارتۆنی و سەر بە دەسەڵاتن و لەو چوارچێوەدا چالاکی دەکەن و خۆیان مۆرەی دەسەڵاتن و هیچ پەروەردەیەک بۆ وشیاریان لەو پەیوەندیەدا بوونی نییە و ئەوە کارەساتەکە قوڵتر دەکاتەوە. دەسەڵاتی هەرێم ساڵهایە هەوڵ بۆ کپکردنی دەنگی ژنان دەدات و هەموو هەوڵەکانی خۆی لە ڕێگای ڕاگەیاندن و بەرهەمهێنانی خورافە خستۆتە گەڕ تا ژنان لە پرۆسەی سیاسی و ئابوری وڵات دوور بخاتەوە و بیانخاتە ناو کونجی ماڵەوە. یاسا لە پشت پیاوە و ئەوندەی پارە سەرفی مامۆستایانی ئایینی بۆ پەروەردەی ناتەندروستی دینی و خورافە دەکرێ سەرفی نیهادەکانی سەر بە ژنان ناکرێ. هەروەها یاسا هەمیشە ڕێگە خۆشکەر بووە بۆ پەرەسەندنی توند و تیژی و بێ مافی ژنان. دیارە ئەو بارودۆخە ڕۆژ بە ڕۆژ بۆ ژنان نالەبارتر دەبێ و ژنان دەبێ خۆیان بۆ نەمانی ئەو بارودۆزخە قوڵی هیمەتی لێ هەڵماڵن، لەو نێوە دا پێویستە ژنان و پیاوانی چەپ و چالاک و ئازادیخواز هەوڵی چڕوپڕتر بۆ وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بە گشتی و ژنان بە تایبەتی بدەن. ژنان دەبێ لە کوردستان بەو ڕاستیە بگەن کە تەنیا ڕێگەی نەمانی هەموو کێشە و گرفتەکان بە نەمانی ئەو سیستمە گەندەڵەوە لکاوە، ژنانی چالاک دەبێ دەنگی ژنانی سەر شەقام و چەوساوە و کرێکار بن و وشیاری چینایەتی ژنان بەرنە سەرێ، ژنانی کوردستان دەبێ لە ژێر چەترێکی گشتگیردا هاوتەریب بن لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکاری، چونکە تا ئەو کاتەی مەودای چینایەتی بوونی هەبێ چاوساندنەوە لە کۆمەڵگە بنبڕ ناکرێ و ژنان پێویستە بەو وشیاریە بگەن. بێ مافی، چەوساندنەوە، توندوتیژی، لەشفرۆشی، بوونی یاسای دژە ژن وهەموو دیاردە نالەبارەکانی کۆمەڵگە کە یەخەی ژنانی گرتووە دیاری ئەو دەسەڵاتە گەندەڵ و عەشیرەیی و دواکەوتووەیە و تا مەودای چینایەتی بوونی هەبێ و ژنان لە بواری ئابوری پێویستیان بە پیاوان بێ بارودۆخەکە ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێ. بۆیە پێویستە خەباتی ژنان هاوتەریب بێ لەگەڵ خەباتی کرێکاری و هەوڵ بۆ نەمانی ئەو سیستمە عەشیرەیی و گەندەڵ و دژە ژنە و دامەزرانی سیستمێکی سوسیالیستی بدرێ کە لەودا ڕێز لە کەرامەتی مرۆڤ بگیرێ.

**کۆتایی ئازاری ٢٠١٨**

دەسەڵاتە لە دۆخێکی... لەبارو جێگر دایە...؟! نەخێر هەرگیز.

بۆیە بۆ داپۆشینی سەرقاپی هەموو ئەم فشاری هەڵمە ناوخۆییە ئەم دەسەڵاتە پێویستی بە گەورەکردنەوەی نەیارەکانێتی تا هەموو چینی بۆرژوازی و باڵ و حزبەکانی و، تەنانەت وردو بۆرژواو حزبەکانی، بێنێتە پشتی سیاستەکانیەوە. وە بە شێوەیەکی گشتیش ئەم نەیارەیان لە پەکەکەدا بەرجەستە کردۆتەوە کە دەرهاویشتەی ناوەڕۆکی پێکهاتنی دەوڵەتە قەومییە نەژادپەرستی یەکەیانە. ئەمە جگە لەوەی بە بەهانەی هاوکاری پەکەکەوە لە ئاستی دەرەوەش دەوڵەتانی وەک سوریاو ئێران و عیراق بە گشتی تۆمەتبار دەکەن. بە تایبەتی ناسیونالیزمی عەرەب کە ئەم چەند ساڵە لە حزبی بەعس و دەوڵەتی سوریاو شەخسیەتی ئەسەدا بەرجەستە بۆتەوە.


ئەردۆغان و حزبەکەی بەدوای زیندوکردنەوەی خەلافەتی ئیسلامی وەک سەرخانێکی پێویست بۆ پاراستنی ئابوری سەرمایەو قازانج و سود لە سەپاندنی هەلومەرجێکی جێگیرو بێ ڕکابەر نەک هەر لە ئاستی تورکیادا بەڵکو لە ئاستی ناوچەکەو تەنانەت جیهانیشدایە. لێدوانەکانی ئۆردوگان لەمڕۆژانەدا بۆ پێکهێنانی هێزێکی سەربازی گەورەی نێو دەوڵەتی ئیسلامی ئەگەر بە قسەش بێت پرسێکە بە شوێن ئەو ئامانجەدا.

جا بۆ شکست پێهێنانی هەموو سیاسەتەکانی، بە تایبەتی سیاسەتی شەڕخوازییەکەی، کە بەشێکە لەسەرجەم سیاسەت و ستراتیژی، ئەوەی دەتوانێت بەم ڕۆڵە هەستێت ئەوە هێزی ملیۆنی چینی کرێکارو جەماوەری ستەمدیدەو ببەش و هەژاری تورکیایە. وە پێویستە بەرەی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی خەڵکی کوردستانی تورکیاش ببنە هاوپەیمان و هاوکاری ئەم بەرە کۆمەڵایەتی و سیاسییە.

جا ئەگەر لە کۆتاییدا پرسیارەکە دوبارەکەینەوە کە کێ دەتوانێت شکست بە سیاستی شەڕخوازانەی ئۆردوگان و دەسەڵاتەکەی بێنێت، دەبێت دوای ئەم ڕونکردنەوانە بڵێین کە تەنها بە هاتنە مەیدانی بەرەی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی، کە لێدانی دڵی لە جوڵانەوەی کرێکاری و شوسیالستی کۆمەڵگەی تورکیادایە دەتوانێت شکستی پیبێنێت. وە پێویستە هەر جولانەوەیەکیش کە خوازیاری کۆتاییهینان بە ستەمی قەومی یە لەسەر خەڵکی کوردستان هاوپەیمان و هاوکارو هاو ئاسۆ و ئامانجی ئەو جوڵانەوە سەراسەرییە بێت.


# چەند سەرنجێکی کورت لەسەر کتێبی(مەلەکردن بە پێچەوانەی شەپۆل)ی هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەد

نووسینی: عەبدوڵا سلێمان( مەشخەڵ)



ئەم هەوڵەی بەڕێز هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەد وەکو هەوڵەکانی پێش خۆی، چەشنی سیمینارەکانی (مێژووی چەپ لە کوردستانی عێراق) ی هاوڕێیان موئەیەد ئەحمەد و بەختیار موستەفا و هاوڕێیانی کارگەران و ڕەوتی کۆمۆنیستی جاران لەسەر مێژووی بزووتنەوەی کومونیستی کە ئێستا بە دە بەش لە یوتوب دانراوە و دەتوانرێت ببینرێت و هەورەها کتێبی (مێژوویەک لە یادەوەری) بەڕێز سالار ڕەشید، جێگای دەستخۆشییە. ئەم کتێبە کە دوو بەرگە و خوێنەر هەر لەسەرەتاوە لە چاوەڕوانی ئەوەدا دەبێ تێکستێک بخوێنێتەوە دروست لەگۆشەنیگایەکی مارکسیزمەوە تەواوی گۆشە و کەلەبەرەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بپشکنێ و بخوێنێتەوە. یان لانی کەم هەوڵ بدات، خوێندنەوەیەکی واقیعی بۆ ئەو بزووتنەوە کۆمۆنیستییە بکات بێ ئەوەی بهێڵێ مەحفەلیزم و ئیگۆی خودگەرایی بەری چاوی خوێندنەوەکەی لێڵ بکەن. من ئەم کتێبەم بەو ڕوحیەتەوە خوێندەوە. بیریشم دێت کاتی خۆی هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەد دوو سێ بەشی لە سایتی هاوپشتی بڵاو کردەوە. من یەکەمجار دەستخۆشیم لێکرد و دوایی بۆم دەرکەوت کە ئەو هاوڕێیە بەچاویلکەی کۆن ڕووداوەکان هەڵدەسەنگێنێ نەک بە چاویلکەی واقیعی. دوای خوێندنەوەی ئەم دوو بەرگە هەرچەند لێرە و لەوێ سەرنج و ڕەخنەم لەم کتێبە بیستووە، بەڵام ئەو بەرێزانە خۆیان ئازادن چۆن ڕەخنەکانیان بەیان دەکەن، یان نا، بەس بۆ من گرنگە بۆچوونی خۆم بە ڕۆشنی لەسەر ئەم کتێبە بنووسم و لەوە زیاتر تاخیری نەکەم. وای دەبینم ئەم کتێبە زۆر هەڵدەگرێ لەسەری بنووسرێ و ڕاست بکرێتەوە، بەڵام من بەهۆی سەرقاڵیم بە پڕۆژە ئەدەبیی و ڕۆشنبیرییەکانم، ئەو دەرفەتەم نییە جگە لەم کورتە سەرنجانە. هیوادارم هاوڕێیانێک بتوانن ئیش لەسەر هەڵە و ناتەواوی و کەموکوڕییەکانی ئەم کتێبە بکەن. من هەوڵ دەدەم کورتە سەرنجەکانم بە خاڵ ڕیز بکەم، بەو ئومێدەی نووسەر بتوانێ بۆ چاپی ئایندەی کتێبەکە سوودیان لێ ببینێ و خاڵ لەسەر وشەکان دابنێ و بەشێکی باشی کتێبەکە هەڵگێڕێتەوە.

یەک: سەرەتا دەمەوێت بڵێم کە من وەک کادیرێکی ڕێکخراوی (ڕەوتی کۆمۆنیست)ی جاران و فەعالێکی سیاسیی کۆمۆنیستی کە لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە دوای چەند ساڵ چالاکی لە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، وازم هێنا و پەیوەست بووم بە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستەوە. دەمەوێ بێ هیچ غەدر لێکردنێک یان زیادەڕۆییەک ڕەوتی کۆمۆنیست وەک خۆی چۆن هەبووە ببینرێ و بخوێنرێتەوە و لەلاپەڕەکانی مێژوودا لەشوێنی شیاوی خۆی دابنرێ، نەک ناهەقی بەرامبەر بکرێ. لەگۆشەنیگای منەوە ڕەوت ڕێکخراوێک بوو لەدونیای واقیعدا خاوەن دونیابینییەکی مارکسیستی ڕۆشن بوو، ڕەوت خاوەن تەشکیلاتێکی تۆکمە و پتەوە بوو، ڕەوت لە دڵی نائومێدی چەپی ئەو سەردەمەدا جێگەی






ئومێد بوو، ڕەوت تاکە ڕێکخراوێکی بزووتنەوەی چەپ بوو کە تا ئاستێکی زۆر کرێکاریی بوو، ڕەوت پێداگیری زۆری دەکرد لەسەر مارکسیزمی ئەرسەدۆکس، ڕەوت هەڵگری دەیەها کادیری بەرجەستە و بەتوانا بوو لە کۆمەڵگەی کوردستان چ لە ئاستی تیئوری و چ لەبواری پراتیکدا، ڕەوت خاوەن هێزی چەکدار بوو، ڕەوت خاوەن تەرحی شوورا کرێکارییەکان بوو، ڕەوت خاوەن ڕۆژنامەی عەلەنی و بنکەی عەلەنی و چەکدار بوو. کەچی ئەم ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستە لەکتێبەکەی هاوڕێ ڕێبواردا کاڵ کاڵ نیشاندراوە و هەموو ئەو دەست پێشکەری و ئیبتکارانە فەرامۆش کراون و وەلا نراون. یان سەرپێیی باس کراون و هەقی خۆیان نەدراوەتێ. ئەمەش بەدەوری خۆی بەهای زانستی ئەو کارە دێنێتە خوارەوە. باسکردنی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست بەلاوەکی و بێبەهایی و هەروەها گەورەکردنەوەی ئەو ڕێکخراوانەی کە بەرگەی ڕەخنەیەکی کادرە پلە دووەکانی ڕەوت کۆمۆنیستیان نەدەگرت و هەڵدەوەشانەوە، چ مانایەک دەدات بەدەستەوە؟ ئایا ئەمە لاوازیی کتێبەکە نییە؟. من ئەمە بە خەوشی سیاسیی دەبینم و مافی کادرە بەرجەستەکانی ئەوسای ڕەوتی کۆمۆنیستە لەئاست ئەم خەوشە سیاسییەی ئەم کتێبەی هاوڕێ ڕێبوار کە خەریکە مێژووی تێکۆشانمان دەشێوێنێ، بێدەنگ نەبن.

دوو: زمانی نووسینی ئەم کتێبە، زمانی دەیەی هەشتاکان و دەیەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووە، زمانێکە کە زمانی چەپێکی سادە و ساکار و سەتحگەرایی بوو، نەک زمانی سیاسیی و باسی تیئوری. چەپێک کە جگە لە شکاندنەوەی خۆی کارێکی تری نەبوو. ئەم زمانە ئەوکات و ئێستاش ناتوانێ خزمەت بە بزووتنەوەی سیاسیی بکات. زمانی ئەمڕۆ، زمانی وردبینی و پشتبەستنە بە فاکت، زمانی بەڵگە و دۆکیمێنتە، زمانی لێکدانەوەی زانستییە بۆ مێژوو و چینەکان و دیاردەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، نەک زمانێک کە بڕ نەکات چوار مەتر لەولای خۆیەوە ببینێ و شەلم کوێرم بکەوێتە ناو مێژوویەکی پڕ لە تێکۆشانی سەدەها کادیر با ئەمڕۆش لەگەڵ حیزب نەبن. بەڵام خۆ هەر ئەمانە بوون حیزبیان دروست کرد و حیزبیان لەسەر قاچی خۆی دانا.

سێ: نووسەر زیاتر باسی ئیگۆی خۆی و ڕۆڵی خۆی دەکات وەک لە کارەکتەرە سیاسییەکانی تری ناو بزووتنەوەی کۆنیستی، کە هۆکار بوونە بۆ خوڵقاندنی ڕووداوەکان. وەک ئەوەی هەموو شتێک بە ئیرادە و ویستی ئەو چووبێتنە پێشەوە. ئەم ئیگۆیە ئەگەر لە ئەدەبدا بتوانی مانایەکی مەجازی وەربگرێ، ئەوا لە دونیای سیاسەتدا ناتوانێ زۆر هەناسە بدات.

چوار: بێئاگایی لەبەشێکی گەورەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کە ئەمە خەوشێکی گەورەیە بە کتێبەکەوە. ئەمە وا لە کتێبەکە دەکات بەهای سیاسیی و میسداقیەتی مێژوویی لەدەست بدات. چۆن دەکرێ کەسێکی وەک هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەد کە لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، وەک بە شێوازی نووسینی کتێبەکەوە دیارە کە بەڕێزیان ئاگایان لە جووڵەی مار و مێروو هەبووە، ڕێکخراوی (حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست)ی نەبیستبێ!!! ئایا ئەگەر نەیبیستووە، ئەمە ئاگایی و هۆشیاری هاوڕێ ڕێبوار ناخاتە ژێر پرسیارەوە؟ ئەی ئەگەر بیستوویەتی، فەرامۆشکردنی ئەم ڕێکخراوە ئەدەبییە کۆمۆنیستییە، بیرتەسکی مەحفەلگەرایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو نەبێ، چییە؟. با بەفەرز دایبنێین کە هاوڕێ ڕێبوار (حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست)ی بیر نەمابوو، ئەی خۆ هاوڕێ ڕێبوار ئاگای لەو کورتە نووسینەی من هەبووە بەناوی (ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست) کە باسی مێژوو و چالاکی ئەو حەلقەیەم کردووە و لە ساڵی ٢٠٠٢ لە سایتی دەنگەکان بڵاوم کردەوە و ئەوا شانزە ساڵە لە ئەرشیفی دەنگەکان دانراوە. دیسان با بەفەرز دایبنێین هاوڕێ ڕێبوار ئەمەشی نەبینیوە و بەڕێزیان بەهۆی سەرقاڵییان بە کاری تیئوری کۆمۆنیستی، فریای خوێندنەوەی سایتەکان ناکەوێت، ئێ خۆ بەڕێزیان ئاگایان لە سیمینارە چەند ڕۆژییەکەی هاوڕێ موئەیەد ئەحمەد و بەختیار مستەفا و هاوڕێیانی تر هەبوو لەسەر مێژووی چەپ کە هاوڕێ (سادق عزیز) ئاماژە بە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست) و گۆڤاری (ڕابەر) دەکات، هەبوو. با وای دابنێین ئاگاشی لەمەشیان نەبووە، ئەی خۆ هەر هیچ نەبێ ئاگای لە کتێبە جوان و بەسوودەکەی هاوڕێ سالار ڕەشید هەبوو بەناوی (مێژوویەک لە یادەوەری). خۆ لەو کتێبەی کاک سالاردا لەگەڵ دوو ئەندامی دامەزرێنەرانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست کە عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ و هاوڕێ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد (هۆشەنگ)ن چاوپێکەوتنی سازداوە. ئێ خۆ ناشێ بڵێت ئاگام لەمەشیان نەبووە؟!. چونکە ئەم بێئاگاییە خەوشێکی گەورەی ترە بە کتێبەکەی هاوڕێ ڕێبوارەوە. ئەگەر هیچ لەمانەش وا نییە و هاوڕێ ڕێبوار ئاگاداری حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستە و ئاگاداری سیمینارەکانی هاوڕێیان موئەیەد ئەحمەد و بەختیار مستەفایە و هەروەها ئاگاداری کتێبەکەی هاوڕێ سالار ڕەشیدە، ئەی بۆ باسی نەکردووە؟ بۆچی باسی نامیلکەیەکی ئەدەبی مەحفەلێکی ئەو سەردەمە دەکات (زەنگ)، ئەی بۆ باسی ڕێکخراوێک ناکات کە هەم کاری سیاسیی و هەم کاری ئەدەبی و هونەری دەکرد و خاوەن ڕێکخستن بووە و بە دەیەها کادر و ئەندامی هەبوو، گۆڤارێکی دەردەکرد بەناوی (ڕابەر) و یانزە ژمارەی لەو گۆڤارە بڵاو کردەوە و ئەمە جگە لە چەندین نامیلکەی ئەدەبی تر کە وەک کتێبی گۆڤاری (ڕابەر) بڵاو بوونەوە. ئێوە بڵێن ئەگەر ئەمە عەقڵیەتی مەحفەلیزمی هەشتاکان نەبێ چییە؟

دواجار بەو پێیەی ئەم کتێبە کە تاهێزی نووسین بڕ بکا هۆشیارانە ئیشی لەسەر لێدان و وەلانانی کادر و ڕێکخراوەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کردووە، هەوڵیداوە بە ئاگایانە یان بێئاگایانە مێژووی تەیفێک لە کادیرانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی وەلا بنێ. بۆیە لەم سۆنگەوە ئەم کتێبە لای من ئیعتباری سیاسیی – مێژوویی لەخوارە و جگە لە خۆ بە پاڵەوانزانی نووسەری کتێبەکە هیچ ئامانجێکی تری لەپشتەوە نییە. بەو ئومێدەی هاوڕێ ڕێبوار بتوانێ لە چاپی دووەمی کتێبەکە ئەم خەوش و کەلێنانە پڕ بکاتەوە و ئیعتباری سیاسی – مێژوویی کتێبەکە بەرێتە ئاستێک کە دەست لەسەر سینگ بۆی بوەستین.

**سەرەتای مانگی ئازاری ٢٠١٨**

# ئۆبەیت کێڵنی: کاتێک مرۆڤێک هەژاری وبرسێتی دەیگریەنێت، پێکەنینی مرۆڤەکانی تر جگە لە گەمژەیی هیچ مانایەکی تری نییە!!

## ئیتر بەسە بائەم سیستەمە چەوسێنەرە بگۆڕین

عبدالرحمن رسول

کاتێک لە کۆمەڵگەیەکدا هەژاری و نەداری وبێکاری بەردەوام لەگەشەسەندندا بێت، گەندەڵی ودزی وچەوسانەوەو نابەرابەری لەجیاتی چارەسەر بەرەوهەڵکشان بچێت، بەردەوام کۆمەڵگە لەناو شەڕی نەتەوەیی وتایەفەگەری وئایینی ومەزهەبی وناوچەگەری دابێت، داب ونەریتە کۆنەپەرست وبیروباوەڕە دواکەوتووە دژبە ئازادی وئاسوودەیی ژنان وکچان گەشەی پێ بدرێت، یەکسانی وبەرابەری نێوان ژنان وپیاوان بکرێتە ئەفسانە وبانگەشەی زیندە بەچاڵکردنی ئازادی وبەرابەری بکرێت، ئەمە نیشانەی هەبوونی سیستەمێکی چەوسێنەرو سەرکوتگەرە کە وەک بەڵا باڵی کێشاوە بەسەرشانی تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگەدا. لابردنی ئەوبەڵایەش پەیوەندی بە وشیاری تاکەکانی کۆمەڵگەوە هەیە.

وشیاری خەڵکی چەوساوە گرینگ و پێویستە بۆپچڕاندنی زنجیری کۆیلایەتی بۆئەوەی بگات بەئازادی وهەرگیز نەبێتەوە کۆیلە، لەژێر هیچ ناونیشان وهیچ بیانوێکدا نەهێڵێت بکرێتە کۆیلە لە بەرگێکی جیاوازی کۆیلەداری دا. تێگەیشتنی خەڵکی چەوساوە لەباری کۆمەڵایەتی خۆی سەرئەنجامی ژیانی واقیعی چینەکەیەتی نەک تێگەیشتن وهەرسکردنی بیروباوەڕو بۆچوونەکانی ئەم ئایین وئەو فەیلەسوف و ئەو حیزب وڕێکخراوە پێشڕەوەیە. کەواتە پێویستە خەڵک ئەوەندە وشیاربێت نەبێتە ئامرازی ململانێی ئایین ونەتەوەیی وبیروباوەڕ و بۆچوونەکان وحیزبەکان کە بەهەرجۆرە بۆیاغ وڕەنگ و فەلسەفە وتێڕوانینێک ئاراشت کرابێت. هەمیشە خەڵکی چەوساوەو وشیار پێویستە بەهێزبێت بۆئەوەی ئایینەکان وبیروباوەڕو بۆچوونە فەلسەفییەکان وحیزبییەکان بکرێنە ئامرازێک بۆ ڕزگاربوونی مرۆڤە چەوساوەکان لەدەست یاسا وسیستەمی بێ ڕوحمانەی چەوسێنەردا.

مرۆڤەکان بەرد وشاخەکان نین بتوانن بەرگەی زەبروزەنگی زۆری چەوسانەوە بگرن، سنوورێکیان هەیە بۆبەرگەگرتن لەکۆتاییدا ئەوسنوورە دەگاتە بنبەست هەروەک نووسەری بەناوبانگ جیم ڕۆنان دەڵێت (ئەگەرئەوشوێنەی کەلێی وەستاون بەدڵتان نی یە، بیگۆڕن...ئێوەدرەخت نین....!!) جیم ڕۆنان مەبەستی ئەوەیە کاتێک ئەو یاسا وسیستەمەنانە چەوسێنەرو ئازاربەخشن بۆ مرۆڤەکان، مرۆڤە هەژارەکان بێ بەزەیانە دەچەوسێنەوەو ئازاردەدرێن ئەوا بەدڵنیایەوە ئەو جۆرە سیستەمە چەوسێنەرو نابەرابەرە کە لەژێر هەرناوێکدا خۆی نمایش بکات و فێڵ ودرۆ لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگەکەی بکات، پێویستە ئەوجۆرە سیستەمە چەوسێنەرە بگۆڕدرێت بەسیستەمێکی بەرابەرو ئازاد.

ئۆبەیت کێڵنی گوتویەتی (کاتێک مرۆڤێک هەژاری وبرسێتی دەیگریەنێت پێکەنینی مرۆڤەکانی تر جگە لە گەمژەیی هیچ مانایەکی تری نی یە!!) بێگومان ئەم وتەیە زۆر بەنرخە لەجێگەی خۆیدایە، شایی لوغانی ماڵی سەرمایەدارو پاشا وئاغاو بەگ وکوێخاکان بە کوڕ وکچە هەژارو جوتیار وکرێکارو زەحمەتکێشێک چی! لە کاتێکدا زۆرترین مرۆڤەکانی کۆمەڵگە کرێکاران وجوتیاران وفەرمانبەران ودەستفرۆش وزەحمەتکێشان بن چەرغەکانی فەرمانگە و بەرهەمهێنانیشیان بە دەستەوەبێت بەبەردەوامی کاریش بکەن لەناو فەرمانگە وکارگەو کێڵگەکانی کۆمەڵگەدا کەخاوەنی ڕێژەیەکی زۆری بەرهەمهێنانی بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی ژێر زەوی وسەرزەوی بێت، بەڵام خودی کرێکاران وزەحمەتکێشان وجوتیاران وفەرمانبەرانی کۆمەڵگە نەبنە خاوەنی هیچ جۆرە بەرهەمێکی ماددی ومەعنەوەی کۆمەڵگە، کە لەبەر هەژاری ونەبوونی موچەو پارە نەتوانن کەمترین کاتەکانی ساڵ ومانگ وڕۆژ لە ئاهەنگ وخۆشی وخۆشگوزەرانی دابن، بەڵام دەسەڵاتداران وسەرمایەدارانی کۆمەڵگە دەتوانن لەهەموو ڕۆژەکانی ساڵدا لە خۆشگوزەرانی وئاسوودەیی وبەختەوەری دابن.

نموونەی زۆر هەیە کەفڵان بەرپرس زۆرترین کاتەکانی لە گەشتی وڵاتان بەسەردەبات، یاخود کوڕوکچەکانی لەباشترین زانکۆکانی وڵاتانی پێشکەوتو و دەخوێنن پاش چەند ساڵ بە بڕوانامەی ماستەرو دکتۆراوە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو کۆمەڵگەیەی کە جگە لە کێشەو قەیرانی جۆراوجۆر هیچی تری تێدا نییە ئەوانیش تەنها وەکو گەشتیارێکی بێگانە دەگەڕێنەوە تاماوەک کە خۆیان پێیان خۆشە دواتر بۆ کام وڵاتە ئارەزوو بکەن دەچن بۆ ئەو وڵاتە. هەروەها بەرپرسەکانی دەسەڵات بۆ نەخۆشیێکی زۆر سادە دەچنە پێشکەوتووترین وڵاتانی دونیا، بەڵام نەخۆشخانە وخوێندنگە و زانکۆکانی کۆمەڵگەی خۆیان کەمترین پێداویستی زانستی و پەروەردەیی وپزیشکیان بۆ دابین نەکراوە.

پێویستە سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە وشیارو بەئاگابن بەتایبەت گەنجان ولاوانی کۆمەڵگە ئەویش ئەوەیە بەدرێژایی مێژوویی مرۆڤایەتی کۆکردنەوەی سامان وپارە لەدەست کەمینەی کۆمەڵگەدایە کە دواتر بوونە سەرمایەدارو خاوەن کۆمپانیای جۆراوجۆرەکان بەهۆی چەسپاندنی یاساکان وسیستەمی چەوسێنەری نابەرابەرو سەرکوتکەرەوە بووە، نەک بەهۆی کارکردن وماندوو بوونیانەوە. هەروەک کارڵ مارکس گووتویەتی (کۆکردنەوەی سامان بەبێ دەست درێژیٚ کردنە سەرمافی خەڵک ئەستەمە.) ئەم وتەیە زۆر ڕاستە بۆهەموو سەردەمێک دەگونجێت کە یاساو سیستەمێکی نابەرابەرو سەرکوتگەرو چەوسێنەر هەبێت.

عبداڵڵە پەشێوی شاعیر گوتویەتی

من دەڵێم سەرداری ئێمە چەتەومافیاو گەل فرۆشن
دەڵێن نا نا ئەوان بۆنانی گەل تێدەکۆشن
من دەڵێم لەبری شەراب ئەوان خوێنی گەل دەنۆشن
لێم پەست دەبن کۆیلە دەربار ئەوانەی دایم لەکۆشن
دە تێ بگەن هەتا ئێوە مەڕبن کەڕ بن کەللا پۆشن
ئەوانەی چاکتر دەستیان ڕادێ
چاکتر خوێنی ئەو میللەتە دە دۆشن

کەواتە هەتاوەکو خەڵکی چەوساوە خۆی وشیار دەبێتەوەو خۆیی ڕێکخراو دەکات بۆ گۆڕانکاری لە جۆری سیستەمی چەوسێنەرو نابەرابەردا، تێدەکۆشێت بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی ئازادو بەرابەر بە دڵنیاییەوە ئەبێت قوربانی زیاتر بدات، لەبەرئەوەی هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی سەرکوتگەرو چەوسێنەر لەخۆیەوە ناگۆڕێت، نە ئاسمان بۆت دەگۆڕێ نە زەوی بۆت دەگۆڕێ. هەتاوەکو خەڵکی ناڕازی تێکۆشانی بۆ نەکات بۆ گۆڕانکاری لە سیستەمێکی چەوسێنەردا.

هەروەکو لەسرودی ئەنتەرناسیۆنالیش دا هاتووە کە دەڵێت:

هەستن ئەی هۆزی بەشمەینەتان
دیلانی برسێتی دونیا
لەتەنورەی بیروباوەڕمان
خرمژنی تریشقەی ڕاسا
تەنورەی ئاخیرینە هەستن
با هەڵی پێچین دەورەی کۆن
ڕابین و ژێرەوژوورکەین جیهان
ئێمەی هیچ بین بەگشت ئەی کۆیلان....

کەواتە ئەگەر بمانەوێت ڕزگاربین لەدەست نابەرابەری وچەوسانەوە وگەندەڵی ودزی وشەڕوئاوارەیی وبێکاری وهەژاری بەچەندەها کێشەو قەیرانی تر کە بەهۆی باڵادەست بوونی ئەم جۆرە سیستەمە بێ ڕوحمە چەوسێنەرەوە بۆمان دروست بووە و هەتاوەکو ئەو جۆرە سیستەمەی ئێستاش بەردەوام بێت بە دڵنیایەوە بەچەندەها کێشەو قەیرانی تر بۆ خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش وهەژارو فەرمانبەرانی کۆمەڵگە زیاتر دەبێت. بۆ گۆڕانکاری لەم جۆرە سیستەمەدا کە لە وڵاتانی ئێران وعێراق وتورکیا وسوریا هەیە لەکۆمەڵگەکانی تریش کەچەوسانەوەو نابەرابەری وسەرکوت وجودی هەیە پێویست دەکات تێکۆشان بکەین، هەر یەکێک لەئێمە بەهەر جۆرێک گونجاوە بۆ تێکۆشان خۆی ڕێکخراو بکات بە ئاراستەی خەباتکردن بۆ گۆڕانکاری بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی باشتر دوور لەچەوسانەوە. بە تێڕوانینی خۆم ئەمڕۆ مرۆڤایەتی زیاتر لە هەرکاتێکی تر پێویستی بە شۆڕشی سۆشیالیستی و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی هەیە. ڕێگایەکی تر نەماوە لەبەردەم خەڵکی چەوساوەدا. ئەگەر لەئێستاوە دەست بەتێکۆشانی یەکگرتوانەو هاوبەش نەکەین خەڵک خۆ ڕێکخراو نەکات و ئازادیخوازان ویەکسانیخوازان وچەپ وکۆمۆنیستەکان خۆیان لەپرشوبڵاوی ڕزگارنەکەن وئاسۆی تێکۆشانێکی هاوبەش ویەکگرتوانە بنیادنەنێن، جیهانی مرۆڤایەتی زیاتر لەوەی هەیە بەکردەوە دەچێتە ناو بەربەریەت وکاولکاری وکۆمەڵکوژی و شەر وئاوارەییەوە. تاوانەکانی یاسا وسیستەمی سەرمایەداری سات لەدوایی سات گەورەتردەبن بەرۆکی بەسەرجەم مرۆڤەکانی کۆمەڵگەکانی جیهانی گرتووە. نموونەیەکی زۆر زیندو و دیار بۆ هەموولایەک ئەویش بێ دەنگی سەرجەم دەوڵەتانی سەرمایەداری جیهان لەئاست گەشەدان بەشەڕو ئاوارەیی لەبەشێک لە وڵاتاندا یەکێک لەوشوێنانە کەهێرش وداگیرکاری دەوڵەتی ئیسلامیی تورکیا لەژێر ناو وبانگەوازی جیهاد والله اکبر بۆ سەرخەڵکی تێکۆشەری خۆرئاوایی کوردستان بەگشتی وشاری عەفرین بەتایبەتی کرا، کە بۆماوەی دوومانگ زیاترە بەردەوامە لەئەنجامدانی کۆمەڵکوژی هاوڵاتیان بەزەبری تۆباران وبۆمباران بەچەکی قورس وبەسوپایەکی زۆر وبەهاوکاری ڕێکخراوە ئیسلامییە توندڕەوەکان کە بریتیین لەپاشماوەکانی داعشی تیرۆریست شاری عەفرینیان داگیرکرد. ئەم بێدەنگی جیهانی دەوڵەتانی سەرمایەدار لەئاست کۆمەڵکوژی وداگیرکاری شاری عەفرین چاوەڕوانکراو بوو لەبەرئەوەی سەرجەم سیستەم ودەسەڵات ویاساکانی سەرمایەداری تەنها گرینگی بە بەرژەوەندی دەسەڵاتی خۆیان و زیادکردنی سەروەت وسامانی خۆیان دەدەن. بەهیچ شێوەیەک چەسپاندنی وئازادی ومافەکانی مرۆڤ یان بەلاوە گرینگ و بەها نییە. ئاشکرایە بەچەکی ئەمریکی وڕوسی و ئەڵمانی وفەرەنسی و...هتد کە هێرش دەکرێتە سەرخەڵکی خۆرئاوای کوردستان وسوریا کە خەڵک کۆمەڵکوژ و ئاوارە دەکرێت.

هەرجۆرە چاوەڕوانێک لە پارێزەرانی سیستەمی سەرمایەداری بۆ هێنانەدی گۆڕانکاریەکی باشتر بۆخەڵک جگە لەخۆفرێودان و کات بەفیڕۆدان هیچی ترنییە. چاوەڕوانی ویژدانی سیاسی لە چینی سەرەوەی کۆمەڵگە بێبنەما و بێ ئەرزشە هەر واش دەمێنێتەوە هەتا پارێزەرانی سیستەمی سەرمایەداری بمێنن. بۆیە تەنها چارەسەر بەدەست خودی خەڵکە بۆ تێکۆشان بەڕێگەی سۆشیالیزم، ئەویش بە گەشەدان بەتێکۆشانی هاوبەش ویەکگرتوانەی خەڵکی چەوساوە و زوڵم لێکراو لە ڕێگای شۆڕشی خودی خەڵکەوە سەرکەوتوو دەبێت .

چەندین ساڵ لەمەوبەر مەنسور حیکمەت گوتویەتی (جیهان بەبێ بانگەواز بۆ سۆشیالیزم، بەبێ ئومێد بەسۆشیالیزم، بەبێ (هەرەشە) سۆشیالیزم ئەگۆڕێت بەچ لیتاوێک.) کەواتە با هیچی تر کات بەفڕۆ نەدەین و قوربانی زیاتر نەدەین بەمرۆڤایەتی با بەیەکەوە دەستی یەکبگرین وهەنگاوی هاوبەش بنێین بۆ چارەسەری تەواوی کێشەو قەیرانەکان، بەیەکەوە بڵێین نا بۆ چەوسانەوە ونابەرابەری بەڵێ بۆ ئازادی و بەرابەری.

## ڕێژەی بێکاری لەبەرزبوونەوەی بەردەوام دایە لەبەریتانیا


Jobless total up for the second month running

ژمارەی ئەو کەسانەی کە بێکارکراون بۆ دوو مانگ لەسەر یەک لە بەرزبوونەوەدایە. ئەمە لەکاتێکدا گوشار لەسەر گوزەران و ژیانی ملیۆنەها خێزان بەردەوامە. بەپێی ئامارەکانی کە ئەمرۆ پەردەیان لەسەر هەلماڵراوە. ژمارەی بێکارەکان ٢٤٠٠٠ زیادی کردووە کە بوەتە یەک ملیۆن و ٤٥٠ هەزار کەسی بێکار لە ٣ مانگدا تاکو مانگی یەک (واتە جەنیوەری) پاش بێکاربوونی ٤٦٠٠٠ کەس لەدواین چارەکی ساڵدا. ئەمەش بەپێی فەرمانگەی ئاماری نیشتمانی. ژمارەیەک لەو ڕێژە بێکاریە دەگەڕێتەوە بۆ کەسانێک کە لەڕووی ئابووریەوە چالاک نین وەک خوێندکاران، خانەنشینی ناوادە و کەسانی نەساغ و نەخۆش کە نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە. ژمارەی بێکاری لەنێو ژناندا بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردوە بۆ نموونە ٤٩٠٠٠ ژن بێکاربوون لەکاتێکدا ژمارەی بێکاری لەنێو پیاواندا بە ٢٥٠٠٠ کەس کەمی کردووە.

## بەرزبوونەوەی مووچە و هەقدەستی کرێکارانی خزمەتگوزاری تەندروستی بەرێژەی لەسەدا ٦ لەماوەی ٣ ساڵدا




لەمانگی ئەیلولی ٢٠١٥ وە تەنها لە مانگی جەنیوەری ئەمساڵ دا بووە کە مووچە بەرێژەی لەسەدا ٠,١ زیادی کردوە. کەلەراستیدا مووچە بەرێژەی لەسەدا ٠,٢ بەردەوام کەمی کردوە لەبەرئەوەی مووچە هەمیشە کەوتۆتە دواوە لە چاو هەڵاوساندا (تضخم). ئابووری ناسەکان پێشبینی ئەوە دەکەن کە ئەو گوشارە کەهەیە بەهۆی مووچەوە دەگونجێ کەم بێتەوە بەهۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی هەڵاوسان. هەرلەم کاتەشدا حکومەت بڕیاری داوە کە مووچە وهەقدەستی کرێکاران وکارمەندانی خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانی (ئێن ئێچ ئێس) لەماوەی سێ ساڵدا بەرزبکاتەوە. پاش ئەوەی بۆ ماوەی ٧ ساڵ بەرزکردنەوەی مووچە وەستێنرا بوو، ئەم بڕیارە ١,٣ ملیۆن کرێکار وکارمەند دەگرێتەوە. بەپێی ئەم بڕیارە بۆ پەرستاران و کرێکارانی چاودێری تەندروستی وکرێکارانی بارهەڵگر (حەماڵەکان) وە کرێکارانی بەشی فریاکەوتن، لەسەدا ٣ ئەمساڵ بەرزدەبێتەوە وە لەسەدا ٢ لە ساڵی داهاتوودا و لەسەدا ١ ش لەساڵی ٢٠٢٠ دا. بەڵام دکتۆرەکان ڕێژەیەکی جیاوازە کە قەرارە بەلانی کەمەوە ٤ هەزار پاوند مووچەیان بەرزبکرێتەوە. بەپێی ڕۆژنامەی مێترۆی ڕۆژی ٢٢ی مارسی ٢٠١٨ تا ڕێژەی لەسەدا ٢٩ مووچە و هەقدەست بەرزدەبێتەوە کە ١,٣ ملیۆن دەگرێتەوە، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوە نییە ئەمە تەنها کەسانێکی کەم دەگرێتەوە و ١,٣ ملیۆن کرێکار ناگرێتەوە بەڵکو، کرێکاران بەرێژەی لەسەدا ٣ مووچەیان ئەمساڵ زیاد دەکات.

# هەواڵی نارەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکان

ئامادەکردنی: شوان عەزیز، سالار حەمە سەعید، ئاراس ڕەشید




### بەسە ! ئیتر بەسە !

### ئەمەریکا 'Enough is enough': US students stage walkouts against guns

ئەمە ئەو شیعارو هوتافە بوو کە لە سەرتاسەری ویستگە و سەکۆی وتار خوێندنەوەکانی ئەمەریکادا لەلایەن خوێندکارانەوە دوترایەوە. شیعاری" بەسە ئیتر بەسە، لەدژی هەبوونی چەک لە بازاری ئازاد" بوو. کە بە شێوەیەکی بەرفراوان دەکەوێتە دەستی خەڵکەوە و لە ئەنجامیشدا کارەساتی دڵتەزێنی لێ دەکەوێتەوە.

ئەو خۆپیشاندان و نارەزایەتیانەی خوێنکاران لەئەنجامی ئەوەدا بوو کە مانگی ڕابردوو لە فلۆریدا لەناو خوێندنگایەکدا کەسێک تەقەی لە خوێنکاران کرد و لە ئەنجامدا حەڤدە خوێندکار کوژران .

جێگەی باسە کە خوێندکاران لەسەرتاسەری ئەمەریکادا لە پۆلەکانیان هاتنەدەر و دەنگی نارازایەتیان بەرزکردەوە. ئەمەش لەدژی هەبوونی کارەساتی مرۆیی بە هۆی بوونی چەکەوە بە دەستی هاووڵاتیانەوە بوو.

بە سەدان خوێندکاری خوێندنگاکانی دەوروبەری واشنتۆن لەبەردەم کۆشکی سپی گردبوونەوەیان ئەنجامدا. ئەو خوێندکارانە پڕ بە گەروویان هاواریان دەکردو شیعارەکانیشیان کە بەرزیان کردبوونەوە بریتیبوون لە 1- بەسە ئیتر بەسە ! 2- ئیتر ناماناوێت ئەمە دووبارە بێتەوە ! 3- پێویستە خەڵک بپارێزرێت نەک چەک.

لە کاتژمێر ١٠ی بەرەبەیانی لە زۆرێک لە خوێندنگاکانی ئەمەریکادا خوێندکارەکان هاتنەدەر لە پۆلەکانیان و ساتێک بەبێدەنگی وەستان بۆ ڕێزلێنان لەو حەڤدە کوژراوە. جێگەی باسە کە چوارەدیان خوێنکاربوون وە سیانەکەی تریش سەر بە ستافی خوێندنگاکە بوون.بە پێی سەرچاوەی جولیۆ کۆرتێز لە میدیای ئەی پی یەوە، چوونە دەرەوەی سەرتاسەری خوێندکاران لە خوێندنگاکانیان حەڤدە خولەکی بۆ دانرابوو. بۆ هەر کوژراوێک یەک خولەک، بەڵام زوربەی خوێنکاران ئەوەیان جێبەجێنەکردو و هەندێکیشیان تەواوی ئەوڕۆژە لەدەرەوە مانەوە و نارەزایەتیان نیشان دا. شایانی باسە کە ٢٤ی مارس شەممە ڕۆژی پشتیوانی بوو لەو بڕیارە لە ئەمەریکا و کەنەدا.جێگەی باسە خوێنکاری پێشووی خوێندنگای ستونمان دوگلاس بە ناوی نیکۆلاس کرووز کە تەمەنی ١٩ ساڵە تەقەی لە خوێندکارە هاوەڵەکانی خۆی کرد و لە ئەنجام دا چواردە خوێنکاری کوشت و سێ کەسیشی لە ستافی خوێندنگاکە کوشت...

بۆ زانیاری؛ لە ئەمەریکادا چەک هەڵگرتن و کرین و فرۆشتن پێیەوە ئازادە. هەر کەس دەتوانێت چەکی هەبێ لە ماڵەوەو هەڵی بگرێت. ئەمەش تائێستا ساڵانە کارەساتی گەورەی مرۆیی لێ کەوتۆتەوە. هەربۆیە سیستەمی سیاسی ئەمەریکا بۆی بۆتە کێشە. هەر لەو بارەوە بۆچوونی دیموکراتخوازو پارێزگاران دوو بۆچوونی جیاوازن.



### بە دەیان هەزار لە خانە نشین دەڕژێنە سەر شەقامەکانی ئیسپانیا بە مەبەستی خۆپیشاندان!

لەبەرامبەر بڕیارێکی حکومەتی ئیسپانیا بە زیادکردنی تەنها ٠,٢٥ بۆسەر موچەکانیان بۆ ساڵی ٢٠١٨، بە دەیان هەزار لە خانەنشینان بە مەبەستی نارەزایەتی دەربڕین هاتنە سەر شەقامەکانی شارەکانی وڵاتی ئیسپانیا.

جێگەی ئاماژەپێکردنە کە ئەو نارەزایەتیانە ئەنجام دران لەژێر دروشمێکدا بوو کە بریتیبوو لە: نەخێر بۆ زیاد کردن تەنها بە ڕێژەی لە ٢٥٪. هەروەها ئەوەشیان خستە ڕوو کە دەبێت چەند زیادبکرێت. ئاماژەیان بەوەدا کە دەبێت زیادکردن بە ڕێژەیەک بێت کە لە خوارووی ئاستی هەڵاوسانی بازاردا نەبێت. چونکە دەبێتە زیاتر خراپکردنی ژیانی خانەنشینان.

هەروەها دەبێ ئەوەش بگوترێت کە ئەو دەیان هەزار خانەنشینەی کە هاتە سەرشەقامەکانی مەدریدی پایتەختی ئیسپانیا سەرباری ڕێژنەی باران لەو ڕۆژەدا بەیانێکیان ڕاگەیاند. ئەو بەیانە لەلایەن دووسەد ڕێکخراوەوە ئیمزاکرا، و بە سەدان کەسیش ئیمزای خۆیان لەسەردا. هەموو ئەوانە ئەوەیان دووپاتکردەوە کە ژیانی خانەنشینان ڕووی لەبەرەو خراپ بوونە و بە زیادکردنی ئەو ڕێژە کەمە ژیانی ڕۆژانەیان پێ دابین ناکرێت.لەوبارەوە زۆرێک لە بەرپەوەبەرو بەرپرسانی ڕێکخراو و یەکێتیە کرێکاریەکان ئاماژەیان بەو خۆپیشاندانەی خانەنشینان کرد و بە خاڵێکی گرنگ وەرچەرخانیان دانا. هەندێک لەوانە بۆ نموونە یەکێتی گشتی کرێکاران و ڕێکخراوی سی سی ئۆ ئۆ ئەوخۆپیشاندانانەیان وەک تەقینەوەیەکی ناو کۆمەڵگە ئاماژە پێکرد.

هەروەها لە هەمانکاتدا پێدرۆ سانچێز، ڕابەری حیزبی سۆشیالیست، وتی ئەو کارە ئەرکی حکومەتەکەی ماریانۆ ڕاژۆیە بۆ زیادکردنی مووچەی شایستە بە هەموو مووچە خۆران،



بەڵام تا ئێستا ئەم حکومەتە بەداخەوە ئەوەی نەکردووە. لە بەرشەلۆنەش پۆلیسی ناوخۆ حسابی کرد کە دەوروبەری ٣٠ هەزار کەس هاتوونەتە سەرشەقامەکان بە مەبەستی نارەزایەتی دەربڕین. هەروەها پۆلیس ڕایگەیاند کە خۆپیشاندەران هاواریان کردووە: ڕاژۆی دەست لەکار بکێشەرەوە. هەروەها وتویانە دزوگەندەڵەکان پارەی ئێمە دەدزن.

### شوفێرانی سەربە کۆمپانیای ئوبەر لە سەرتاسەری هیندوستاندا دەستیان دایە مانگرتن !

لەبەرئەوەی شوفێرانی سەربەکۆمپانیای ئوبەر لە هیندوستاندا ڕۆژانە تەنها ٣ دۆلاریان دەست دەکەوێت، بۆیە لەسەرتاسەری ئەو وڵاتەدا بڕیاری مانگرتنیاندا.

جێگەی باسە کە دەوروبەری یەک ملیۆن و نیو شوفێر بۆ کۆمپانیای ئوبەر، ئۆلا، وە چەند کۆمپانیایەکی تری نێو هەمان سیستەمی ئوبەر کاردەکەن.

بۆیە زۆرێک لەو شوفێرانە بڕیاری نەچوونە سەرکاریان داو دەستیان دایە خۆپیشاندان و ڕژانە سەرشەقامەکان لە تەواوی وڵاتدا. ئەمەش بووە هۆی کە کێشە بۆ سیستەمی هاتوچۆ دروست بکەن و هەروەها سەرئێشەیەکی زۆریش بۆ ئەو کەسانە دروست بوو کە شوێنێکی دووریان دەبری بۆ چوونە سەرکار.

شوفێرەکان هاواریان دەکرد کە هیچ چارەیەکیان نەماوەو هەر بۆیەش هاتوونەتە سەرشەقامەکان. دەیانگوت کە ئەوان تەنانەت ئەوەندەش پارە پەیدا ناکەن ڕۆژانە کە بیدەن بە خاوەن

## درێژەی دوا وتە....

کۆنەپەرستانە و بەخۆشباوەرییان بە سیاسەت و نەخشەی لێک گرێدراو بە ئەمریکاو غەرب و بەفریوی و بانگەشەی رزگاری عێراق!! وە، راپەرین... هەر بۆیە کە دێوەکە" بەعس" گڵۆپی سەوزی ئەمریکی بۆ هەڵکرا و سوپای قەسابی کراو جوڵا... خەڵک و حزبەکان پەلوپۆیان شکاو ئیرادەیەک بۆ وەستانەوەو بەرگری لەخۆکردن نەبوو... خۆ ئەگەر راپەرین، بەرهەمی ئیرادەی وەگەرکەوتووی خەڵک و حاسلی ڕووبەڕووبوونەوەی لە پێشتری جەماوەری ڕێکخراو بوایە، لاواز بوونی بەعس بەرهەمی گۆرانی هاوسەنگی هێز بە قازانجی خەڵک بوایە، بەرگریکردن و وەستانەوە بەرووی بەعسدا، دەبوو پێداویستیەک و حکومەتی بەعسیش نەیدەتوانی وا بەسانایی بگەرێتەوە و خەڵکی کوردستانیش توشی ئەو مەرگەساتە نەدەبوو... کاتێک خەڵکی کوردستان ئاوارەبوون و مەرگەساتی ئەو تراژیدیایە دنیای تەکاندا.... ئەمریکاو غەرب لە جێگای ئەوەی پرسی خەڵکی کوردستان، وەکو کێشەیەکی سیاسی تەماشابکەن، هاتن و پرسی سیاسی خەڵکی کوردستانیان هێنایە خوارەوە بۆ پرسی ئینسانی و ئاوارەیی و بۆ ئەو مەبەستەش ناوچەی دژە فرینی ٣٦ یان دانا، کە بەوکارەیان خەڵکی کوردستانیان، کردە ئۆردوگا نشین و چاولەدەست و ئیرادە سڕکراو... بەو پلانە چەپەڵەشیان، تراژیدیای ئاوارەییان، کردە تراژیدیای جێگیر و فەرمی، بەڵام ئەمجارە لەناو قەفەزێکی بێ ناونیشانی وڵاتیدا... کوردستان لەو کاتەوە لە کۆمەڵگەیەکی نۆرماڵی پێناسەکراو بەشێک لە عێراقەوە، بووە سەرزەمینێکی هەڵواسراو، کە نەبەشێک بوو لە عێراق و نەبوو بە وڵات و سەزەمینێکی سەربەخۆیی وڵاتی و خاوەن ناسنامەیەکی نوێ...

ئێستا دوای ٢٧ ساڵ، بەسەر کارەساتی ئاوارەیی و لێکەوتە دڵهەژێنەکانی ئەو کارەساتە.. خەڵکی کوردستان هێشتا ناسنامەی وڵاتیان نییە. ٢٧ ساڵە، دەسەڵاتی داسەپاوی بزوتنەوەی کوردایەتی کە لە ڕێگای خۆبەستنەوە بە جەنگەوە، بوونە میراتگری دەسەڵاتی پێشووی بەعس، سەرباری هەر هەوڵ و تەقەلایەکیان بۆ لکاندنەوەی کوردستان بەعێراقەو لەژێر ناوی فیدرالیزم...دا، بەڵام هێشتا کوردستان، نەبۆتەوە بە بەشێک لەعێراق و نە بۆتە دەوڵەتێکی سەربەخۆش... پەیوەندی کوردستان، بە بەغداوە، کێبەرکێی داهاتی نەوت و سامانە سروشتیەکانە، پەیوەندی و مامەڵەیەکی سیاسی و ئابوری و ئاڵۆزکاو ناجێگیر و ئاوساو بە دەیان کارەساتی داهاتووە. هێشتا ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان و ئایندە سیاسییەکەی لە مامەڵەیەکی بێ نەخشەدا، دەخولێتەوە... ئەوەی کە ئایندەی سیاسی چی بەسەر دێت، بەکوێ دەگات؟ هێشتا پرسێکی کراوەی سیاسی و حقوقی سەرەکی، دنیای ئەمرۆیە...

دوای ٢٧ ساڵ بەسەر کارەساتی ئاوارەییدا، دەتوانین بڵێین هێشتا خەڵکی کوردستان، بەو هۆیەوە بەکردەوە نەبۆتەوە بەبەشێک لە عێراق و نەبۆتە دەوڵەتێکی سەربەخۆش، هەر ئاوارە و چارەنووسی ناجگیر و لە گێژاوا پەل و پۆ دەکوتێت... پرسی سەرەکیش کۆتاییهێنانە بەو هەلومەرجە... کوردستان یان دەبێ ببێتەوە بە بەشێک لەعێراق بەمافی هاوڵاتی یەکسانەوە، یان دەبێ چارەنووسی سیاسی و حقوقی بکەوێتە دەستی خۆی... دیارە لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئیسلامی و قەومی و تایفیدا، مافی هاوڵاتی بوونی یەکسان وەهمەو هەڵاواردن و جیاکاری تایبەتمەندی جیگری ئەو جۆرە دەسەڵاتە قەومی یان مەزهەبیانە، بۆیە لە ئێستادا تەنها یەک ڕێگاچارەی کردەنی و کارساز لەبەردەم ئایندەی سیاسی کوردستان و خەڵکەکەیدایە، ئەویش جیابوونەوەی فەرمی کوردستان، لە عێراق و پیکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆیە... دیارە بۆ ئەوەی ئەمەش بێتە دی، لەگرەوی ئەوەدایە یەکەم: دەسەڵاتی میلیشیایی ناسیونالیستی بۆرژوازی کورد، لەڕێگای بزوتنەوەی جەماوەری و شۆرشگێرانەی خەڵکەوە کۆتایی پێ بهێنرێت، کە کۆسپێکی سەرەکی بەردەم سەربەخۆیی کوردستان و ئیرادەی شۆشگێرانەی جەماوەرە. دووەم: هەرئەم بزوتنەوەی شۆرشگێرانەیەی کۆتایی بەدەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی دەهێنێت، بە وەرێخستنی بزوتنەوەیەکی جەماوەری ملیۆنیی و بەبەدەستهێنانی پشتیوانیەکی ناوچەیی جیهانی دنیای پێشکەوتنخوازو ماف پەروەرەوە بۆ سەربەخۆیی بێتە مەیدان و دەوڵەتی مەرکەزی و هاوکات کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناچاربکات مل بە ئیرادەی زیندو وەگەرکەوتووی خەڵکی کوردستان بدات... کوردستان ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ... ئەمە زامنی چارەسەری کێشەی نەتەوەیی و هاوکات دەرهاویشتەکانی ئەو کیشەیەیە، کە جەنگ و ماڵوێرانی و ئاوارەیی و... بەشیکن لە لێکەوتەکانی.

**کۆتایی ئاداری ٢٠١٨**

کۆمپانیاکە. دەیان گوت ئەوان ناتوانن تەنانەت ژیانی ڕۆژانەی خۆشیان دابین بکەن.

سانجای نایک، سەرۆکی نەقابەی گواستنەوەی سەر بە حیزبی مەهاڕاشترا ناڤنیرمان سێنە، کە مانگرتنەکەی شوفێرانی ڕێکخست لە وتەیەکدا ڕایگەیاند: "شوفێران قەرزێکی زۆریان لەسەر کەڵەکە بووە" شوفێرێک بە ڕۆژنامەی تایمی هیندوستانی ڕاگەیاند کە پێشتر بەوجۆرە نەبوو. ئەو گوتی کاتێک کە لەساڵی ٢٠١٣ دا کۆمپانیای ئوبەر هاتە ناو هیندوستانەوە پارەی



باشی دەدا و بەڵێنیشی دا کە دەوروبەری هەزارو پێنجسەد دۆلار بدات بە هەر شوفێرێک لە ساڵێکدا. هەر بۆیە بەپێی زانیاری بانکی جیهانی لە ساڵی ٢٠١٦ دا هەر شوفێرێک نزیکەی ١٦٠٠ دۆلاری لەو ساڵەدا دەست کەوتووە، بەڵام ئێستا کە ساڵی ٢٠١٨ یە کارەکە بەم شێوەیە نەماوە و شوفێران هیچ دەستکەوتیان نییە.

شوفێران دەڵێن: زۆر ناخۆشە کە زۆرێک لەو شوفێرانە وەختی خۆی مووچەخۆری دەوڵەت بوون و وازیان لە کاری موچەخۆری هێناوە و ئێستاش ئەوە حاڵیانە. یان زۆرێک لە جوتیاران زەویەکانیان فرۆشتووە و بوونەتە شوفێری ئوبەر ئەوەتە ئەوانیش لە هەر دووک دینان بوون.

### مانگرتنی کرێکارانی کەرتی گشتی لە ئەڵمانیائەڵمانیا/ بەرلین

دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیا ئاماژەیاندا بە سستبوونی هاتووچۆ لە شارەکانی هام و ماینتس لە ڕۆژی ٥ شەممە ٢٢/٣/٢٠١٨. ئاژانسی هەواڵەکانی ئەڵمانیا گوتیان کە مانگرتنی کرێکارانی کەرتی گشتی بەردەوامیدا بە نەچوونی کرێکاران بۆ سەرکار لە ئەڵمانیا بووە هۆی داخستنی هێڵی گواستنەوەی گشتی.

لە شاری میوینیخدا دەزگای ئیداری شارەکە و خزمەتگوزاریە گشتیەکان مانیان گرت لە کارکردن، ئەوەش بە داخستنی ناوەندی چاودێری ڕۆژانەی گشتی بە لانی کەم. ئەمەش بە پێی قسەی لهینریش بیرنر کە سەرۆکایەتی بەشی نەقابەی کرێکارانی فیردی دەکەن لە ناوچەی میونیخ. هەروەها سەندوقەکانی خاک وخۆڵ بەتەواوی ئەو ڕۆژە بەتاڵ نەکرابوون.

مانگرتنەکەش لەسەر داواکاری نەقابەی فێردی بۆ زیادکردنی کرێ بەڕێژەی ٦% بۆ نزیکەی ٢,٣ ملیۆن فەرمانبەری ئیتیحادی و ناوخۆیی لە هەموو ئەڵمانیا، لەگەڵ لانی کەمی کرێ کە دەکاتە ٢٠٠ یۆرۆ( ٢٤٧$). هەروەها نەقابە داوای داوای زیادکردنی ڕاهێنەران و کرێکارانی کاتی کردووە بە بڕی ١٠٠ یۆرۆ لە مانگێکدا. خاوەن کارەکانیش داوای زیادکردنی کرێ ڕەتدەکەنەوە. وا بریارە گەرێکی کۆتایی دانوسانی بەڵێنی کاری بەکۆمەڵ لە ڕۆژانی ١٥و١٦ ی نیسان ئەنجام بدرێت. دوای مانگرتنی کەرتی گشتی گواستنەوە لە شارەکانی کۆڵۆن و دوسڵدۆف و ئایسین و دۆرتمۆند وبوخۆم ودۆیسبۆرج و هەندێک شاری دیکە لە نێو ئەو شارانە بوون کە ڕۆژانی ڕابردوو مانگرتنیان تێدا ئەنجامدراوە. لەلایەکی دیکەوە؛ ماینتس نەخشەیەکی لەناکاوی ئامادەکردوە بۆ هاوئاهەنگی کردن لەگەڵ ئەو کرێکارانەی کە مانیان نەگرتوە بۆ ئەوەی سەرۆکایەتی بکەن" لەکاتی نا ڕێکخراو". ئەمەش بە پێی قسەکەری دەستەی گواستنەوەی گشتی لە ماینتس.

### ٢٢مانگرتنی سەرتاسەری لە فەرەنسا !

فەرمانبەرانی بەشی سێکتەری گشتی و کرێکارانی هێڵی شەمەندوفەر لە فەرەنسادا دەست دەدەنە مانگرتن!

شەمەندەفەرەکان. هێڵی ئاسمانی و فڕۆکەکان،




هەروەها فەرمانبەرو کرێکارەکانیان خۆیان لە جووڵە خست و دەستیان دایە مانگرتن.

ئەمڕۆ پێنج شەمە ڕێکەوتی ٢٢ی ئازاربە دەیان هەزار لە مامۆستایان، پەرستیاران و چەندین سێکتەری تر هاتنە ناو مانگرتنە سەرتاسەریەکەی ناو پاریس. ئەوەش وەک وەڵامدانەوەیەک بوو بە شێوەی مانگرتن بۆ ڕیفۆرمەکەی ماکڕۆنی سەرۆکی فەرەنسا. جێگەی باسە کە ئەو مانگرتنە بوو بەهۆی دروستکردنی شڵەژانێکی زۆر لە بواری هاتووچۆی پاریس داو تێکهەڵچوونیش دروست بوولە نێوانی خەڵکی ناڕازی و هێزی پۆلیس دا.

بە پێی هەواڵێکی ڕۆیتەر ئەو خۆپیشاندان و مانگرتنانە لە دەوروبەری زیاتر لە ١٨٠ شوێن بەڕێوە چوون. وە لە زوربەی شوێنەکانیش بە شێوەیەکی ئاشتی ئەنجامدراون و هیچ توندوتیژییەکیان لێنەکەوتۆتەوە.. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێک شوێنیشدا تێکهەڵچوون درووست بووە لە نێوان پۆلیس و ناڕازیبووواندا. وە باس لەوە دەکرێت کە پۆلیس لە هەندێک شوێنیش غازی فرمێسک ڕێژی بەکارهێناوە لە دژی خۆپیشاندەراندا.

جێگەی باسە کە ئەوە یەکەم جارە لە مانگرتنەکاندا، کرێکارانی سێکتەری گشتی دێنە پاڵ کرێکارانی دەرەوەی سێکتەری گشتی. ئەو هەماهەنگی و تێکەڵاوبوونەی تەواوی سێکتەرەکان هەمووی لەبەرامبەر بریارنامەکەی ماکڕۆنی سەرۆکی فەرەنسادایە.

کرێکارێکی خانەنشین بووی تەمەن ٦٥ ساڵ لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆیتەر وتی: " ئێمە ئەمڕۆ کە لە لێرەین بۆ ئەوەیە کە ناڕەزایەتی خۆمان لە بەرامبەر ڕیفۆرمەکەی ماکڕۆن دا نیشان بدەیین. ئەو ڕیفۆرمەی ئەو تەنها خزمەت بە چینی دەوڵەمەنەکان دەکات. بە شێوەیەکی زۆر کورت و پوخت ئەوەیە کە کارەکانی حکومەت هیچی لەبەرژەوەندی خەڵکی هەژاردا نییە."

دوا لاپەڕە
ژمارە ( 25 ) 1/4/2017
بۆپێشەوە
FORWARD
بلاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
ئاراس ڕەشید، عەلی مەولود، عەبدالرحمن ڕەسوڵ، ئارام حەمە سەعید، عەبدوڵا مەحمود، مزەفەر عەبدوڵا، عەبدوڵا سولەیمان، هەتاو عەبدوڵاهی، ژیمان عبدالرحمان، شوان عەزیز، سالار حەمە سەعید

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

# ولفرام لیب؛" ترایر بەڕەنگی مارکس دەردەکەوێت"


## ئەو شارەی کە مارکس تێیدا لەدایک بووە، هەستاوە بەجێگرکردنی وێنەی مارکس لەسەر چراکانی پەڕینەوە.

ترایر(Trier)؛ شاری بیرمەندی کاریگەری کۆمۆنیست (کارڵ مارکس)؛ ساڵیادی ٢٠٠ساڵەی لەدایکبوونی بە چرای پەڕینەوەی پیادەڕەوان دەکاتەوە.

فەیلەسوف و سیاسی و شۆرشگێری کۆمۆمۆنیست و گەورە و نووسەری کتێبی (مانیفێستی کۆمۆنیست و سەرمایە)؛ لە شاری ترایر کە دەکەوێتە خوارووی ڕۆژئاوای ئەڵمانیا لە ٥ی مانگی مەی ١٨١٨ لە دایک بووە، و ١٧ی ساڵی سەرەتای تەمەنی لەو شارەدا بەسەربردووە.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٩ی مارس، کۆمەڵێک چرای پەڕینەوەی تازە لە شارەکە بینران بە ڕەنگی سەوز و سوور و وێنەی مارکس یان لەسەر بوو. سەرۆکی شارەوانی ئەو شارە (ولفرام لیب) گوتی؛ ترایر بەڕەنگی مارکس دەردەکەوێت، ولەچەند هەفتەی داهاتوودا، کۆمەڵێکی دیکە لە چرای پەڕینەوە لە نزیک ماڵی مارکس کە سەردەمی منداڵی تێدا بەسەربردووە دادەنرێت، لەگەڵ مۆزەخانەیەک، ئەمە بەپێی لاپەڕەی فەرمی Trier.de کە بەزمانی ئەڵمانی دەردەچێت. ساڵیادی ٢٠٠ساڵەی لەدایکبوونی مارکس گفتوگۆ و دەمەتەقێی زۆری هێناوەتە ئاراوە لەو شارەدا، ئەمەش دوای ئەوەی ئەنجوومەنی شارەوانی

ترایر ساڵی پار دەنگیدا بە قبوڵکردنی دروستکردنی پەیکەرێک لە برونز بۆ فەیلەسوفی گەورە لە حکومەتی چینی. وابڕیارە کە پەیکەرەکە لە مانگی مەی داهاتوو دابنرێت.



ڕەخنەگرانی بۆرژوازی دەڵێن؛ ڕێزگرتن لە مارکس، ئەو کارەساتانە پشتگوێدەخات کە لەژێر سایەی ئایدۆلۆجیەتی کۆمۆنیستی سەدەی ڕابردوو ڕوویانداوە.

ئامادەکردنی ئاراس ڕەشید

## بەرزو بەرێزە یادی گیان بەختکردوانی بزوتنەوەی شورایی لە کوردستان...



# دوا وتە

## دوای ٢٧ ساڵ بەسەر ئاوارەییدا... ژینگەی خەڵکی کوردستان ئاوارەییە!

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود



٣١ نیسانی ئەمساڵ ٢٧ ساڵ بەسەر ئاوارەیی ملیۆنی خەڵکی کوردستاندا دەگوزەرێ... ئاوارەییەک کە زوربەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان، لەبەرامبەر بە گەرانەوەی سوپای شکستخواردو و وە داهێزراو لاوازی عێراقدا ناچار بە جێهیشتنی شوێنی ژیانیان بوون و ڕێگای سنورەکانی ئێران و تورکیایان گرتەبەر... لەم ئاوارەیە بەکۆمەڵەدا، بەر لە خەڵکی بێ چەک و هاوڵاتیانی ترساو لە درندەیی بەعس، هێزە چەکدارەکان و حزبەکانیان و سەرکردە دەم گەرم و فەرماندە وەکو شێر ئازاکانیان، بەر لەخەڵکی کەوتنە راکردن و بارەگاو شوێنەکانیان چۆڵکرد. ئەوەی کە بەرگری کرد، بەو توانایە سنورداردەی هەی بوو، بەشێک لە پێشمەرگەی دابراو و کۆمۆنیستەکان و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی شورایی بوون، کە بەداخەوە لەو روبەرووبوونەوە نابەرابەرەدا، ژمارەکیان لە هەولێر و سلێمانی گیانیان لەدەستدا.

ئەوەی کە وای کرد خەڵکی کوردستان لەگەڵ بیستنی هەواڵی گەرانەوەی سوپای بەعسدا، پێشبرکێی خۆدەربازکردن بکەن و رابکەن... بە جیا لە مێژووی درندەیی بەعس و بە جیا لە بودەڵەیی و هیچ لەباردا نەبوونی حزبە سیاسیەکان و هێزەچەکدارەکانیان، راستەوخۆ پەیوەندی بە راپەرینی خەڵکی کوردستانەوە هەبوو. راپەرینی خەڵکی کوردستان لەساڵی ١٩٩١دا، بەرهەمی خەباتی لە پێشتری خەڵک، بەرهەمی گۆرانی هاوسەنگی هێزی حکومەت و بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لەدژی بەعس بە سودی خەڵکی کوردستان نەبوو. راپەرین حاسڵی نارەزایەتی و کۆبونەوەو مانگرتن و خۆپیشاندانی لە پێشتری خەڵکی و بەرهەمی ئازایەتی و قارەمانیەتی!! و چوونە پێشی بزوتنەوەی سیاسی وچەکداری حزبەکانی کوردستان لەبەرامبەر بە بەعسدا نەبوو، بەڵکو راپەرینی خەڵکی کوردستان بەرهەمی هەلومەرجی جەنگ و ملهوری ئەمریکا و خۆبەستنەوەی حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی و کورستانی بە جەنگی کۆنەپەرستانەی ئەمریکاو غەربەوە بوو... خەڵکی عێراق و کوردستان، بەهۆی نەبوونی حزبی سیاسی چەپ و کۆمۆنیست و تەنانەت حزبی پیشکەوتنخواز و شۆڕشگێرەوە، بە ناچار خەون و خولیاکانی خۆیان بۆ ئازادی لەدەست بەعس، گرێدا بە ئاسۆی کۆنەپەرستانەی حزبە بۆرژوازییە کۆنەپەرستە قەومی و دینی و تایفیەکانی هەڵکورماو لەبەردەم کۆشکی سپیدا... و لەو فرسەتەدا کە هێزی سوپای عێراق لە جەنگ شکا... سەرەتا لەخوارو ناوەراستی عێراق و پاشان لە کوردستاندا، جەماوەری تورە و برسیکروا و ژێر ستەمی دەیانە ساڵەی درندەیی بەعسدا راپەرین و بەشێکی زۆری کوردستانیش لە دەسەڵاتی بەعس پاککرانەوە... بەڵێ بەو هۆیە زۆر سادەیەوە، کە راپەرین، ئاکامی نەخشەو پلانی شۆرشگێرانە و بزوتنەوەی جەماوەری شاری لە پێشتری خەڵک نەبوو، وە لە ئاکامی ململانێی بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی کوردستان، لەگەڵ بەعس و تیکچوونی پارسەنگی هێز بە قازانجی خەڵکی نەبوو، هەر بۆیە هیچ ئامادەیەکی سیاسی و چەکداری و جەماوەری بۆئەگەری هەر رووبەرووبونەوەیەکی دواتر لە ئارادا نەبوو... حزبەکان خۆیان بە ئەمریکاو غەربەوە گرێدابوو، ئاسۆی سیاسی و سترایژی خۆیان بەسەر تورەیی خەڵکی کوردستاندا زاڵ کردبوو... خەڵکی کوردستان لەناو ئەو هەل و مەرجە

بۆ لاپەرە ١١